

**پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف:**

## ئیخوان موسلیمین موسڵمانانی بەسەر حزبدا دابەش کردووە و زیانی بە ئوممەتی ئیسلامی گەیاندووە نەک خودی ئایینەکە


# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

سـاڵی سـی و یەکـــەم (١٤٢٦)- (١٩)ی ئـابـــی ٢٠٢٤




**د.نەبیل جەعفەر مەرسومی**
**ئابووریناسی عێراقی :**

دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە میکانیزمی زانستی و تەکنیکی هەیە، نەک بکرێتە پرسێکی سیاسیی ئاڵۆز

عێراق لە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتدا سەرکەوتوو نەبووە و هەتا ئێستاش تەنیا پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەستێت

# لە عێراقدا ئەقڵانییەت و حوکمڕانیی باش بوونی نییە، بۆیە ناتوانرێت بە داهاتی نەوت ژێرخانەکانی دەوڵەت بونیاد بنرێتەوە






# پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆک بووش ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٧



ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، سەرۆک بووش بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. دکتۆر ئەحمەد فەرهادی دیلماج (وەرگێڕ) بوو. لە پەیوەندییەکەدا سەرۆک بووش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

بووش: های مای فرێند، چۆنی؟ زۆر سوپاس کە وەڵامی تەلەفۆنەکەمت دایەوە.

مەسعود بارزانی: زۆر سوپاس جەنابی سەرۆک، باشم، هیوادارم جەنابیشت باش بیت، سوپاس بۆ پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەتان، ڕێز و سۆزتان هەیە.

بووش: من لەگەڵ کەسێک قسە دەکەم کە ڕێزێکی زۆرم بۆی هەیە و لە عێراقدا لە هەموو کەس بەهێزتر و کاریگەرترە، ئەمە ڕاستییە و هاوپەیمانی ئێمەیە، ئێوە نوێنەرایەتیی دیموکراتی دەکەن، ئێوە هاوپەیمانی ئێمەن و گرنگن بۆ ئێمە. نیگرۆپۆنتی یەکێکە لە نزیکترین هاوکارانمان و دێتە لاتان، سوپاستان دەکەم پێشوازیی لێ دەکەیت. دوو بابەت هەیە لەگەڵتان باس بکات: یەکێکیان بابەتی پەکەکەیە، کە ئێمە زۆر بە وردی چاودێری دەکەین، تورکیا زۆر هەستیار و ئیستفزاز دەبێت بە بابەتەکە کە بابەتێکی گەورەیە، حەز دەکەم بەوردی لەگەڵتان باس بکات.

بابەتی تر، دۆستی خۆشەویستم، بابەتی نەوت و غازە. زۆر سوپاستان دەکەم کە لەو ماوەیەدا کاری باشتان کردووە و پێشکەوتنی بەرچاو لەم بارەیەوە هاتووەتە دی. ڕێککەوتنی نەوت و غاز بۆ عێراق و ئەمەریکا زۆر گرنگە، وەک بیستوومە زۆر نزیکن لە ڕێککەوتن، باڵیۆزخانەکەمان پێشنیارێکی خستووەتە ڕوو حەز دەکەم جەنابتان هان بدەم بە پێشنیارەکە ڕازی بن، پێویستە بۆ گەلی ئەمەریکای بسەلمێنین کە ئێمە دەتوانین کاری باش و گەورە بکەین، هیوادارم هیممەت بکەن بۆ تەواوکردنی.

دوای قسەکانی، منیش بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆک بۆ ڕێز و خۆشەویستیتان، خۆشحاڵین کە هاوپەیمانی سەرۆکێکی لێهاتووی وەک بەڕێزتان و گەلی ئەمەریکاین. بەر لە ماوەیەک شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کرد و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش خۆی سەردانی کردبوو. ئێمە پێشنیاری باڵیۆزخانەکەتانمان قبووڵ کردووە. ماوەتەوە برادەرانی بەغدا کە ڕا و بۆچوونی خۆیان بدەن و قبووڵی بکەن.

## چاپکراوی نوێ




(خەمەکانی مەخموور کۆمەڵێ وتاری نووسەرانی ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور) ناونیشانی کتێبێکی تازەیە، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (بەختیار پاڵانی)، غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پێشەکی بۆ نووسیوە، لە دووتوێی (٢٥٠) لاپەڕە چاپکراوە و کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، نووسەر لە پێشەکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کتێبە هەڵبژاردەی چەند وتارێکە لە ژمارە (١) ی ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور تاوەکو ژمارە (٥٠) واتا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠١٢ بڵاوکراونەوە، کاتی خۆی لەدوای دەرچوونی ژمارە (٥٠)ی ئەم کتێبە ژمارەی سپاردنی لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ وەرگیرا، بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکانییەت نەتوانرا چاپ بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی وتارەکانی ناو ئەم کتێبە هەمەجۆر و هەمەڕەنگن، زۆربەی بوارەکانی لە ڕووی ئیداری و خزمەتگوزاری و ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی و کەلتووری لەخۆ گرتووە، بەشێك لە وتارەکان بۆ سەردەمی خۆی و لە کاتی خۆی جێگەی باس و بابەتی ڕۆژ بوونە، ئەم کتێبە هەر وەك ئەرشیڤێکیش دەمێنێتەوە.

ناوەرۆکی وتارەکانی ئەم کتێبە گوزارشت لە نووسەرەکانیان دەکات، ڕۆژنامەکانی دەنگی مەخموور بەردەوام هەوڵی داوە ئەو وتار و بابەتانە بڵاوبکاتەوە، کە سوودی بۆ ناوچەکە هەیە بە تایبەت ئەو سەرنج و پێشنیارانەی کە نووسەرانی مەخموور هەیانە لەسەر چۆنێتیی خزمەتکردن بە ناوچەکە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و خستنەڕووی ڕەخنە و بۆچوونەکان.

ئەم کتێبە یەکەمین کتێبە لەسەر مەخموور نووسراوە، بووەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە لەلایەن قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان و خوێندنی باڵا (دکتۆرا و ماستەر) وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بابەت و زانیارییەکانی ناو ڕۆژنامەکان کراوە بە سەرچاوەی زۆرێك لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان.





■ **خاوەن ئیمتیاز**
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ **سەرنووسەر**
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**



**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com



**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


ئیسماعیل مستەفا ڕەشید:



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (٢٤٩) پرۆژە بە بڕی زیاتر لە (٢٠٣) ملیار دینار لە بەردەڕەش و سنوورەکەی جێبەجێ کراون**

دکتۆر حەسەن کاکی :



**ئاستەنگی بەردەم چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ دەستتێوەردان و ئەجندەی دەرەکی دەگەڕێتەوە**

باوڕ عوسمان ئیسماعیل :



**لەو کاتەی سەرۆک بارزانی هەوڵی دەدا کێشەی کوردی باکوور و حکومەتی تورکیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکات، سەرکردەکانی پەکەکە شەڕی خوێناویی خەندەقیان نایەوە**

د. ڕۆبی باریێت :



**رووسیا تووشی شکستێکی سەختی ستراتیژی بووە**

ماهیر مەحموود شوهانی :

**هێزێک هەیە بە نهێنی لەژێر پەردەوە دژایەتیی توندی گەڕانەوەی کوردانی فەیلی دەکات**





شێنێ جەبار:

**بە هۆی نەبوونی سەرچاوە بۆ ناساندنی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی، بڕیارم دا، ئەو ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرم**



سەبریە عەبدوڵڵا:

**شانۆ لای من جوانییەکی تایبەتی هەیە**

**پایسکل و زیرەکیی دەستکرد**



**پێویستە ڕۆژانە چەند چەوری بخۆیت؟**



تافا بەکر :

**بە هیوای ئەوەم هەڵبژاردەی کوردستان دروست ببێت و منیش یەکێک بم لە یاریزانەکانی**



# پاراستنی سەقامگیری و پێکەوەژیان خواست و ئەرکێکی ئایینییە

هەڵکەوتەی کوردستان لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە ئەمە بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتیی ئەم ناوچەیە کە فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی و ئایینزای تێدا بەرجەستە بووە، تەنانەت بەشێکی پێغەمبەران لە سەر ئەم زەمینە نیشتەجێ بوون، ئەمەش دیسان بە دیوە مێژووییەکەیدا یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی نهێنیی ئەم ئایینانە لە کوردستاندا.

لەبەر پێویستیی بەرجەستەبوونی پێکەوەژیان، ئایینی پیرۆزی ئیسلامی ڕێسا و بنەمای گرنگی لەو بارەوە داناوە و هانی پەیڕەوانی دەدات لەو بارەوە بە ئاگا و هۆشیار بن، بەو پێیەی دداننان بە ماف و ئازادی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان و خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینزا و نەتەوەکان، بنەمایەکی گرنگە بۆ ئەو پێکەوەژیانەی شەریعەت ئامانجیەتی لە ناو کۆمەڵگەدا بێتەدی.

ئیسلام بایەخێکی زۆری بۆ مرۆڤ و ئەرك و بەرپرسیارێتیی سەر شانی داناوە، ئەمەش وا دەکات وەك ئایینێکی گشتگیر و جیهانی هەموو پەیڕەوانی لەسەر هەنگاوی چاکە و هەڵسوکەوتی جوان ڕابهێنێت، بەتایبەت لە کاتی هەبوونی ئاریشە و پێشهاتی نەخوازراودا.

وەك دیارە خودای گەورە پێغەمبەر محەمەدی (دروودی خوای لەسەر بێت) وەکو کۆتا پێغەمبەر ڕەوانە کردووە، وەك ڕەحمەتێك بۆ تەواوی جیهانیان مەنهەج و ڕێبازێکی تەواوی پێداوە، بۆ ژیان لە هەموو کات و سات و شوێنێك، هەروەها ڕێبازێکە ڕەحمەتە بۆ تەواوی دروستکراوەکانی خودای گەورە. دینی ئیسلام چەند بنەمایەکی گشتی و جیهانیی داناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەر زەمین و پاراستنی سەقامگیریی ژیانی خەڵکی، چونکە ئەسڵ لە جێنیشنبوونی مرۆڤ لە سەر زەوی بۆ ئاوەدانی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتنە لە یەکتری، وەك خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ هود: ٦١. واتە: ئەو بەرپای کردوون لە زەویدا و داوای لێ کردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە.

تێڕوانینی ئیسلام بۆ پێکەوەژیان تێڕوانینێکی فرە مەزنە بۆ مرۆڤایەتی و بایەخێکی زۆری داوە بە پێکەوەژیان و لەیەکگەیشتنی پێکهاتە ئایینی و نەژادییەکان. پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هەمووانی لەژێر ئاڵاو بەیداخی ئیسلام کۆکردووەتەوە. ئیسلام بڕیاری داوە هەموو مرۆڤەکان یەك سەرچاوە و یەك بنچینەی نەژادیان هەیە، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ، وخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا ونِسَاءً﴾ النساء: ١، واتە: ئەی خەڵکینە لە خەشم و نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستووەتەوە و بڵاوی کردەوە.

ئیسلام وەك ئایینێکی واقیعی ڕێزی بۆ مرۆڤ داناوە و پارێزگاریکردن لەو پێگە و ڕێزەش بە گرنگ و ئەرك دەزانێت، نەك سنووربەزاندن بەرانبەر یەکتری و هێرشکرن بۆیە بڕیاری ڕاجیایی وەك سوننەتی ژیان داناوە، هەروەك دەفەرموێ: وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ هود: ١١٨. واتە: خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکەی دەکرد بە یەك تاقم و کۆمەڵ، بەڵام بەردەوامیش ئەو خەڵکە لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا جیاوازن لە یەکتر.

ئایینی ئیسلام بەزۆرکردنە موسڵمان و گۆڕینی ئایینی بە زۆرەملێی قەدەغە کردووە، هەروەك دەفەرموێ: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ﴾ البقرە: ٢٥٦. لە دوای ئەوەی ڕاجیایی کردووەت ە بنەمای یەکترناسی، تەقوای کردووەتە پێوەری باشترینەکان لای خۆی، هەروەك دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات: ١٣

ئەمە جیهانبینیی ئیسلام لە پرسی پێکەوەژیان نیشان دەدا، کە نەتەوەکانی وەك خۆیان قەبووڵە و خەڵکیش لەوە هۆشیاریان دەکاتەوە کە ئەو دابەشبوونە



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

ویستی خوایە و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و بکرێتە هۆکاری دەستەوایی‌کردنی یەکتر و لێك نزیکبوونەوەی دۆستانە و پاڵپشتیکردنی یەکتر و بەرجەستەکردنی بە یەکەوە ژیان، جیا لەمە پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانی دیکەی قەدەغە کردووە، تاوەکو سەرپێچیکار لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و سەرکۆنە بکرێت لە بەرانبەر سەرپێچیەکانی، ئەمەش موسڵمان و غەیرە موسڵمان دەگرێتەوە بێ جیاوازی، بۆیە هەمووان لە ژێر چەتری ئەم ئازادی و مافانەدا ژیانیان بەسەر بردووە و تا ئەو کاتەی ئیسلام هێزی هەبووە، سەر و ماڵ و ئایین و خانەوادە و نامووسیان پارێزراو بووە.

سەبارەت بە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات، لە دوای ئەوەی ئایینی ئیسلام بڕیاری پێکەوەژیانی دا چەند بنەما و شتێکی گشتیی دانا بۆ پاراستنی سەقامگیریی تەواوی لایەنەکانی ژینی هەموان، لەو بنەمایانە:

یەکەم: چاکەکاری بەرپا بکرێت لەگەڵ پەیڕەوانی هەر ئایینێك و کار بە بنەمای دادپەروەری بکرێت، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنه: ٨. واتە: دڵنیاش بن کە خودا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردوون و دژایەتیی ئایینیان نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردوون، چونکە بە ڕاستی خودا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

دووەم: بانگەوازی ئایین بە شێوەی دانایی و لێهاتوویی و مامەڵەکردن بە شێوازی چاکترین، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل: ١٢٥. واتە: ئەی پێغەمبەر بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك) و ئامۆژگاریی جوان و بەجێ (بۆ هەندێکی دیکە) و گفتوگۆ و موجادەلە بە جوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی دیکەدا بەتایبەتی خاوەن کتێبەکان)، چونکە بە ڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە، کە کێ گومڕایە، هەروەها هەر خۆیشی زانایە بە هیدایەت وەرگران.

سێیەم: گاڵتە نەکردن بە پیرۆزییەکانیان: ﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ الأنعام: ١٠٨. واتە: ئەی ئیمانداران نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (نەفامان) هاواری بۆ دەکەن و بێجگە لەخودا دەیپەرستن، نەوەکو ئەوانیش بە ناحەق و بە نەفامی جوێن بدەن بە خودا، چونکە ئەوانە نایناسن و قەدری نازانن، ئا بەو شێوەیە ئێمە بۆ هەر گەل و ئوممەتێك کردەوەکەیانمان ڕازاندووەتەوە، لەمەودوا گەڕانەوەیان هەر بۆ لای پەروەردگاریانە، ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد.

چوارەم: وازهێنان لە وشەی نەشیاو و جوێن، خۆشەویستمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (ليس المُؤمِنُ بالطَّعَّانِ ولا اللَّعَّانِ ولا الفاحِش ولا البَذيءِ) ڕواه الترمذي.

پێنجەم: دوورکەوتنەوە لە گشتگیریکردنی تۆمەت بەخشینەوە بۆ تەواوی پەیڕەوانی ئایین، یان نەتەوەیەك، بەهۆی بێڕێزیی کەسێکەوە بەرانبەر بە ئیسلام، چونکە هەر کەسێك لەسەر تاوانی خۆی دادگایی دەکرێت، ناکرێت هەمووان تۆمەتبار بکرێن، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ﴾ فاطر: ١٨. واتە: هیچ گوناهبارێکیشس گوناهی کەسانی دیکە هەڵناگرێت.

کەواتە بە کورتی، کوردستان لە دێرزەمانەوە لانکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بووە و هیچ کات گرفتی ئەوتۆ نەهاتووەتە پێش کە کاریگەریی لەسەر ڕیزەکانی میللەت کردبێت، یان پشێویی نابێتەوە، ئەرکە ئێستاش هەمووان بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی پاراستنی ئەو سەروەرییە بدەین و ڕێگە نەدەین دوژمنان درز بخەنە نێو ماڵی کوردستانەوە.




**پ.د.نەبیل جەعفەر مەرسومی**
توێژەر و شارەزای ئابووری لە زانکۆی بەسرە بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا حوکمڕانیی باش و ئەقڵانییەت بوونی نییە، بۆیە ناتوانرێت بە داهاتی نەوت ژێرخانەکانی دەوڵەت بونیاد بنرێنەوە

## لە پێنج ساڵی داهاتوودا ڕەنگە هەموو داهاتی وڵات بەشی مووچە و خانەنشین و چاودێریی کۆمەڵایەتی نەکات

## بوونی زیاتر لە یەک ملیۆن کرێکاری بیانی و بێسەروبەری کەرتی تایبەت زیانی گەورەی گەیاندووە بە دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان

## ڕێککەوتنی سێ قۆڵیی نێوان هەرێم و ناوەند و کۆمپانیاکانی بواری نەوت چارەسەری کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەکات

**پرۆفیسۆر دکتۆر نەبیل جەعفەر مەرسومی، مامۆستای کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابوورییە لە زانکۆی بەسرا، توێژەر و لێکۆڵەرە لە بواری زانستی ئابووری و وزە و نەوت، لە کەناڵە عێراقی و عەرەبییەکاندا بەوە ناسراوە، خاوەن دیدگا و بۆچوونی تایبەتە و دوور لە بەرژەوەندیی حزبی و ئایدیۆلۆژیای تەسك بیروڕاکانی خۆی دەخاتەڕوو. مەرسومی خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی (ئابووریی عێراق لە دوای ڕووخان، گرنگیی نەوت و ئابووری و وزە، مێژووی ئابووریی عێراق، ستراتیژیەتی پلاندانان، نەوت و غاز و دەیان پەرتووکی دیکە). سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری عێراق و پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێم و پێشبینی و پێشهاتەکانی بۆ دوارۆژی ئابووریی عێراق، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەکرێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، بۆچی ئەم دەوڵەتەی عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە نەیتوانیوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی شکستخواردووی هەژار و پڕ لە کێشەکێش دەربازی بێت، لە کاتێکدا عێراق دەوڵەمەندە بە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی؟**

- عێراق وڵاتی دوای شەڕ و جەنگەماڵوێرانکەرەکانە، شوێنەوارەکانی ئەم جەنگانە بەسەر سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتەوە دیارە. لە دوای ٢٠٠٣ و دامەزراندنی ئەوەی پێی دەوترێت عێراقی نوێ، نەتوانراوە شوێنەوارەکانی شەڕە ماڵوێرانکەرەکان تێپەڕێنێت و ڕوو لە دامەزرانی دامەزراوەکان و بونیادنانەوەی وڵاتەکە بکرێت، بەتایبەتی شەڕی داعش کە زۆر بە خراپی کاریگەریی لەسەر عێراق بەجێهێشت و نەزیفێکی دارایی و ئابووریی قووڵی لێکەوتەوە. بونیادنانەوەی ئەم کاولکارییەش داهات و داراییەکی زۆری پێویست بوو، لەمەش خراپتر لەم عێراقە سیاسەتێکی ئابووریی ڕوون و دیاریکراومان نییە. واتە دەستەبژێری

**دەستەبژێری سیاسەتمەدارانی عێراق خاوەنی پلانێکی ستراتیژیی پەرەپێدان و دیدگایەکی ڕوون نین**

**بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە یەکگرتوویی و کۆدەنگی و سیاسەت و دیدگایەکی زانستییانەی ڕوون هەیە، تاوەکو دەسەڵاتێکی عەقڵانیی بوێر بتوانێت بڕیارە جددی و قورسەکان دەر بکات**

**لە کۆی ئەم داهاتە گەورەیەی فرۆشتنی نەوت تەنیا لە ١٠ تا ١٥٪ی لە وەبەرهێناندا خەرج دەکرێت و زۆرترینی ئەم داهاتە لە بواری مووچە و بودجەی بەکارخستن بەفیڕۆ دەچێت**

سیاسەتمەدارانی عێراق خاوەنی پلانێکی ستراتیژیی پەرەپێدان و دیدگایەکی ڕوون نین، بەمەش لە عێراقدا مەرجی سەرەکی بۆ بوونی حوکمڕانییەکی باش و عەقڵانی بوونی نییە، تاوەکو ژێرخانی ئابوورییەکەی بونیاد بنرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتداری لە عێراقدا لە نێوان سێ دەسەڵاتی سەرەکی پەرش و بڵاو بووەتەوە، ئەویش دەسەڵاتەکانی (عەشیرەتگەرایی، حزبەکان، دەوڵەت)ە. ئەم دەسەڵاتانە ناتوانن ڕۆڵیان لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەدا هەبێت، لە کاتێکدا بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە یەکگرتوویی و کۆدەنگیی و سیاسەت و دیدگایەکی زانستییانەی ڕوون هەیە، تاوەکو دەسەڵاتێکی عەقڵانیی بوێر بتوانێت بڕیارە جددی و قورسەکان دەر بکات، بەداخەوە لە ئێستادا ئەمە بوونی نییە لە عێراقدا ئەویش بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارن، لەوانە:

١- نەبوونی یەک بڕیاری و یەک گوتاریی ئابووری.

٢- شێوازی ناڕوون و خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری، کە بە هۆیەوە نەتوانراوە داهاتێکی زەبەلاحی فرۆشتنی نەوت لە وەبەرهێنانێکدا خەرج بکرێت، کە بەرهەمهێن بێت. ئەوەتا لە کۆی ئەم داهاتە گەورەیەی فرۆشتنی نەوت تەنیا لە ١٠ تا ١٥٪ی لە وەبەرهێناندا خەرج دەکرێت و زۆرترینی ئەم داهاتە لە بواری مووچە و بودجەی بەکارخستن بەفیڕۆ دەچێت، لە کاتێکدا عێراق دووەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنە لەناو وڵاتانی ئۆپێک و پێنجەم وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتیشە لەجیهاندا.

٣- ڕیزبەندی بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان نییە و ئەو داهات و پارەیەی لە عێراقدا خەرج دەکرێت، نە ئەدای کەرتی بەرهەمهێنانی پێ بەرز دەکرێتەوە، نە بە شێوەیەکی عەقڵانی خەرج دەکرێت. بۆیە دواجار بودجە و داهات و خەرجییەکان لە توانایاندا نییە بەرهەمهێنانی نوێ دابمەزرێنن، یان هیچ نەبێت لە بونیادنانی ژێرخان و گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزاریدا خەرج بکرێت.

هەموو ئەمانە و کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش کە لێرەدا بوار نییە هەمووی باس بکەین، وای کردووە عێراق زۆربەی هەر زۆری داهاتەکانی بۆ هێنانی کاڵا و ئەو کەلوپەل و خۆراکانە خەرج بکات، کە خۆی دەیتوانی لە نێوخۆی وڵاتەکەماندا بەرهەمی بهێنێت، کەچی لە بازاڕەکانی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان هاوردەی دەکات. لەبەر ئەم هۆکارانەیە تاکو ئەمڕۆ هیچ بنەمایەکی ئابوورییانە بۆ هەڵسانەوە و بووژانەوەی کەرتی بەرهەمهێنان نییە، ئەمەش هەمووی بۆ خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری لەلایەن سیاسەتمەدارە دەستڕۆیشتووەکانەوە دەگەڕێتەوە.

*** لەگەڵ ئەوەی لە عێراق ئابووری بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوەدەبرێت، ئەمەش وەکو ئاماژەت پێدا، بۆ کێشەی سیاسی و سیاسەتمەدارەکان دەگەڕێتەوە، ئایا ئەگەر ئەم خراپ بەڕێوەبردنەی ئابووری لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەکان بەردەوام بێت، بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراق بە کوێ دەگات؟**

- بە ئاشکرا و ڕوونی دیارە کە سیاسەتمەدارانی عێراق پڕۆژەیەکی پەرەپێدانی نیشتمانییان نییە، کە هەڵقوڵاوی دیدگا و ستراتیژیەتێکی نوێ بێت، تاوەکو بتوانێت بنەمای بەرهەمهێنان بونیاد بنێتەوە، هەر هیچ نەبێت لە قۆناغی یەکەمدا پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆی عێراق پڕ بکاتەوە. ئەوان تەنیا ڕوویان لە دەرهێنان و ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی نەوت کردووە، بە شێوەیەک ئابووری و جووڵەی بازاڕەکانی نێوخۆی عێراق تەنیا پشتی بە دابینکردنی بودجە و مووچە و پێداویستییەکانی دیکە بەستووە، لەو پترۆدۆلارەی کە لە فرۆشتنی نەوتەکەیەوە دەستی دەکەوێت، ئەمەش کەموکورتییەکی گەورەیە، کاتێک ٩٠٪ی داهاتی وڵات تەنیا لە سێکتەرێکی وەکو نەوت دابین بکەن و ئەو ١٠٪ی دیکەشی هەر بەستراوەتەوە بە کەرتی نەوتەوە، ئەو نەوتەی بەهاکەی هەرگیز جێگیر نییە و بەستراوەتەوە بە بارودۆخە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە. لەلایەکی دیکەوە عێراق خاوەنی سندوقێکی سیادی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی کێشە و گرفتە دارایی و ئابوورییەکانی بێتەوە. بۆیە بەڵێ، بابەتەکە سەرەتا سیاسییە و دەتوانین بڵێین خراپیی دۆخی ئابووری و دارایی عێراق بۆ پرسێکی سیاسی ئابووری دەگەڕێتەوە. خۆ ئەگەر ئەم بارودۆخە هەڵەیە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا دەرئەنجامەکە و پێشبینییەکانی بۆ

ئێمەی ئابووریناسان زۆر قورس نییە، بەوەی بەم شێوازە بەڕێوەبردنەی وڵات تا دێت خەرجییەکانی عێراق زیاد دەکات و تەنانەت بە مانەوەی داهاتی گشتیی وڵات بە هۆی بەرزیی بەهای نەوتەوە، ئەویش بە هۆی ئەم زیادەی خەرجییە ڕوو لە کەمی دەکات و قەرزە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراق ڕوو لە هەڵکشان دەکات. کۆتا جار لە پێنج ساڵی داهاتوودا ڕەنگە هەموو داهاتی وڵات بەشی مووچە و خانەنشین و چاودێری کۆمەڵایەتی نەکات، ئەم نیشانە مەترسییە دارایی و قەیرانە داراییە وردە وردە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کە ماوەی ساڵێکە کورتهێنانی دووەمی بودجە دەستی پێکردووە. هەر خۆی لەخۆیدا ئەو دەوڵەتەی تەنیا پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت ببەستێت، بەردەوام نەک تەنیا بودجەکەی کورتهێنانی تووش دەبێت، بەڵکو بودجەکەی بە ناجێگری دەمێنێتەوە. ئەوەتا کورتهێنانەکەی بودجەی لە کورتهێنانی پلاندانانەوە بووەتە کورتهێنانی گشتی، ڕاستە داهاتی نەوتی عێراق بۆ زیاتر لە ١٦ ترلیۆن دینار زیادی کردووە و، ئەم بڕە داهاتەش بۆ پارەدارکردنی کورتهێنانی بودجە باشە، کە لەسەر بنەمای ٣,٥ هەزار بەرمیل نەوتە، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی ٨٣ دۆلار لەبری ٧٠ دۆلارە، دانانی بودجە لەسەر بنەمای ئەو نرخە بەرزەی نەوت پڕە لە مەترسی، چونکە لەلایەک نرخی نەوت جێگیر نییە و لەلایەکی دیکەوە بڕیارەکانی ئۆپێک پلەس ڕێ نادات ئەو بڕە هەناردە بکرێت، بۆیە ئەو نرخەی دانراوە زۆر بەرزە و بودجەیەکە ناواقیعییانە خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە گەشبینانە دەردەکەوێت، بەڵام ئامانجەکانیش ناپێکێت، بەتایبەتی ئەگەر گرفتی خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری حیساب بکەین.

*** هەمووان دەزانن تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کورتهێنانە و خۆئامادەکردن بۆ ئەگەری داشکانی بەهای نەوت، هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابوورییە، ئایا عێراق ئەم هەنگاوەی هەڵگرتووە؟**

- بەداخەوە لە ڕووی پراکتیکییەوە تا ئەم دەمە عێراق نەیتوانیوە ئاستی پشتبەستن بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی کەم بکاتەوە. وەکو ئاماژەم پێکرد داهاتەکەی خراپ بەکار دەهێنێت و گرنگی نەک بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی نەداوە، تەنانەت لە پیشەسازیی نەوتی و پترۆکیمیایی پەراوێزخستنێکی گەورەی پێوە دیارە و لە ئاستێکی زۆر نزم و لاوازدایە. پیشەسازیی نەوتی و پاڵاوتگەکانی عێراق کۆن و ماندوون و زیاتر نەوتی ڕەش بەرهەم دەهێنن، بۆیە عێراق ساڵانە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار بە هاوردەکردنی بەنزین و سووتەمەنی و وەرگیراوەکانی دیکەی نەوت خەرج دەکات. ساڵ لە دوای ساڵیش ئەم پێداویستی و بڕە خەرجییە زیاتر دەبێت، بەمەش عێراق شکستی هێناوە بەوەی ئاستی پیشەسازی نەوتی و پاڵاوتگەکانی فراوان و نوێ بکاتەوە. تەنانەت لە توانایدا نییە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکاتەوە، ئەمەش بۆ پشتبەستن بە کۆمەڵێك کۆمپانیای لاواز دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کۆمپانیاکانی وڵاتی چین، هەر بۆیە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق جێگیرە لە نێوان ٤ -٤,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و زیاد ناکات، لەلایەکی دیکەوە هەنگاوەکانی بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری و ئاراستەکردنی ئەو داهاتە زەبەلاحەی کە بە هۆی بەرزیی بەهای نەوت دەستی کەوتووە، بەرەو کەرتەکانی دیکەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری ئاراستە نەکردووە، تەنانەت پیشەسازیی نەوت زیانێکی گەورەی ئابوورییە و بەردەوام دەیخاتە بەردەم ئەگەری داشکانی بەهای نەوت و کەوتنەوەی قەیرانێکی جەرگبڕی دارایی و ئابوورییەوە. بڕیاربەدەستانی عێراق تەنانەت لە کەرتی وەبەرهێنانیشدا لەو کەرتانە داهات و بودجە خەرج دەکەن کە بەرهەمهێن نین و لە ڕیزبەندی پێشەوەی هەڵسانەوەی ئابووری نییە و گرنگییەکی لاوەکییان هەیە. لە کاتێکدا عێراق خاوەنی کارگەی گەورە و ستراتیژیی گەورە بووە، کەچی لە ٢٠٠٣وە لە کار کەوتوون و ئامێرەکانی کۆن بوون و توانای کارپێکردنەوەمان نییە و نەمانتوانیوە هەلی باش و ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرمایەدار و بزنێسکارانی ناوخۆ و دەرەکی بڕەخسێنین و پاڵپشتیی دارایی و هاوکاری و کارئاسانی وایان پێشکەش بکەین، کە بە لانی کەم لە قۆناغی یەکەمدا توانای کێبڕکێی بەرهەمە لاوازەکانی وڵاتانی ناوچەکەیان هەبێت.

**سیاسەتمەدارانی عێراق پرۆژەیەکی پەرەپێدانی نیشتمانییان نییە، کە هەڵقووڵاوی دیدگا و ستراتیژیەتێکی نوێ بێت، تاوەکو بتوانێت بنەمای بەرهەمهێنان بونیاد بنێتەوە**

**عێراق خاوەنی سندوقێکی سیادی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی کێشە و گرفتە دارایی و ئابوورییەکانی بێتەوە**

**ئەو دەوڵەتەی تەنیا پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت ببەستێت، بەردەوام نەک تەنیا بودجەکەی کورتهێنانی تووش دەبێت، بەڵکو بودجەکەی بە ناجێگری دەمێنێتەوە**

**عێراق ساڵانە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار بە هاوردەکردنی بەنزین و سووتەمەنی و وەرگیراوەکانی دیکەی نەوت خەرج دەکات. ساڵ لە دوای ساڵیش ئەم پێداویستی و برە خەرجییە زیاتر دەبێت**

*** سەبارەت بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لە خراپترین دۆخیدا پێش بڕیارەکەی دادگای پاریس و ڕاگرتنی فرۆشتنی، کە ڕۆژانە ٤٠٠-٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، ئایا شوێنەوارەکانی ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی دارایی و ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنی ئەم نەوتە لە ڕێگەی بۆریی نەوتی جەیهانی تورکیاوە بۆ زیاتر لە ساڵ و نیوێکە زیانی بە بارودۆخی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستانیش گەیاندووە، بەتایبەتی کە بەغدا مولزەمە بەردەوام مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەمەش کەلێنی کورتهێنانی بودجەکەی گەورەتر دەبێت، پێشتر ڕۆژانە بە داشکانی بەهای ٢٥٠ هەزار نەوتی هەرێمی کوردستان لە پشکی هەرێم لە بودجەکە بڕە پارەیەکی باش بۆ بەغدا دەگەڕایەوە، لە ئێستادا دەبێت مانگانە تەمویلی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بکەن و هەرێمیش ناتوانێت نەوتەکەی هەناردە بکاتەوە و بەغداش زیانی دارایی گەورەی بەردەکەوێت. چارەسەری ئەم بارودۆخە و دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەوەندە پێویستی بە عەقڵییەتی ژیرانە و زانستی و تەکنیکی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی سیاسی نییە. هەر چەندە من پێم وایە کێشە بنەڕەتییەکە لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ هێشتا دەمێنێت، ئەگەر بە شێوەی جددی و تەکنیکی چارەسەر نەکرێت، نەوەکو بە مەبەستی سیاسی. لە ئێستادا گرفتەکە لە چوارچێوەی هەناردەی نەوت و سرووشتی کێڵگە نەوتییەکان و ئەو گرێبەستانەوە دێت کە هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژوویان کردووە. لەم قۆناغەدا لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق تەنیا ڕێککەوتنێکی سیاسی هەیە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی دۆخی سیاسی و گرژییەکان قابیل بە هەڵوەشانەوەیە، بۆیە پێویستە شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا بە شێوەی هونەری بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی کۆتایی دانوستاندن بکات، بەتایبەتی لە دوو بواری سەرەکی (ئەو لایەنەی هەناردەی نەوت دەکات، چۆنیەتیی دەستکەوتنی داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت، گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان) کە تەنیا بە ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵی و کۆمپانیا نەوتییەکان جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بکرێت و هەمواری ئەو ڕێککەوتنانە بکرێتەوە کە ڕەچاوی خواست و ویستەکانی ناوەندیش کرابێت.



*** لە چەند دیدارێکدا هێرشی توندت کردە سەر لاوازیی ئەدای حکومەت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان، ئەمەشت بە کەموکورتییەکی گەورە داناوە، وەکو شارەزایەکی ئابووری چۆن دەڕوانیتە بازاڕی کار لە عێراقدا؟**

- کاتێک تۆ ئەمە بارودۆخەکەت بێت و کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پیشەسازیی نەوتی و گەشتیاریت پەکی کەوتبێت، چۆن دەتوانیت هەلی کار بۆ گەنجەکان بدۆزیتەوە؟ ئەو هەلە کارە سنووردارەی لە ناوخۆ و بازاڕەکانیش هەیە لەلایەن دەستی کاری بیانی و بێسەروبەری هاتنی دەستی کاری بیانی لە دەست گەنجەکانمان چووە. بوونی زیاتر لە یەك ملیۆن کرێکاری بیانی و بێسەروبەری لە بەگەڕخستنی دەستی کاری گەنجەکانمان لەناو کەرتی تایبەت زیانی گەورەی بە دابینکردنی هەلی کار گەیاندووە. تا گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئابووری و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری نەکەین، ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا بە بەرزی دەمێنێتەوە و ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانمان بە بێکاری دەمێننەوە، یان لەناو بێکارییەکی ڕووپۆشکراودا دادەمەزرێن.

*** پێشبینی و بۆچوونت بۆ دۆخی دارایی و ئابووری عێراق لەساڵی نوێی ٢٠٢٥ چۆنە، بەتایبەتی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە بەڕێوەبردنی ئابووری بەم شێوەیە بێت چارەنووسێکی باش چاوەڕوانمان ناکات؟**

- پێشبینییەکی قورس نییە و بۆ ئێمەی ئابووریناسان کارێکی ئەوەندە ئاستەم نییە لە ئابوورییەکی وادا تێڕوانین و دیدگاکانمان نەخەینەڕوو، یان ڕاست دەرنەچێت. ئابوورییەك کە بە شێوەیەکی ناعەقڵانی و نازانستی لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسی بەڕێوە دەبرێت، بەتایبەتی پشتبەستن بە داهاتی فرۆشتنی نەوتێك کە نرخەکەی لە دەستی عێراقدا نییە، لەلایەکی دیکەوە مەترسیی پووکانەوە و داڕمانی ئابووریی جیهان و ئەگەری هاتنی ترامپ بۆ سەر حوکم لە ئەمریکا کە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و ئەزموونەکانی ڕابردوویدا بەڵێنی داوە نرخی بەنزین لە وڵاتەکەی کەم بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگای داشکانی بەهای نەوتی جیهانییەوە جێبەجێ دەکرێت. داشکانی بەهای بەرمیلێك نەوت کارێکی ناچارییە، چونکە ئاستی گەشەی گەورە ئابوورییەکانی ئەمریکا و چین ڕووی لە داشکان و پووکانەوە کردووە، کە دواجار لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی ترامپ بۆ دەسەڵات خواست لەسەر نەوت کەم دەبێتەوە و نرخی بەرمیلێك نەوت ڕەنگە بۆ ٦٠ دۆلار دابەزێت.

**بوونی زیاتر لە یەک ملیۆن کرێکاری بیانی و بێسەروبەری لە بەگەڕخستنی دەستی کاری گەنجەکانمان لەناو کەرتی تایبەت زیانی گەورەی بە دابینکردنی هەلی کار گەیاندووە**





# چۆن دەرهاویشتە گازییەکان دەگۆڕێن بۆ بازرگانییەکی ملیارەها دۆلاری؟

**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە چوارچێوەی هەوڵە جیهانییەکاندا بۆ دابەزاندنی گەرمیی گۆی زەوی، باڵانسەکانی کاربۆن دەچێتە نێو ئاڵوگۆڕێکی بازرگانییەوە کە بە ملیارەها دۆلار دەخەملێندرێت، بە مەبەستی سنووردانان بۆ کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەرهاویشتە کاربۆنییەکان لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەڵێن هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەیشتن بە (سفر دەرهاویشتن).

بالانسی کاربۆنی چییە؟

باڵانسی کاربۆنی بریتییە لەو ڕێگەپێدانەی کە دەدرێتە کۆمپانیایەك بۆ دەردانی بڕێکی دیاریکراو لە دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و گازە گەرمکارەکانی دیکە، کە بە تۆن ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ نموونە: کۆمپانیایەك ڕێگەی پێ دەدرێت کە بڕی دەرهاویشتەکانی لە گازە گەرمکارەکان ١٠٠ تۆن بێت، ئەگەر لەو بڕە زیاتری خستە هەواوە، پێویستە باڵانسی کاربۆن بکڕێت لە شوێنێکی دیکە. بڕی ئەو پارەیەش کە لەبری باڵانسی کاربۆنە فرۆشراوەکە وەردەگیرێت، پێویستە بخرێتە خزمەتی پڕۆژەکانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن، یان هەمان بڕە کاربۆنەکە کەم دەکرێتەوە لەو کۆمپانیایەی کە باڵانسەکەی کڕیوە.

نموونەی پڕۆژەکانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی وزەی خاوێنیش وەك چاندنی نەمام و چاککردنی زەوی و کشتوکاڵکردنی زیرەك و گلدانەوەی ئاو و هاوشێوەکانیەتی، کە لەلایەن کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکانەوە ئەنجام دەدرێن، دواتریش هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بڕە کاربۆنە دەکرێت کە بەهۆی ئەو پڕۆژانەوە کەم بوونەتەوە، دواتریش لایەنێکی سێیەم ڕاستاندن (تصدیق) بۆ ئەو بڕانە دەکات و ددان بەو پڕۆژانەدا دەنێت لە بواری کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکان و بڕەکانیدا، پاشان کۆمپانیای گەورە دێن و ڕاستەوخۆ ئەو بڕانە لە خاوەن پڕۆژەکان دەکڕن، یان پڕۆژەکەی دیکەیان بۆ پارەدار دەکەن، ئنجا ئەو کۆمپانیا کڕیارانە ئەو باڵانس و بڕانە بەکار دەهێنن بۆ ڕێگەپێدانیان بە بەرهەمهێنانی زیاتر لەوەی پێشتر بۆیان دیاری کراوە، بۆ گەیشتن بە(سفر دەرهاویشتە)و چوونە نێو بازاڕی پابەندبوون.

بازاڕی پابەندبوون چییە؟

بازاڕی پابەندبوون بە باڵانسی کاربۆنەوە بریتییە لە ئەوپەڕی ئەو ڕاددەیەی کە حکومەت دایدەنێت بە ژمارەی چەند تۆن لەو دەرهاویشتانەی کە هەر سیکتەرێك بۆی هەیە بیخاتە هەواوە، بۆ نموونە: کۆمپانیایەك لە بواری نەوتدا کار دەکات، ئەگەر لەو بڕە دەرهاویشتەیە تێپەڕی کرد کە بۆی دیار کراوە، لەسەری پێویستە لەو بڕە، یان باڵانسەی کاربۆن بکڕێت، یان بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدرێت بەرهەمهێنانی بگاتە ئەو ئاستەی دەیەوێت.

قەبارەی بازاڕی باڵانسی کاربۆن چەندە؟

بەپێی دامەزراوەی دارایی ڕیڤینیتیڤ سەرمایەی بازاڕی جیهانیی پابەندبوون بە باڵانسی کاربۆن گەیشتووەتە (٢٦١) ملیار دۆلاری ئەمریکی، کە ئەوەش بەرانبەرە بە (١٠) گێگا تۆن لە دەرهاویشتەی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن وەك لە سایتی (کاربۆن کریدتس)دا هاتووە.

ئەو ڕەخنانە چین کە ئاراستەی بازاڕی باڵانسی کاربۆن دەکرێن؟

ڕەخنەی ژینگەدۆستان لە بازاڕی باڵانسی کاربۆن ئەوەیە کە ئەو پڕۆژانەی گوایە دەرهاویشتە کاربۆنییەکانی پێ کەم دەکرێتەوە، پڕۆژەگەلێکی ئاڵۆز و ناڕوونن، ئەمە جگە لە ناجێگیریی نرخ و تێچووی تۆنێك لە کاربۆن کە لە چەند دۆلارێکەوە دەست پێ دەکات و دەگاتە هەزاران دۆلاریش، وەك (وۆڵ ستریت جۆڕناڵ) ئاماژەی بۆ دەکات. سەرباری ئەوەش کە هێشتا وەبەرهێنەران و جێبەجێکاران و بەکاربەران نەیانتوانیوە دڵنیا بن لە توانا و کاریگەریی ئەو پڕۆژانەی کە گوایە بە کارەکانیان باڵانسی کاربۆن دەهێننە ئاراوە.




**ئیسماعیل مستەفا ڕەشید**

قائیمقامی بەردەڕەش بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (٢٤٩) پڕۆژە بە بڕی زیاتر لە (٢٠٣) ملیار دینار لە بەردەڕەش و سنوورەکەی جێبەجێ کراون

**قەزای بەردەڕەش سەنتەری قەزا و ناحییەکانی (کەلەك و دارەتوو و ڕۆڤیا) و زیاتر لە (١٠٠) گوند لەخۆی دەگرێت. ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە (١٧٠) هەزار کەسە و خەڵك و دانیشتووانەکەی جگە لە فەرمانبەری و بەشدارییان لە هێزی پێشمەرگە و ناوخۆ، بە کاری کشتوکاڵی و مەڕ و ماڵات خەریکن، ساڵانەش هەزاران دۆنم زەوی بە گەنم و جۆ و پەتاتە و جۆرەها سەوزە و میوە دادەچێندرێت. بۆ ئەوەی بزانین لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ کار و پرۆژەیان بۆ کراوە و ئەو کێشە و گرفتانە چین کە لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئیسماعیل مستەفا ڕەشید قائیمقامی قەزای بەردەڕەش ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئایا ئەو پرۆژە گرنگ و ستراتیژییانە چین کە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری بەردەڕەش ئەنجام دراون و کەوتوونەتە خزمەتی هاووڵاتیانی سنوورەکە، بەتایبەتی ئەو پرۆژانە چی بوون کە لە سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ قەزای بەردەڕەش بڕیاری لێدرا؟**

- لەو سەردانە مێژووییەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەزای بەردەڕەش و لەو کاتەش کە سەردانی قەزای ئاکرێی کرد، ئێمە لە کۆبوونەوە و دیدارەکەدا ئامادە بووین، هەرچی بەرنامە و پلان و پرۆژەیەکمان پێشکەش کرد، جەنابیان ڕەزامەندی لەسەر دا و بەشی زۆری لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و کاری ڕۆژانەی هاووڵاتیان هەیە، کەوتوونەتە قۆناغی جێبەجێکردن و بەشێکیان ئێستا لە قۆناغی تەواوبوون و کۆتاییدان، بەتایبەتی پرۆژەکانی ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ کە ئەو پرۆژانە زیاتر لە ٩٧٪ی جێبەجێ کراون. بە شێوەیەکی گشتی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمەوە تا ئێستا (٢٤٩) پرۆژەی جۆراوجۆر لە هەموو سێکتەرەکان لە سەنتەری قەزا و هەرسێ ناحییە و هەموو سنوورەکە جێبەجێ کراون کە لەو پرۆژانەدا هەیانە تەواو بووە و هەیانە لە قۆناغی کۆتاییە کە هەموو پرۆژەکان بڕی زیاتر(٢٠٣) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە. لەو پرۆژانەدا هەیانە ستراتیژییە بۆ نموونە ڕێگای (قەرەناز – دارەتوو-بشیریان) کە ئەو ڕێگایە خزمەتێکی زۆری ئەو گوندانە دەکات کە دەکەونە ئەو سنوورە کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ڕووی ڕێگاوبانە تووشی زەحمەتی زۆربوون، بە هۆی تەواوبوونی ئەو ڕێگایەوە هەموو گوندو ئەو سنوورانەی دەکەونە سەر ئەو ڕێگایە لەو زەحمەتی و بارقورسییەی هاتوچۆ ڕزگاریان بووە کە درێژی ڕێگاکە (٤٦) کیلۆمەترە کە بڕی (٢٠)ملیار دینار بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کرابوو.

لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا لەلایەن شارەوانییەوە بە ڕێگای پارێزگای دهۆك (٢٦) پرۆژەی چاککردن و کۆنکرێتکردن و قیرتاوکردن لە ناو سەنتەری قەزا و ناحیەکانی سنوورەکە بۆ کۆڵان و شەقامە ناوخۆییەکان ئەنجام دراون و نزیکەی (١٧) ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە. هەر لە ڕێگای ئەو پرۆژانەوە زۆرترین گەڕەك و کۆڵانەکانی سەنتەری قەزا و ناو هەر سێ ناحییەکە کێشەکانیان کۆتایی هاتووە، لە بواری ڕێگاوبانەکانی دەرەوەش (٢١) پرۆژەی ڕێگاوبان جێبەجێ کراون کە ئەو پرۆژانە بڕی زیاتر لە (١٣٤) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، هەندێك لە پرۆژەکانیش بە نموونە چاککردنەوەی ڕێگای (ڕۆڤیا – گۆبال) و (قەرەناز – دارەتوو – بشیریان) ستراتیژی بوون، کە ئێستا کەوتوونەتە خزمەتی هاووڵاتیان و ئاسانکاریی تەواوی بۆ فەراهەم کردوون و لەو بودجەیەی بۆ پرۆژەکانی ڕێگاوبان تەرخان کراوە، بەشێکی باشی بۆ تۆڕی گوندەکان و چاککردن و قیرتاوکردنی ڕێگای نێوان گوندەکان و ناحییە و سنوورەکە بەکار هاتووە. بەم هۆیەوە لە ئێستادا تۆڕی

**لە ناحیەی ڕۆڤیا سایلۆیەک بە بڕی نزیکەی (٢٠) ملیار دینار دروست کراوە**

**بە بڕی زیاتر لە (١٤) ملیار دینار بینایەی قوتابخانە دروست کراون و نۆژەن کراونەتەوە**

**(٢٦) پرۆژەی چاککردن و کۆنکرێتکردن و قیرتاوکردن لە ناو سەنتەری قەزا و ناحیەکانی سنوورەکە بۆ کۆڵان و شەقامە ناوخۆییەکان ئەنجام دراون و نزیکەی (١٧) ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە**

**لە بواری پەروەردە (١٠٤) پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام دراون کە بڕی زیاتر لە (١٤) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە**

**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا (٢٣) پرۆژە لە بواری ئاوی خواردنەوەمان بۆ جێبەجێ کراوە**

**بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتە هەر کەسێک بیەوێت، هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی، یان پیشەسازی دابمەزرێنێت، لەلایەن ئێمە و هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە ئاسانکاریی تەواوی بۆ دەکرێت**

**چوار پرۆژەی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە گۆڕین و چاککردنی تۆڕی کارەبا جێبەجێ کراون، کە بڕی زیاتر لە ٧٥٥ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە**

ڕێگاوبانی گوندەکانی سنووری قەزای بەردەڕەش کەمێکی نەبێت، هەر هەمووی تەواو بوون و لە خزمەتی خەڵکەکەدایە، بەڵام هێشتا ئێمە لە سنوورەکە کێشەیەکی زۆر گەورە و بەرچاومان ماوە، کە ئەویش ڕێگای نێوان قەزای بەردەڕەش بۆ ناحیەی کەڵەکە کە درێژیی ئەو ڕێگایە (٣٧) کیلۆمەترە کە لە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ڕاگەیاندراوە و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر داوە، کە زیاتر لە (١٠٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێت و ڕێگاکە دەبێتە دوو ساید و بەشێوەیەکی زۆر جوان و هاوچەرخ دەبێت و بە تەواوبوونی ئەو ڕێگا ستراتیژییە ئەو کات لە هەموو ئەو مەترسی و زەحمەتییانەی لە هاتوچۆی نێوان قەزای بەردەڕەش و ناحیەی کەڵەك ڕزگارمان دەبێت.

*** ئایا کێشەی کەرتی پەروەردەت بەتایبەتی کەمیی بینایەی قوتابخانەتان هەیە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا بە بەرنامە و پلانێکی زۆر تۆکمە و جەختکردنەوەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەی کە دەبێت هەموو کوردستان بەگشتی و ئێمەش وەکو سنووری قەزای بەردەڕەش لەو چوارچێوەیەدا چەندین بینایەی قوتابخانەی تازەمان لە سەنتەری قەزاو ناحیەکان و گوندەکان دروست کردووە و نۆژەن کراونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە بواری پەروەردە (١٠٤) پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام دراون کە بڕی زیاتر لە (١٤) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە. پرۆژەکان هەندێکی ئەمانەن (دروستکردنی سێ قوتابخانەی هەژدە پۆلی و یازدە قوتابخانەی ١٢پۆلی و چوار قوتابخانەی نۆ پۆلی لە سەنتەری قەزا و هەر سێ ناحیەی سنوورەکە و دوو بینایەی قوتابخانەی شەش پۆلی لە سەنتەری ناحیەی ڕۆڤیا) دروست کراون. هەروەها لە بینایەی یازدە قوتابخانەی سنووری ناحیەکانی ڕۆڤیا و کەلەك و دارەتوو پۆلی خوێندنیان بۆ زیاد کراوە و ژمارەیەکی زۆریش لە بینایەی قوتابخانە لە ناو سەنتەری ناحیەی کەلەك و سنوورەکەی نۆژەن کراونەتەوە.

*** ئایا تا چەند کار و پرۆژەتان بۆ وەرزش و لاوان هەبووە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا لە سەرەتاوە گرنگیەکی زۆر و تایبەتی بە وەرزش و لاوان دراوە، هەر لە دروستکردنی یاریگا و نۆژەنکردنەوەی یاریگا و دروستکردنی سەنتەر و شوێنی حەوانەوەی لاوان، لەوانە پەیمانگای وەرزش و لاوانی بەردەڕەش بە هۆی زیاتر ڕووتێکردنی خوێندکاران پێویستی بە بەرفراوانکردن هەبوو، کە توانرا لە ڕێگای پرۆژەیەکەوە شەش پۆلی خوێندن زیاد بکرێت و کەلوپەلی پێویستی ناو پۆلەکانیش دابین بکەن، کە ئەو پرۆژەیە (١٦٢) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە. هەروەها (٣٠٠) ملیۆن دیناریش بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگای (١١) یاریزانی یانەی بەردەڕەش خەرج کراوە. هاوکات لە بواری وەرزش و لاوان پێداویستی بۆ هەر سێ ناحیەیە و سنوورەکە دابین کراون.

*** لەم کابینەیەدا بۆ ئاوی خواردنەوە چی بۆ ناوچەکە کراوە؟**

- بەداخەوە قەزای بەردەڕەش و سنوورەکە تا ئێستا سوود لە ئاوی ژێر زەوی وەردەگرین لە ڕێگای بیری ئاوخواردنەوە و هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی نییە، بەتایبەتی کە سوود لە ئاوی سەر زەوی وەرگیرابێت، لەم بوارەشدا ساڵانە لە ڕێگای فەرمانگەی ئاو و لایەنی پەیوەندیداری دیکەوە بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کار و پرۆژە کراوە بۆ نەمان و کەمکردنەوەی کێشەی کەمئاوی لە ناو سەنتەری قەزا و هەر سێ ناحیەیە و گوندەکانی سنوورەکە و لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا (٢٣) پرۆژە لە بواری ئاوی خواردنەوەمان بۆ جێبەجێ کراوە.

*** لەڕووی تەندروستییەوە تا چەند توانراوە پێداویستییەکان بۆ خەڵکی ئەو سنوورە دەستەبەر بکرێت؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاری زۆر باش بۆ کەرتی تەندروستی کراوە، لەوانە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن و دروستکردنی کارگەی ئۆکسجین و چەندین پێداویستیی دیکە بۆ ئەو مەبەستە کە ئەو پرۆژانەی لەو کابینەیەدا ئەنجام دراون پێنج پرۆژەن بە گۆژمەی زیاتر لە (٣) ملیار و (٥٥٨)ملیۆن دینار بووە.







*** سنوورەكەتان بە كاری كشتوكاڵی بەناوبانگە و ڕووبەرێكی زۆری زەوی بەپیتی كشتوكاڵی هەیە. ئایا لەو كەرتەدا تا چەند كارتان كردووە؟**

- بەردەڕەش لە ڕووی كشتوكاڵییەوە زۆر بەناوبانگە و زەوییەكی زۆر بەپیت و بەرەكەتی هەیە و ساڵانە بە هەزاران دۆنم زەوی دادەچێندرێت بە گەنم و جۆ، هاوكات بەردەوام ڕووبەری زۆر دەكرێتە سەوز و میوە و پەتاتە، ماوەی چەند ساڵێكە ژمارەیەكی زۆر لە جووتیاران و دەوڵەمەند و وەبەرهێنەرانی سنوورەكە ڕوویان لە چاندنی پەتاتە كردووە، بەمەش لە وەرزی پێگەیشتنی پەتاتەدا بەرهەمەكەی زۆر دەبێت، ئێستا كارگەی چیپس و فینگەر لە سنوورەكە هەیە. هەروەها بڕیاری جەنابی سەرۆكی حكومەتە هەر كەسێك بیەوێت، هەر پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی، یان پیشەسازی دابمەزرێنێت، لەلایەن ئێمە و هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەكانەوە ئاسانكاریی تەواوی بۆ دەكرێت. هاوكات بەڕێز عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك بۆ ئاسانكاری و هاندانی جووتیاران ڕەزامەندی بۆ دامەزراندنی چەندین كۆگای ساردكەرەوە داوە، تاوەكو بەرووبوومەكانی جووتیاران بپارێزرێت. هەروەها جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ماوەی ڕابردوو بڕیاری دا بە دروستكردنی سایلۆیەك لە ناحیەی ڕۆڤیا كە قەبارەی سایلۆیەكە وایە (٤٠) هەزار تەن گەنم وەردەگرێت، كە نزیكەی (٢٠) ملیار دیناری بۆ خەرج كراوە، كە ئەمەش دەبێتە ئاسانكاری و پاڵپشتی و هاندانێكی دیكە بۆ جووتیارانی سنوورەكە و بەرەوپێشەوەچوونی كەرتی كشتوكاڵ.

*** ئایا لە بواری كارەبا چ پڕۆژەیەك جێبەجێ كراوە و ئەو بودجەیەی بۆ ئەو كەرتە گرنگە دانراوە، چەند بووە؟**

- وەزارەتی كارەبا و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەكانیان زۆر بە باشی و چالاكییەكی زۆرەوە ڕۆژانە خزمەت بە سنوورەكەمان دەكەن، لەم بوارەشدا هەر لەو چەند ساڵەی كابینەی نۆیەمدا چوار پڕۆژەی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە گۆڕین و چاككردنی تۆڕی كارەبا جێبەجێ كراون، كە بڕی زیاتر لە ٧٥٥ ملیۆن دیناری بۆ خەرج كراوە.

# چۆن هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکان دەبێتەوە؟

**تا ئێستا پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە ئاستێکی هێمنیی ساردادایە، هەندێ جاریش گرژ دەبنەوە**

**گرنگترین هۆکاری گرژیی نێوان بەغدا و هەولێر بریتییە لە کامڵ نەبوونی فیکری سیاسی لای زۆربەی حزبەکانی حوکمڕان لە بەغدا، هەروەها هەوڵەکانیان بۆ سەپاندنی سەنتراڵیزم و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیدراڵی**

هەرچەندە زۆر لە دەستەبژێری ڕۆشنبیر و هوشیاری کوردستان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە لەکاتی قسەکردن و لێدوانەکانیاندا، هەروەها کاتێك بەشداریی چالاکیی گشتی و تایبەتیی ڕۆشنبیری و سیاسی دەکەن، باس لە کێشە و گرفتەکان دەکەن، بەڵام زۆربەی ئەو قسە و باسانە چارەسەری کێشەکان ناکەن، تەنانەت گلەیی و گازاندە لە لایەنەکانی دیکە دەکەن کە هۆکاری ئەو گرفتانەن، بۆیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، پێویستە ئەو حزبانە بەرنامە و پلانی خۆیان بۆ چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانە بخەنە ڕوو، لە باتی ئەوەی ڕووی گلەیی لە یەکدی بکەن و قسەی زبر و ناشیرین ئاراستەی یەکدی بکەن.

لە سۆنگەی ئەم واقیعەوە، پێم باشە بەشداری بکەم لە خستنەڕووی هەندێ لەو کێشە و گرفتە ڕاستەقینانە کە ئاستەنگن لە بەردەم ڕێڕەوی پەرەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، لەوانە:

١- کێشە سیاسییەکان کە بریتین لە:

أ- ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان.

ب- ناکۆکیی کورد و کورد.

سەبارەت بەخاڵی (أ)، تا ئێستا پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە ئاستێکی هێمنیی ساردادایە، هەندێ جاریش گرژ دەبنەوە، ئەمەش کاتێك باس دێتە سەر دەسەڵاتە تایبەتی و هاوبەشەکان، هەرچەندە دەستوور ئەو پرەنسیپانەی تایبەت بە دەسەڵاتەکانی دیاری کردووە، بەڵام لەسەر بەندێك، یان ماددەیەك ناکۆکی سەرهەڵدەدا، بەتایبەتیش تائێستا کێشە و ناکۆکییەکان لەسەر نەخشەی سنووری هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان درێژەیان هەیە، ئەم جگە لە پرسی دابەشکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی و پشکی کوردستان لە بوودجەی دارایی فیدراڵ. گرنگترین هۆکاری گرژیی نێوان بەغدا و هەولێر بریتییە لە کامڵ نەبوونی فیکری سیاسی لای زۆربەی حزبەکانی حوکمڕان لە بەغدا، هەروەها هەوڵەکانیان بۆ سەپاندنی سەنتراڵیزم و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیدراڵی، بە سوودوەرگرتنیان لە ناکۆکیی نێوان حزبە کوردستانییەکان، بە تایبەتیش کاتێك هەندێك لەو حزبانە ڕێککەوتنی لابەلا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان پێك دەهێنن.

سەبارەت بە خاڵی (ب): تا ئێستا هەرێم بە دەست ناکۆکی و ململانێی نێوان حزبە کوردستانییەکانەوە گیری خواردووە، بەتایبەتیش نێوان دوو حزبە سەرەکییەکە، ئەوەی مایەی داخە ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێکی یەکگرتووی حکوومی لە کوردستاندا نییە کە ئەم ڕاستییە تاڵە چارەسەر بکات، کە ئەمە سەردەکێشێت بۆ هاتنە ئارای بەردەوامی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمدا و، کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان، بە تایبەتیش لای ئەو نەوە گەنجەی کە تازە پێدەگەن.

ئەوەی زیاتر کێشەکە ئاڵۆزتر دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەر یەك لەو دوو حزبە سەرەکییە هێزی چەکدار و ئاسایش و هەواڵگریی خۆیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بۆشایی ئەمنی و لاوازیی سەپاندنی ئاسایش



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

و نەهێشتنی تاوان، بە تایبەتیش تاوانی بەقاچاخبردن و ماددەی هۆشبەر، کارەساتە گەورەکەش لەوەدایە کاتێك هەوڵ دەدەن لە حزبە حوکمڕانەکانی بەغدا نزیك ببنەوە، لەسەر حیسابی لایەنی دیکە و سازشکردنە، کە کێشەی نامتمانەیی لە نێوان حزبە سیاسییەکان قووڵتر دەکاتەوە.

٢- کێشە ئابووری و داراییەکان:

ناسەقامگیریی دۆخی ئابووری بە هۆی ئەوەی هەرێم پرۆژەی ستراتیژیی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری و ئاوی و داودەرمانی جێبەجێ نەکردووە بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، تەنیا ئەوەندە نەبێت چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونی بێ دانانی بناغەی بنەڕەتیی ئابووری ئەنجام داوە، هەروەها پشتبەستن تەنیا بە هەناردەکردنی نەوت ڕووبەڕووی کێشەی دارایی کردەوە، بە هۆی بەرزی و نزمیی نرخی جیهانیی نەوتەوە، دواجار نەیتوانی مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، بۆیە دوای بڕیاری قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بە سامانی نەوت و گاز، هەرێم نەیتوانی پشت بە خۆی ببەستێت لە دابینکردنی داهاتی پێویستدا. وێڕای ئەمەش، گەندەڵیی دارایی کە لە هەندێك جومگەی هەرێمدا سەری هەڵداوە، دۆخێکی نائومێدی و دڵەڕاوکێی هێناوەتە ئاراوە، بێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی بگیرێتەبەر، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری و نائینتیمابوون و لەدەستدانی متمانە بە سیستمی سیاسی، سەرباری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی کۆچ و ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنانی توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی تاوان.

٣- کێشە ئەمنییەکان:

تا ئێستا هێرشە ئەمنییەکان، چ لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکان، یان هەندێ میلیشیای چەکدارەوە بن بەردەوامن. هەرچەندە هێزە ئەمنییەکانی هەرێم هەوڵی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی گیان و ماڵی هاووڵاتیان دەدەن، بەڵام هەڕەشەکان بەردەوامن، بێگومان ئەم هەڕەشانە کاریگەرییان بۆسەر دۆخی ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێم هەیە.

٤- کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

لەوانە زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و کەمبوونەوەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، هەروەها کۆچ بۆ دەرەوەی هەرێم بە هۆی کەمیی هەلی کار و، هاوکات لاوازی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی و ئاو و کارەبا و، دیسان هاتنەکایەی جیاوازیی چینایەتی بێ، کە ئەمە وا دەکات خەڵکەکە هەست بە نائومێدی و شکست بکەن و بەها و پرەنسیپەکان هەرەس بهێنن.

٥-کێشەکانی ژینگە:

بەرزبوونەوەی ئاستی پیسبوونی ژینگە بەردەوامە، بەهۆی ئەو پاشماوەیەی کە پاڵاوتگە نافەرمییەکانی نەوت بڵاوی دەکەنەوە. هەروەها موەلیدە ئەهلییەکان و کارگە و فابریقە و ئۆتۆمبیل و نەمانی دار و درخت و دارستان بۆ مەبەستی بیناسازی، ئەمەش بووەتە هۆی داخورانی خاك و زیادبوونی مەترسیی دارمانی زەوی، ڕووبار و گۆماوەکانیش بە هۆی پاشماوەی کارگەکانەوە ڕۆژانە پیس دەبن، هاوکات فڕێدان و بەتاڵکردنی زبڵ و خاشاك لە سەرچاوەکانی ئاودا و، لە هەمووی مەترسیدارتر نەبوونی هۆشیارییە لای خەڵك لە ڕووی مەترسیی پیسبوونی ژینگەوە.

**تا ئێستا هەرێم بە دەست ناکۆکی و ملمانێی نێوان حزبە کوردستانییەکانەوە گیری خواردووە**

**هەر یەک لەو دوو حزبە سەرەکییە هێزی چەکدار و ئاسایش و هەواڵگریی خۆیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بۆشایی ئەمنی و لاوازیی سەپاندنی ئاسایش و نەهێشتنی تاوان**

بێگومان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە و چارەسەرکردنیان پێویستی بە هاوکاریی هەموو حزبەکانی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بۆ دانانی بەرنامەیەکی گشتگیر بە ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و ژینگەیی.

١- چاکسازییە سیاسییەکان:

أ- کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە حزبە کوردستانییەکان پێکەوە بەرنامەیەکی یەکگرتوو دابڕێژن بۆ گفتوگۆ کردنی بەردەوام و ڕوون لەگەڵ حزبە حوکمڕانەکانی بەغدا، تاکو هاوکاری بکەن لە پێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، دەشکرێ پەنا بۆ ناوبژیوانی هەرێمی ببرێت بۆ ئەوەی پاڵپشتیی مەعنەوی و چاودێریکردنی پێشێلکارییەکان دەستەبەر بکرێت، لەم سۆنگەوە پێویستە حزبە کوردستانییەکان سوور بن لەسەر چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و غاز لە ڕێی دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵییەوە، کە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك دابین بکات، هاوکات پێویستە حزبە کوردستانییەکان جەخت بکەنەوە لەسەر مافە دەستووری و سیاسی و دارایی و کارگێڕییەگانی هەرێم، هەروەها هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پاڵپشتیی لۆجیستی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی تیرۆر.

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێویستی بە یەکڕیزیی کورد و پابەندبوونی ئەو دوو لایەنە هەیە بە ئەنجامدانی دیالۆگێکی شەفاف، لە هەمان کاتدا متمانەی نێوانیان کە خاڵێکی زۆر پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا، ئەمانە و کارکردنی هاوبەش بۆ پێشخستنی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوام و بەهێزکردنی لایەنی ئەمنی بە دابەشکردنی دەسەڵاتی نێوانیان، بە تایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان.

ب- چارەسەری ناکۆکییەکانی کورد- کورد

گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە بریتییە لە گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان حزب و هێزە سیاسییەکان، کە زۆربەی هۆکارەکان بۆ کێبڕکێی سەر دابەشکردنی دەسەڵات و هەژموون و ململانێی وەدەستهێنانی داهاتی دارایی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەم شێوەیە چارەسەر دەبێت:

أ- بۆ ئەوەی ستراتیژیەتێکی گشتگیر و یەکگرتووی نیشتمانی بگرنە بەر، لەبارەی ئایندەی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و دوورکەوتنەوە لە دابەشکاریی ناوخۆ، پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان چەندین کۆبوونەوە و دیالۆگی نیشتمانی ڕێك بخەن، هەروەها پەنا نەبرێت بۆ ڕێککەوتنی لابەلایی بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی.

ب- حزبەکان هەڵسەنگاندن بۆ سیستمی سیاسی بکەن، لەگەڵ چۆنێتیی دەستەبەری دابەشکردنی دەسەڵات بەپێی شایستەکانی هەڵبژاردن، لەپاڵ ئەمەشدا پێویستە دامەزراوە حکوومی و دیموکراسییەکان بەهێز بکرێن، نابێت حزبێك دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات.

ج- پاڵپشتیی سەربەخۆیی دادگا دوور لە دەستتێوەردانی سیاسی، تاکو ڕۆڵی دادپەروەرانەی خۆی لە یەکلاکردنەوەی کێشە یاسایی و سیاسییەکاندا بگێڕێت.

د-هاندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێدانی دەرفەت بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاشتی و سەقامگیری.

ە- بنبڕکردنی گەندەڵیی دراییی و کارگێڕی، چ لە دامەزراوە حکوومییەکان، یان لە ڕێکخراوە حزبییەکاندا و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا.

و- حزبەکان جەخت لەسەر گرنگیی یەکێتیی نێوان کورد و بڵاوکردنەوەی کەلتووری لێبووردەیی و دیالۆگ و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بکەنەوە.

ز-دەبێ حزبەکان بەرنامەیان هەبێت لەبارەی پەرەپێدانی بەردەوام و گەشەکردنی ئابووری و نەهێشتنی بێکاری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ئابووریی ڕەیعی، هەروەها پاڵپشتیکردن لە پیشەسازیی خۆماڵی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و پاراستنی ژینگە و هاندانی وەبەرهێنان.

ك- گرتنبەری سیستەمێکی دادپەروەر و شەفافی هەڵبژاردن و پابەندبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پاراستنی ناوبانگی هەرێم لە نێو وڵاتاندا.

**گەندەڵیی دارایی کە لە هەندێک جومگەی هەرێمدا سەری هەڵداوە، دۆخێکی نائومێدی و دڵەڕاوکێی هێناوەتە ئاراوە، بێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی بگیرێتەبەر**

**پێویستە حزبە کوردستانییەکان سوور بن لەسەر چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و غاز لە ڕێی دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵییەوە، کە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەک دابین بکات**

**چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێویستی بە یەکڕیزیی کورد و پابەندبوونی ئەو دوو لایەنە هەیە بە ئەنجامدانی دیالۆگێکی شەفاف، لە هەمان کاتدا متمانەی نێوانیان کە خاڵێکی زۆر پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا**

**٢- چاکسازییە ئابوورییەکان:**

هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆمەڵێك چاکسازیی ئابووری هەیە بۆ وەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوانە:

أ- بەهێزکردنی شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی بە بێلایەنی لە سەرجەم جومگەکانی حکومەتدا، هەروەها پێکهێنانی چەند دەستەیەکی چاودێری کە دەسەڵاتی فراوانیان هەبێت و بتوانن چاودێریی پرۆسەکانی دارایی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیدا بکەن، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وەرزە ڕاپۆرت لەبارەی ئەم پرسەوە.

ب- وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی ژێرخان، لە دروستکردنی ڕێگەوبان و بەنداو و سەرچاوەکانی وزەی پاك و، لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و دەرمان و گەشتیاری و پڕۆژەکانی ئاو و کارەبا و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی.

ج- چاکسازی لە سیستمی باج و گرتنەبەری سیستەمێکی دادپەروەر و شەفاف و فشار نەکردن لە سەپاندنی باج بەسەر کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکاندا.

د- نوێکردنەوەی کەرتی بانکی و ئاسانکردنی خزمەتگوزاریی دارایی و هاندانی بانکەکان بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکان و پەرەپێدانی ئابووریی ناوخۆ.

هـ- حکومەت پاڵپشتیی کۆمپانیا مامناوەندەکان بکات و ڕێکارە بیرۆکراتییەکان و ڕۆتین کەم بکاتەوە.

و- پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی کەمتر پشت بە کەرتی گشتی ببەستین و پارەی حکومەت زیاتر بۆ پڕۆژەکانی پەرەپێدان تەرخان بکرێت.

ز- بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ بەغدا و دەوڵەتانی دەوروبەر و ڕێکخراوە دارایی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.

ك- کەمکردنەوەی کورتهێنانی حکوومی و دەرکردنی یاسای بوودجە و، ساڵانە حکومەت پڕۆژە بوودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، تاکو بە شەفافییەتەوە گفتوکۆی لەسەر بکرێت، هەروەها دەبێ حکومەت هەوڵی بەردەوام بدات بۆ کەمکرنەوەی خەرجی لە دامەزراوەکانیدا و داهاتی گشتییش چاك بکات.

ل- ڕاکشیانی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لە چوارچێوەی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی سەقامگیری وەبەرهێنان و یاسای هاندان لەم ڕووەوە.

**٣- چاککردنی ژینگەی ئەمنی:**

هەرچەندە هەرێم سەقامگیرە، بەڵام هێشتا پێویستی بە هاریکاریی هەموو هێزە ئەمنییەکان هەیە، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئامادەیی تەواو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کردەوە تیرۆریستییەکان و گرنگیدان بە کادیرانی ئاسایش لە ڕووی کەلوپەل و مەشق و پاڵپشتیی دارایی و تەکنیکییەوە.

**٤- وەدیهێنانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

ئەمەش لە ڕێی چاککردنی ئەدای دامەزراوەکانی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزش و چارەسەرکردنی پرسی کۆچی گەنجان و هاندانی کادیرانی زانستی و بەهرەمەندەوە دەبێت کە بۆ هەرێم بگەڕێنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین جیاوازیکردنە لە نێوان کادیرانی کورد و کادیرانی بیانی لە ڕووی مووچە و شایستەوە، هەروەها پێویستە هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ماددەی هۆشبەر بدرێت، پێویستە پشتگیریی ناوەندەکانی وەرزش و لاوان و ڕۆشنبیری و هونەرە میللییەکان بکرێت، هانی توانا و بەهرەی هەموو تاکەکان بدرێت، تاکو خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، ئەمەش لە ڕێی چەندین تەوەروە دەبێت، وەك: دابینکردنی پەروەردە و خزمەتگوزاریی تەندروستی و هەلی کار و چاککردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتییان.

**٥- پاراستنی ژینگە:**

پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، پێویستی بە زنجیرەیەك هەوڵ هەیە، کە دەبێ حکومەت و ڕێکخراوەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و سەپاندنی یاسای توند بۆ دانانی سنوورێك بۆ پیسبوونی ژینگە لە ڕێی پاشماوەکانی کارگە پیشەسازییەکانەوە، لەگەڵ هاندانی خەڵك بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانەی دۆستی ژینگەن و دەستگرتن بە بەکارهێنانی وزە لە ماڵەکان و لە شوێنە گشتییەکاندا، دواجار زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و چاندن و پارێزگاریکردنی دارودرەخت و دروستکردنی باخی گشتی.

**گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە بریتییە لە گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان حزب و هێزە سیاسییەکان، کە زۆربەی هۆکارەکان بۆ کێبڕکێی سەر دابەشکردنی دەسەڵات و هەژموون و ململانێی وەدەستهێنانی داهاتی دارایی دەگەڕێتەوە**

**ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین جیاوازیکردنە لە نێوان کادیرانی کورد و کادیرانی بیانی لە ڕووی مووچە و شایستەوە، هەروەها پێویستە هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ماددەی هۆشبەر بدرێت**

**پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، پێویستی بە زنجیرەیەک هەوڵ هەیە، کە دەبێ حکومەت و ڕێکخراوەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ**



**بابەتی مووچە و مافەکانی گەلی کوردستان لای بەغدا بابەتێکی سیاسییە پێش ئەوەی بابەتێکی تەکنیکی و دەستووری و یاسایی بێت**

دکتۆر حەسەن کاکی
نووسەر و توێژەری مێژوو:

# ئاستەنگی بەردەم چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ دەستتێوەردان و ئەجندەی دەرەکی دەگەڕێتەوە

# زهنییەت و بیری تاکڕەویی سیاسی لەناو حزبە عێراقییەکاندا وەکو میراتییەکی لێهاتووە و زەحمەتە وا بە ئاسانی بسڕێتەوە

**پرسی چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی، بە یەکێك لەو پرسە گرنگ و هەستیارانە دادەنرێت کە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی گەلانی عێراق و خەڵکی کوردستان زۆر جێگەی بایەخە، بوونی ئەجندەی دەرەکی و دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و میلیشیای چەکداریی بەدەر لە یاسا، ئەم کێشانەی قووڵتر کردووەتەوە، لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر حەسەن کاکی توێژەری سیاسی و شارەزای مێژووی عێراق ساز دا.**

* یەکلاکردنەوەی کێشە و بارگرژییەکان لە دوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا ڕووی لە چارەسەرکردن کردووە، ئایا لەم قۆناغەدا تاچەند یەکلاکردنەوەی کێشەکان و ئەم نزیکبوونەوانە بۆ بەرژەوەندیی گەلانی عێراق و خەڵکی کوردستان گرنگ بوو؟

- ناکۆکیی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی تەنیا لەسەر جێبەجێ نەکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ و یاسای نەوت و گاز و بودجە و مووچەی پێشمەرگە نییە، بەڵکو ناکۆکی لەسەر دیدگا و بۆچوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، بەوەی بیرکردنەوەی جیاواز بۆ ئەم بەڕێوەبردنەی دەوڵەتی نوێی عێراق هەیە، بەتایبەتی لە ئاراستە فیدراڵی و دیموکراتییەکەیدا کە لەم چەند ساڵەدا لەبری ئەوەی ئەم بیروبۆچوونانە بەهێز و جێگیر بکرێت، کەچی بە لاڕێدا براوە و لە بنەماکانی دامەزرانی عێراقی نوێ لای داوە، لادانێك عێراقی پەلکێش کردووە بەرەو کۆنترۆڵکردنی مەرکەزی توندی دەسەڵات و پەراوێزخستنی کورد لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەمەش بەغدا پابەندی ڕێککەوتنەکانی پێشووی خۆی نەبووە و پابەندی ئەو دەستوورەش نەبووە کە زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، تەنیا پابەندی ئەو ماددە و بڕگانەی ناو دەستوور بوون کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە.

لێرەدا ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی لەسەردانەکەی بۆ بەغدا و لە دیدار و کۆبوونەوەکانیدا پەیام و نامەی جددی بۆ هەموو لایەنەکان پێ بوو، بەوەی ناکرێت گرووپێك کۆنترۆڵی ئەم عێراقە بکات و ئەوانی دیکە ڕەت بکاتەوە، هەرچی پێکەوەژیان و هاوبەشی و سازان و ڕێککەوتنەکانە هەڵیبوەشێننەوە، لەکاتێکدا عێراق بە دەوڵەمەندترین وڵاتی پێکەوەژیانی نێوان عەرەب و کورد و تورکمان و مەسیحی و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانی دیکە دادەنرێت. چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی

**بەغدا پابەندی ڕێککەوتنەکانی پێشووی خۆی نەبووە و پابەندی ئەو دەستوورەش نەبووە کە زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە**

**چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی کەلێنەکان لایەنی بەهێزی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بوو**

**ڕێزدار سەرۆک مسعود بارزانی لەسەردانەکەی بۆ بەغدا و لە دیدار و کۆبوونەوەکانیدا پەیام و نامەی جددی بۆ هەموو لایەنەکان پێ بوو، بەوەی ناکرێت گرووپێک کۆنترۆڵی ئەم عێراقە بکات و ئەوانی دیکە ڕەت بکاتەوە**

**مادام ئەم هەرێمە زەلیلی وڵاتانی ئیقلیمی نەبووە و ئەجندەکانیان جێبەجێ ناکات، ناخوازن هەرێمی کوردستان گەشە بکات**

**حزبەکان بە هیچ شێوەیەک خوازیاری بونیادنانی دەسەڵاتی دەوڵەت نین، بەڵکو لە پێناو مانەوە و بەدەستهێنانی پشکی دەسەڵاتی خۆیاندا خوازیاری پشێویی سیاسی و بێسەروبەریی ئابوورین**

کەلێنەکان لایەنی بەهێزی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بوو. سەرۆک بارزانی تەنیا سەرۆکی حزبێکی سیاسی نەبووە، بەڕێزیان جگە لەوەی شۆڕشگێڕی کورد و پێشمەرگە و سەرکردەیەکی بەهێزی کوردستانی بووە، سەرکردەیەکی گەورەی عێراقیش بووە و ڕۆڵی لە دامەزراندنی عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆردا هەبووە. بەرگریی لە هەموو خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکان کردووە و دەنگی دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی بووە بۆ هەموو پێکهاتەکان، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بووە و هەرچی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەیە لە پێش ٢٠٠٣ و لە دوای ئەم بەروارەش لە ژێر چەتری ئەم سەرکردە مێژووییەدا کۆبوونەتەوە. بۆیە بە تەئکید کاتێك سەرکردەیەکی وا گەورە و شارەزا و بیرمەند لە کۆبوونەوە و دیدارەکاندا بەشدار دەبێت، بە شێوازە نەرمی و ئەدا بەرزەکەی تیماری هەموو برینەکان و داخستنی کەلێنەکان دەکات و کلیلی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراو و ئاڵۆزەکانە، هەر ئەمەش بووە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ڕۆڵ و پێگەی بارزانی لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بەرچاو بووە و، لە دامەزراندنی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقیشدا ڕۆڵ و پێگەی دیار و لە بەرچاوی هەبووە. سەردانەکەشی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دارشتەوە و بەهێزی کرد بە ئاراستەی تەوافوقی سیاسیدا، ئەو تەوافوقەی بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق پێویستە تاوەکو بەرەیەکی بەهێزی ناوخۆ دابمەزرێت و ڕێگە لە دەستتێوەردانی دەرەکی بگیرێت، ئەو دەستتێوەردانە دەرەکییەی عێراقی خزاندووەتە ناو شەڕێکیی کاولکار و دۆخێکی دژوارەوە.

سەردانەکەی سەرۆک بارزانی کۆتایی بە کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و زۆر لە بارگرژییەکانی دیکە هێنا و ترووسکاییەکیشی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە و، ئاستەنگ و بەربەستەکانی سیاسیی بەردەم ناردنی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی کۆتایی پێ هێنا.

هەموومان ئومێدەوارین حکومەتی عێراقی فیدراڵی و لایەنە سیاسییەکان سوود لەم هەنگاوەی سەرۆک بارزانی وەربگرن و چارەسەر بۆ هەموو قەیرانەکانی عێراق بدۆزنەوە و قۆناغێکی نوێ دەست پێبکەن، کە تێیدا هەمووان لە ئاشتی و خۆشگوزەرانیدا بن. ڕەنگە تەنیا کێشەیەك بۆ بوونی ئەو سەرکردە نوێیانەی عێراق بگەڕێتەوە کە بەردەوام توانایان نییە گرێ کوێرە و کێشەکان چارەسەر بکەن، بە پێچەوانەوە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی ئەجندەی هەرێمی، کە مادام ئەم هەرێمە زەلیلی وڵاتانی ئیقلیمی نەبووە و ئەجندەکانیان جێبەجێ ناکات، ناخوازن هەرێمی کوردستان گەشە بکات.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو بارگرژی و شەڕ و ئاشووبێکی زۆردایە، ئایا ئەم بارودۆخە تاچ ڕاددەیەك کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دارایی عێراق دەکات؟**

- عێراق بەشێکە لە مەنزومەی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دڵنیاییەوە هەر شەڕ و پشێوییەك لە ناوچەکەدا ڕوو بدات، کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، کە هەندێك لایەنی سیاسی دژ بە عێراق و هەرێم لێی سوودمەند دەبێت، هەروەکو چۆن سوپای تورکیا و ئێرانیش ویستی پاوانخوازییان لە ناوچەکەدا هەیە.

*** واتە ئەم ئاڵۆزی و کێشانە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بودجە و مووچە و دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- سەرجەم ئەو کێشانە بە بابەتی مووچەشەوە، لای بەغدا بابەتێکی سیاسییە، پێش ئەوەی بابەتێکی تەکنیکی و دەستووری و یاسایی بێت. گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی عێراق بەڕێوە دەبەن و لە ناو دامەزراوەکاندا دەسەڵاتیان هەیە، عەقڵییەتێکی بەدەوی و مەرکەزییەتیان بۆ سڕینەوەی بوونی کورد هەیە کە پشتئەستوورە بە عەقڵییەتی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و مەزهەبی و، هاوبەشیکردنی ئەوی دیکە لە حوکمڕانی ڕەت دەکاتەوە. بۆیە بە تەئکید

هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی بەڕێوەن، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکان دەبێت، لەوێ لە مەرکەز گەندەڵی و پاوانخوازیی میلیشیا و مەزهەبگەرایی و ڕەتکردنەوەی کورد بەردەوامی هەیە، هەر کاتێك لە چارەسەری کێشەیەکی بنەڕەتی نزیك بووینەوە، کێشەیەکی دیکە هەڵدەتۆقێنن و ئاوازی بۆ لێ دەدەن، ئەمە لە غیابی جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێککەوتنەکان و بڕوابوونە بە هاوبەشیی حوکمڕانی و، هەر هەمووشی لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا لەناو خاکی عێراقدایە.

ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە بە دەرامەتی نەوت و ئابووری و مرۆیی و ژینگەیەکی لەباری بۆ بەهێزبوون تێدایە، کە لە زۆر لە وڵاتانی کەنداو باشترە، کەچی بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی وڵات و عەقڵییەتی دواکەوتوو هەموو ئەم ژینگەیەیان لەبار بردووە. حزبەکان بە هیچ شێوەیەك خوازیاری بونیادنانی دەسەڵاتی دەوڵەت نین، بەڵکو لەپێناو مانەوە و بەدەستهێنانی پشکی دەسەڵاتی خۆیاندا خوازیاری پشێویی سیاسی و بێسەروبەریی ئابوورین، ئەوەیان لەیاد کردووە کە ئەگەر ئارەزوومەندانە خۆیان نەگۆڕن، ئەوا دواڕۆژ دەیانگۆڕێت و زیانێکی گەورە دەکەن و لەگەڵ بچووکترین گۆڕانکاریدا شۆڕشی نارەزایەتیی برسییەکان سەر هەڵدەدات و سزای توندیان دەدات، بە هاوشێوەی زۆر حزبی دیکە لە ڕابردوودا.

*** ڕێگەچارە چییە بۆ دامەزراندنی وڵاتێك کە دوور بێت لەو عەقڵییەتە شۆڤێنی و مەرکەزییە، کە بڕوای بە هاوبەشی و بەشداری لە حوکمڕانیدا نییە؟**

- ڕووخانی ڕژێمی سەدام سەرەتای قۆناغێکی نوێ نەبوو بۆ گۆڕینی عەقڵییەتی حوکمڕانی، دەستوور و یاساکان گۆڕانکارییان تێدا کرا، بەڵام عەقڵییەتی شەڕ و ململانێکان و بیروبۆچوونی تەسکی ئایدیۆلۆژیای حزبایەتی، دۆخەکەی شێواند و سەردەمێکی نوێی جیاوازیشی بۆ عێراقییەکان نەهێنا، ئەو کوشتار و تەعریب و تەرحیل و پەراوێزخستنەی کورد کەلێنێکی گەورەی لە کۆمەڵگەی عێراقدا لێ کەوتووەتەوە و، بیروباوەڕی سیاسییەکان وەکو میراتی بۆیان بەجێ ماوە لە دژی کورد و هەموو پێدانی مافێك بە سازشێکی قورسی تێدەگەن، بۆیە ڕێگەچارە تەنیا کۆبوونەوەی خەڵك و هێزە سیاسییەکانە لە دەوری مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ زامنکردنی یەك گوتاری نەتەوەیی، کە ئەویش سەرۆك بارزانییە، تاوەکو لە چوارچێوەی دەستوور و عێراقێکی فیدراڵیدا پێکهاتەکان بە نیمچە دەسەڵاتێکی نزیك لە کۆنفیدراڵییەوە خۆیان بەڕێوە ببەن و پەراوێزیش نەخرێن لە مافەکانیان، هەر ئەمەشە زامنی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکات.

ئەمڕۆ هاووڵاتی عێراقی بێزار بوون لە گەندەڵی و بێسەروبەری و بێ کارەبایی و لاوازیی خزمەتگوزاری و بێکاری و هەژاری، کە بە هۆی گەندەڵیی ئیداری و داراییەوە تووشی بوون. ئەوەتا ٢٠ ملیار دۆلار تەنیا لە کارەبادا بە هەدەر دراوە، کەچی دوو کاتژمێر کارەبا لە شارەکانی عێراقدا هەیە، چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە بۆ غیابی چارەسەرە ئیداری و دارایی و ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە و کارێکی هەروا ئاسان نییە و شوێنەوارەکانی بەسەر بەدەستهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکانی ئێمەشەوە دیارە.

*** بەڵام میلیشیاکان و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕێگرە لە بەدیهێنانی فیدراڵییەت، لەم حاڵەتەدا ڕێگە چارە چییە؟**

- میلیشیا نایاساییەکان لە ڕووی پراکتیکییەوە بوونەتە هێزێکی سەربازی و سیاسی و ئابووری و حزووریان نەك تەنیا لە بارگرژی و هێرشەکاندا هەیە، بەڵکو وەکو هێزێکی سیاسیش پێگە و دەسەڵاتیان پەیدا کردووە. ئەوان دەستی درێژی سوپای قودسی ئێرانین و لەوێوە فەرمانیان بۆ دەردەچێت و جێبەجێی دەکەن، بۆیە زۆر قورسە چارەسەری ئەمە بکرێت، مادام ڕۆڵی ئەمریکا لە بەدەستهێنانی مافەکانماندا لاوازە، دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە تارانەوە مافەکانی خۆی لە عێراق دەست بکەوێت، لەلایەکی دیکەوە دەبێت دەرگای گفتوگۆ و دانوستاندنیش لەگەڵ ئەم هێزانە بکەینەوە، مادام لە عێراقدا حیسابی وردیان بۆ دەکرێت و دەسەڵات و ڕۆڵی خۆیان لە ئاراستەکردنی زۆر پرسی هەستیار هەیە.

**دەستوور و یاساکان گۆڕانکارییان تێدا کرا، بەڵام عەقڵییەتی شەڕ و ململانێکان و بیروبۆچوونی تەسکی ئایدیۆلۆژیای حزبایەتی، دۆخەکەی شێواند و سەردەمێکی نوێی جیاوازیشی بۆ عێراقییەکان نەهێنا**

**ڕێگەچارە تەنیا کۆبوونەوەی خەڵك و هێزە سیاسییەکانە لە دەوری مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ زامنکردنی یەك گوتاری نەتەوەیی، کە ئەویش سەرۆك بارزانییە**

**ئەمڕۆ هاووڵاتی عێراقی بێزار بوون لە گەندەڵی و بێسەروبەری و بێ کارەبایی و لاوازیی خزمەتگوزاری و بێکاری و هەژاری، کە بە هۆی گەندەڵیی ئیداری و داراییەوە تووشی بوون**

**میلیشیا نایاساییەکان لە ڕووی پراکتیکییەوە بوونەتە هێزێکی سەربازی و سیاسی و ئابووری و حزووریان نەك تەنیا لە بارگرژی و هێرشەکاندا هەیە، بەڵکو وەکو هێزێکی سیاسیش پێگە و دەسەڵاتیان پەیدا کردووە**

پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف
مامۆستای زانکۆ:

# ئیخوان موسلیمین به دابەشکردنی موسڵمان بەسەر حزبدا زیانی به ئوممەتی ئیسلامی گەیاندووه نەک خودی ئایینەکه

■

گەلی کورد و شۆڕشەکانی له هەر بارودۆخێکدا بێت، له توندوتیژی و تیرۆر و تۆڵەکردنەوه دوور بوون

■

فتوادان ئەرکی نوخبەیەکی هەڵکەوتووی هەر گەل و نەتەوەیەکه که له ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا شارەزا بن و تەواوی زانسته ئیسلامییەکانیان خوێندبێت و تاوتوێیان کردبێت



**بۆ ئەوەی بزانین دابەشبوونی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت، تا چەند مەترسییە لەسەر کۆمەڵگە و ئایا توندوتیژی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە، وەکو ئەوەی دەبینین هەندێ گرووپ و لایەن بە ناوی ئیسلامەوە پیادەی دەکەن، ئایا دەبێت چۆن و کێ فتوا بدات؟ لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف مامۆستای زانکۆ و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ئەنجام دا .**

* لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟

- ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دروست نەبوو، بەڵکو دامەزراندنەکەی لە ٢٢ی مارسی ساڵی ١٩٢٨ لە دوای چوار ساڵ لە ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی دامەزرا بە مەبەستی «چاکسازییەکی گشتی» لە تەواوی سێکتەرەکانی وڵاتدا. پێم وانییە ئیخوان ئایینی ئیسلامی بۆ عیبادات و سیاسەت دابەش کردبێت، چونکە ئیسلام خۆی دینی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیە، واتە سیاسەت وەکو هونەری کارگێڕی و حوکمڕانیی لەخۆ گرتووە و ئەرکە بەندایەتییە تاکەکەسییەکانیشی فەرز کردووە، کە هەردووکی بۆ پابەندی بە شەریعەت و نزیکبوونەیە لە خودای پەروەردگار و، دواتر قبوولبوونی مرۆڤە وەکو بەندەی ساڵح و براوەی

قیامەت، بەڵام دەکرێت بگوترێت ئیخوان موسڵمانانی دابەش کرد بەسەر حزبی بوون و ئینتیمای حزبیدا، کە دانانی پڕۆگرامێکی تایبەتی حزبی کە ئیلتیزاماتی تەنزیمی و دیاریکردنی کار و چالاکیی گرووپی سیاسیی بە دوای خۆیدا هێنا، لەم ڕووەوە ئیخوان زیانی بە یەکڕیزیی ئوممەتی ئیسلام گەیاند، نەك بە ئایین، چونکە خودی ئایینەکە نەگۆڕە و قابیلی زیانکردن نییە، لەم سۆنگەیەشەوە دەبینین کە لە کاری خۆیاندا جۆرێك لە تێهەڵچوون لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بەرچاو دەکەوێت. ئیخوان لە هەر زەمینەیەکدا خۆیان بینیبێتەوە بیریان لە پەلامار و تێهەڵچوونی دەسەڵات کردووەتەوە، لە دانانی پلان لە دژی ئەو سیستم و دەسەڵاتە لە شێوەی دروستکردنی ڕەوشێکی ئینقلابی و گۆڕینی سیستم و تەنانەت ڕوخساری کاربەدەستان، کە زۆرجار لەم هەنگاوانەیاندا نەگەیشتوونەتە ئامانج و باجی زۆریان داوە و گەنجێتیی شوێنکەوتووانیان لە ناو بردووە، چ بە کوژران لە پێناو پلانەکانیان بووبێت، یان زیندانی، یان هەڵاتن و ڕاکردن، لەپاش ئەو زەرەر و چەرمەسەرییانەش نەیانتوانیوە ڕێچکەی خۆیان ڕاست بکەنەوە و زیاتر لە سیاسەتی شەرعی تێبگەن. ئەو سیاسەتە پڕ لە حیکمەتەی کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە و سەدان ساڵ کەسانی دڵسۆز و بوێر توانییان بە هۆیەوە خەڵکی بەڕێوەبەرن و ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەییان بۆ دابین بکەن، هەموو ئەو ڕاستییانەی کە باسمان کرد لە هاتنە سەر حوکمی ئیخوان موسلیمین لە میسر بەرجەستە دەبێت، کاتێك لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٢ کە محەمەد مورسی بووە سەرۆك کۆماری پێنجەمی میسر تا لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکەی لەلایەن عەبدولفەتاح سیسی لە ٣ی/٢٠٠٣/٧ بە هۆی نەبوونی تێڕوانینی ستراتیژی و خەیاڵی ستراتیژی لەو ماوەی دەسەڵاتەیدا، چونکە کاکڵەی سیاسەت جۆرێکە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی قووڵ و پێشبینیکردنی داهاتوو و دانانی چەندین سیناریۆ، دەبینین کە مورسی ستراتیژی لە بواری سەربازیدا نەبوو، وەك لە یەکێك لە نووسراوەکاندا کە دزەی کرد و بڵاو کرایەوە ئەوە بوو کە پێش ئەوەی محەمەد مورسی دەسەڵات وەربگرێت و سوێندی یاسایی بخوات دەڵێت: «ئەنجومەنی سەربازی ڕێگە بە مانەوەی محەمەد مورسی نادات کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەمە لە باشترین حاڵدا کە ئەگەر بتوانێت یەك ساڵیش بمێنێتەوە»، هەروەها لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتیشدا جارێکی دیکە دەڵێت: «بەڵێ مورسی سەرکەوت و هێزی سەربازی هەر ماوە»، ئەم دەقانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە پلانەکانی ئیخوان بە هۆی نەبوونی ستراتیژییەتەوە بە ئاکام نەگەیشتووە و سەرئەنجامیش شکست بووە بۆ موسڵمانان.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلیمین دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پڕۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن. ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- وەکو بیری گشتی، ئیخوان جگە لە عەرەب و عەرەبچێتی بیر لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناکاتەوە، هەر بۆیە نابینین لە سەردەمی درێژترین شۆڕشی کورد تا دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ١٩٧٦/٥/٢٦هیچ جۆرە پەیامێکی پشتگیری لە شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکەی کورد کردبێت، یان سەرکۆنەی کاولکاری و کوشتن و بڕینی کوردان لەلایەن بەعسەوە بکەن و بە کوشتنی بە ناهەق و لەناوبردنی نەتەوەیەکی ماف زەوتکراوی لە قەڵەمی بدەن، یان ئەو ئەندام و نزیکانەی ڕێکخستنەکانی ئیخوان لە عێراقدا کە لە ڕیزی سوپای ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقدا بوون لە فڕۆکەوان و ئەفسەی گەورەی هەموو بوارەکانی سەربازی، ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرانی ئیخوان پێیان نەوتن کە دەستدرێژی مەکەنە سەر خەڵکی سڤیل و بێچەکی کوردستان، پێیان نەوتن کە لادێ و ڕەز و باخ و کانیاوی کوردستان بۆردومان مەکەن، پێیان نەوتن دەست لە کارەکانتان

**ئیخوان جگە لە عەرەب و عەرەبچێتی بیر لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناکاتەوە، هەر بۆیە نابینین لە سەردەمی درێژترین شۆڕشی کورد تا دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ١٩٧٦/٥/٢٦هیچ جۆرە پەیامێکی پشتگیری لە شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکەی کورد کردبێت**

**نامۆبوونی ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستان لەووە سەرچاوەی گرتووە کە بیر و عەقیدەی جیاواز لە ڕێگە ڕاستەکەی ئیسلامیان پەیڕەو کردووە**

**ئەحزابی ئیسلامی بە هاوردەکردنی بیری فیرقەیی دەرەوە بیرێکی زۆر نامۆ و جیاوازیان بەسەر میللەتی کوردستاندا هێناوە، کە ئەمە زەرەری بۆ موسڵمانێتی و لایەنی نیشتمانی و خەڵکەکەی ئێمە هەیە**

بکێشنەوە، تەنانەت زانا ناودارەکانی عێراق کە لێپرسراوی گەورەی ئیخوان بوون لە عێراق هیچ جۆرە پەیامێکیان نەبوو لە نموونەی (شێخ محەمەد مەحموود ئەلسەواف، عەبدوالکەریم زێدان، نەعمان سامەڕائی، عەبدولمونعیم سالح ئەلعەلی ئەلعزی، ئەیاد ئەلعزی، غانم حەمودات) و چەندانی دیکە، کە چاوەڕێ دەکرا پەیامێك، هاوسۆزییەك، دەستگرتنەوەیەك بۆ شۆڕش و گەل و خاکی کوردستان لەلایەن ئەو زانا و موفتییانەی ئیخوانەوە دەربکرایە، کە بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی گرنگی دەبوو، بەڵام ئەوان چونکە وابەستەی بیری عرووبە و ناسیۆنالستی عەرەبی بوون، لەو ڕووەوە ڕەنگە هەڵویستی داگیرکارانی کوردستانیان بە پەسند زانیبێت و دۆزی کوردیان بە بابەتێکی پەراوێزخراو و ناستراتیژی هەژمار کردووە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- هەڵبەتە زاراوەی ئیسلامی سیاسی هەڵەیە و بە زۆر داتاشراوە، لە بری ئەوە دەبێت بگوترێت «حزبایەتیی دینی»، چونکە ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئابووری و ئیسلامی فەرهەنگی نییە، بەڵکو ئیسلام ئیسلامە و هەموو ئەمانەی وەك کایەکانی ژیان و پەیوەست بە مرۆڤ و دەوروبەرەکەی لەخۆ گرتووە، نامۆبوونی ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بیر و عەقیدەی جیاواز لە ڕێگە ڕاستەکەی ئیسلامیان پەیڕەو کردووە، کە کورد لە کوردستاندا هەزار ساڵ زیاترە لەسەری ژیاوە و مردووە. زانایانی کورد کە چاوگی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون، سەر بە عەقیدەی ئەهلی سوننە و پەیڕەوی مەزهەبی شافعی بوون، بەڵام ئەحزابی ئیسلامی بە هاوردەکردنی بیری فیرقەیی دەرەوە بیرێکی زۆر نامۆ و جیاوازیان بەسەر میللەتی کوردستاندا هێناوە، کە ئەمە زەرەری بۆ موسڵمانێتی و لایەنی نیشتمانی و خەڵکەکەی ئێمە هەیە. هەر بۆیە حزبی ئیسلامی کە لە شۆڕشی کورددا بەشدار نەبووە و شۆڕشەکە بە شۆڕشی ناموسڵمانی دەزانن و ناتوانن بە شکۆوە باسی بکەن و شانازیی پێوە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو شۆڕشانە میراتگری خۆیان هەیە و سەرکردەی گەورەیان هەیە. هەر بۆیە ئەگەر بە گەورەیی باسی ئەو مێژووە بکات، دەبێت خۆی بە کەسی نزیك و دڵسۆزی ئەو سەرکردانە بزانێت، کە ئەمەش لەگەڵ چاوگی دروستکاری ئەو حزبانەدا یەك ناگرێتەوە. مەرج نییە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی مێژوویەکی دیکەدا بێت، کە مێژووی عەرەبییە، بەڵکو لە ئەنجامی جیاوازیی بیرکردنەوە و پەیام و هەڵویست جۆرێك لە دوورکەوتنەوە لە مێژووی گەلی کورد لای ئەوان دوست دەبێت، خۆ ناکرێت ئەندامێکی خۆی پەروەردە بکات لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی سەرکردەکانی کورد کە سەرئەنجام لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی خۆیدا یەك نەگرێتەوە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبوویێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن. ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- هەڵەیەکی گەورەیە کە بگوترێت فلان لایەن، یان فلانە کەس لە بیری ئیسلامکردن، یان موسڵمانکردنی گەلی کورددان، چونکە گەلی کورد لە ساڵی ١٦ی کۆچییەوە بە خواستی خۆی موسڵمان بووە و موسڵمانێتییەکی ڕاستەقینەی کردووە و ئیسلامی بە بەرنامەی ژیانی خۆی زانیوە، لەژێر سایەی ئەم ئایینە پیرۆزەشدا بە ئازادی و کامەرانی گەیشتووە، بەڵام بیری تەکفیری و توندڕەوەی و لامەزهەبی جگە لەوەی بیرێکی هاوردەکراوی نانیشتمانییە و زانا و دەنگی کوردبوون لەم کۆمەڵگەیە نەفی دەکات، ئینجا ڕێباز و عەقیدەی پاکی ئیسلام کە تەریقەت و حوجرەکانی وڵاتی ئێمە کە چەندین سەدەیە پاراستوویانە، کاڵی دەکاتەوە و ڕیزی موسڵمانانی کوردیش تێك دەدات، بۆیە ئایین

**حزبی ئیسلامی کە لە شۆڕشی کورددا بەشدار نەبووە و شۆڕشەکە بە شۆڕشی ناموسڵمانی دەزانن و ناتوانن بە شکۆوە باسی بکەن و شانازیی پێوە بکەن**

**گەلی کورد لە ساڵی ١٦ی کۆچییەوە بە خواستی خۆی موسڵمان بووە و موسڵمانێتییەکی ڕاستەقینەی کردووە و ئیسلامی بە بەرنامەی ژیانی خۆی زانیوە**

**گوندێك نەبووە لە کوردستان کە حوجرە و فەقێی لێ نەبووبێت و مزگەوتی نەبووبێت و زانایەکی ئایینی پێشەوایەتی نەکردبن**



تەنیا ئیسلامە و موسڵمانانیش شوێنکەوتەی ئەو ئایینەن، تەنانەت پێش دەرکەوتنی گرووپە ئیسلامییەکان خزمەتەکانی کوردی موسڵمان بۆ ئایینەکەیان کە ئیسلامە زۆر زیاتر بووە، گوندێك نەبووە لە کوردستان کە حوجرە و فەقێی لێ نەبووبێت و مزگەوتی نەبووبێت و زانایەکی ئایینی پێشەوایەتی نەکردبن، هەروەها لایەنی ماڵی و بەڕێوەبردنیش تەنیا لەسەر خەڵکی گوندەکان بوون، مامۆستا و زانا ئایینییەکەش هەردوو چەمکی دینداری و نیشتمانپەروەریی پێکەوە گرێ داوە و ئەو دوو چەمکە گۆش و پەروەردەی کردوون.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئوسووڵیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سری» دامەزراوە. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- بیری توندوتیژی لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا سەرهەڵبدات بەرەو نەمان و لەناوبردنی دەبات، ئەم ڕەوتە تایبەت نییە بە تەنیا بە یەك ئایین و یەك نەتەوە و یەك وڵاتەوە، بەڵکو لە هەر شوێنێك توندوتیژی هەبێت، ناسەقامگیری لەوێیە و کوشتن و برین لەسەر بیروبۆچوون کارێکی دژوارە. یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە کورد شانازیی پێوە دەکات نەبوونی بیری توندوتیژییە، هەر وەکو دەبینین بە درێژای ١٤سەدە کورد ئاییندار بووە و بەرگریی لە ئایین کردووە و خزمەتی ئاییندارەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆی کردووە، بەڵام هەرگیز ڕێگەی بە بیری توندوتیژی نەداوە و تەنانەت لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا کورد و سەرکردایەتییەکەی ڕێگەیان بە خۆیان نەدا کە تەقینەوەیەك لە ناو شار و هاووڵاتیاندا بە ئەنجام بگەیەنن، هەروەها ڕێگەیان بە خۆیان نەداوە شەڕی نەتەوەیی (کورد و عەرەب) هەڵبگیرسێنن، هاوکات ڕێگەیان نەداوە لە بەرانبەر کردەوەی تیرۆرستی دژ بە سەرۆکی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی تۆڵەی هاوشێوە بکرێتەوە، کەواتە گەلێك ئامادەی کاری تیرۆر نەبێت، هەرگیز بیری توندوتیژی لە ناو خاك و هزر و بیرکردنەوەیدا جێگەی نابێتەوە. هەر بۆیە تاکە نەتەوەیەك کە بیری توندوتیژی لە ناویدا پووکایەوە و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان

**تاکە نەتەوەیەک کە بیری توندوتیژی لە ناویدا پووکایەوە و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان نەیانتوانی لە ڕێڕەوە ڕاستەکەی لای بدەن و بیگۆڕن، گەلی کوردە**



نەیانتوانی لە ڕێڕەوە ڕاستەکەی لای بدەن و بیگۆڕن، گەلی کوردە، کە هەر ئەم گەلەش بۆ یەکەم جار توانی لە ژێر فەرماندەیی سەرۆك و مەرجەعی کوردان سەرۆك مسعود بارزانی ئەفسانەی داعش تێك بشکێنێت.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی فتوادانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیرئەلموئمینین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- فتوادان ئەرکی نوخبەیەکی هەڵکەوتووی هەر گەل و نەتەوەیەکە کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا شارەزا بن و تەواوی زانستە ئیسلامییەکانیان خوێندبێت و تاوتوێیان کردبێت، نابێت کەسانێك لە خۆڕا و بە بێ شارەزایی و بە کەمزانستی فتوا بدەن لەسەر هەموو بابەتەکان، چونکە سەرئەنجام کۆمەڵگە بەرەو توندوتیژی و نەهامەتی و تێکدانی یەکڕیزی دەبات. زۆرێك لەو وڵاتانەی کە تووشی شەڕی ناوخۆ و توندوتیژی بوون، بە هۆی فتوای توندڕۆکانەوە بووە، کە لە کۆتاییدا زەرەرمەندی یەکەم هەر هاووڵاتیان بوون. هەر بۆیە پێویستە گرووپە ئیسلامییەکان سەرقاڵی ڕای مەدەنییانەی ئارام و بێ کێشە بن، دەبێت بابەتی فتوا لە دەستێکی پاکی ئەمیندا بێت، کە ئەمڕۆ خۆی لە ئەنجومەنی باڵای فتوای هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، ئەو ئەنجومەنەی کە بەشێکە لە یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و یادگاریی مەلا و زانا و سەیدەکانی کوردستانە کە ١٤٣٠ساڵە ئەو ڕەوتە ئارام و میانڕەوە لە کوردستاندا هەیە و ئیسلامی وەکو خۆی ڕاگەیاندووە و لە سایەیدا خاکی کوردستان ئاوەدان بووە و، پێکهاتەکانی دیکەی وەکو جوولەکە و گاور و ئایینزاکانی دیکەی لە ژێر چەتری ئەم فتوا ئارامەدا ژیاون و هیچ کێشە و گرفتیکیان نەبووە، بەپێچەوانەوە هەر فتوایەکی توند و ناڕاست دەبێتە هۆی کوشتن و بڕین و ناسەقامگیری، هەر بۆیە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بدات بە ئەنجومەنی باڵای فەتوا و زانا ڕەسەنەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە گەل و ئایین و نیشتمان بکەن.

**زۆرێک لەو وڵاتانەی کە تووشی شەڕی ناوخۆ و توندوتیژی بوون، بە هۆی فتوای توندڕۆکانەوە بووە، کە لە کۆتاییدا زەرەرمەندی یەکەم هەر هاووڵاتیان بوون**



■ کوردی فەیلی پاڵپشتیی شۆڕشی ئەیلوولیان کرد و بەعسییەکانیش ئەمەیان لەبیر نەکرد و لە ١٩٨٠ کۆمەڵکوژیان کردن

■ تەعریبکردنی کوردی فەیلی کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر گۆڕینی تۆپۆگرافیای ناوچەکانیان کردووە

## ماهیر مەحموود شوهانی

کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی:

# هێزێک هەیە بە نهێنی لەژێر پەردەوە دژایەتیی توندی گەڕانەوەی کوردی فەیلی دەکات

**جینۆسایدی کوردی فەیلی یەکێکە لە قێزەوەنترین تاوانەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بە چەند قۆناغێك ئەم تاوانە نەگریسەیان دەرهەق بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردی ئەنجام دا. ئەم تاوانە دژە مرۆییە بووە هۆی کوشتن و ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێی زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کوردی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی نزیکەی ٢٠ هەزار گەنجی کوردی فەیلی و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و حاڵیان و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ گەورەترین شاڵاو دژی کوردی فەیلی دەستی پێکرد. گۆڤاری گوڵان لە چوارچێوەی زنجیرە چاوپێکەوتنەکانی و هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەشەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دژ بە پێکهاتەی کوردی فەیلی، دیدارێکی لەگەڵ ماهیر مەحموود شوهانی کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** کوردی فەیلی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٧٣ و ١٩٨٠ ڕووبەرووی پەراوێزخستن و تەرحیل و تەعریب بوونەتەوە، تاوەکو لە ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی بەعس گەورەترین شاڵاوی پاکتاوکردنی کوردی فەیلی دەست پێکرد. وەکو کەسایەتییەکی ناسراوی ناو کوردی فەیلیکە لەناو خانەوادەکەشتان چەندین گەنج بوونەتە قوربانی، ئایا هۆکاری ئەم جینۆسایدە بەرانبەر کوردی فەیلی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- کوردی فەیلی لە دێرزەمانەوە لە عێراق پەراوێز خراون و ڕووبەڕووی تەرحیل و تەعریب بوونەتەوە، ئەمەش بە هۆی کوردبوونیان و بەشداریکردنیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و بەتایبەتی بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول بووە، نەوەکو ئەو پاساوانەی کە گوایە پاشکەوتەی ئێرانین و ڕەگەزنامەی عێراقیان نییە. ئەوە بوو لەسەردەمی ڕژێمی سەدام زنجیرەیەك تاوانی قێزەوەن و جینۆسایدی بە بەرنامە دارێژدراو دەرهەق بە کوردی فەیلی ئەنجام درا، بەتایبەتی دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٦٦ی ڕژێمی بەعس کە تێیدا کوردی فەیلی لە ڕەگەزنامەی عێراقی و تەواوی مافەکانیان بێبەش کران، لە چەند شاڵاوێکدا بە زۆر زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران و ژمارەیەکی زۆریشیان کوژران، ئەمەش هەمووی بە پاساوی «پاشکەوتەیی ئێران» و گوایە بەکرێگیراوی ئێرانن کە خۆی لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوە بوو، کوردی فەیلی دژی قەومچییەکان و بەعسییەکان بوون و مەبادیئەکانی حزبی بەعس و بەناو شۆڕشیان پێ قبووڵ نەدەکرا، لەگەڵ ئەم شاڵاوەی دەرکردنەشدا شاڵاوێکی دیکەی دەستگیرکردنی گەنجەکان و تالاکردنی ماڵ و موڵکیان و تەرحیلێکی دیکەی ناوخۆیی و چۆڵکردنی گوندەکانیان دەستی پێکرد، کە ناسراوە بە شاڵاوی کۆمەڵکوژیی ١٩٨٠ لەلایەن سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی دژی کوردی فەیلی، لەم شاڵاوەدا کوردی فەیلی تاوانبار کران بە دژایەتیکردنی بیروباوەڕەکانی سیاسی و ئامانجەکانی سەورەی حزبی بەعس. لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەم تاوانکارییە داوە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کوردی فەیلی بە زۆرەملێ لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا ڕاپێچی ئێران کراون و لە هەموو مافەکانیان بێبەش کراون و دەست بەسەر ماڵ و موڵك و بەڵگەنامە ڕەسمییەکانیاندا گیراوە و ژمارەیەکی گەنجیشیان بێسەروشوێن کراون و دواتر کوشتیانن و تا ئەمڕۆ ڕوفاتەکانیان نەدۆزراوەتەوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە ٢٠٠٣ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد، ڕەگەزنامەیان تەنیا بۆ ١٠٠ هەزار کوردی فەیلی گەڕاندووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی کە بە زۆرەملێ کۆچی ئێرانیان پێکرابوو، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرابووەوە لە سەرووی ٣٥٠ هەزار کەس بوون.

*** کەواتە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کوردی فەیلی هەموو مافەکانیان بۆ نەگەڕایەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا چی ڕێگر بووە لە بەردەم گەڕانەوەی مافەکانی کوردی فەیلی بەتایبەتی کە لەلایەن دادگاکانی عێراق و**

**کوردی فەیلی لە دێرزەمانەوە لە عێراق پەراوێز خراون و ڕووبەڕووی تەرحیل و تەعریب بوونەتەوە**

**لە چەند شاڵاوێکدا بە زۆر زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران و ژمارەیەکی زۆریشیان کوژران**

**کوردی فەیلی دژی قەومچییەکان و بەعسییەکان بوون و مەبادیئەکانی حزبی بەعس و بەناو شۆڕشیان پێ قبووڵ نەدەکرا**

**پەرلەمان و حکومەتی عێراقەوە کۆمەڵێك بڕیار بۆ گەڕانەوەی ئەو مافە مەعنەوی و ماددییانە دەرکرابوون؟**

- لەدوای ٢٠٠٣ بەتایبەتی لە ٢٠٠٦ لەلایەن هەندێك سەرکردەی کوردی فەیلییەوە دەنگی گەڕانەوەی مافەکانی کوردی فەیلی بەرز بووەوە و زۆر لایەنی کوردستانی و عێراقیش داوای قەرەبووکردنەوە و گەڕانەوەی مافی کوردی فەیلی کرد، بەوەی بە سێ هۆکار کوردی فەیلی ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە (کوردبوون، مەزهەبی شیعە، گەلێکی نیشتمانپەروەر بوون و زۆربەیان پاڵپشت و هاوکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون). لێرەدا نابێت ڕۆڵی مالیکی لەو سەردەمەی گەڕانەوەی کوردی فەیلی لەبیر بکەین، هەرچەندە لە ڕووی پراکتیکییەوە گەڕانەوەی مافی کوردی فەیلی لە ئاست قوربانی و مەزڵومیەتەکەدا نەبووە. ئەمە وێڕای بڕیارەکانی دادگای تاوانەکانی عێراق و پەرلەمان و بڕیار و بەڵێنەکانی حکومەتی عێراق. ڕاستە لێرە و لەوێ هەندێك قەرەبووی ماددی هەبووە، بەڵام مەزڵومیەتی کوردی فەیلی تا ئەمڕۆ لە عێراقدا هەڵنەگیراوە و هێزێك هەیە، بە نهێنی لەژێر پەردەوە دژایەتیی توندی گەڕانەوەی کوردی فەیلی دەکات. بۆیە لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی و دوای بڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق و بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتیش، کەچی هێشتا مەزڵوومییەتی کوردی فەیلی بەردەوامی هەیە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

١- پەرشوبڵاویی کوردی فەیلی و دابەشبوونیان بە سەر کۆمەڵێك حزب و لایەنی سیاسی و هەمووشی لەسەر حیسابی دۆزی ڕەوای کوردی فەیلی بووە.

٢- جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی دژی کوردی فەیلی لەلایەن ڕژێمی بەعس دەرکرابوون.

٣- تا ئەمڕۆش لە ڕەگەزنامەی عێراقی بەشی بیانییەکان هەڵنەگیراوە و ئەگەر کوردێکی فەیلی کاروبارێکی لەو بەڕێوەبەرایەتییە هەبێت، ڕاستەوخۆ دەینێرنە بەشی بیانییەکان.

٤- نەگەڕانەوەی ماڵ و موڵکی کوردی فەیلی و ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لە ئێران و دەرەوەی وڵاتن و نەگەڕاونەتەوە.

کێشەکە لەوەدایە ڕژێمی بەعس هەڵوەشاوەتەوە، کەچی پێگە و دەسەڵاتەکانیان لەناو دامەزراوەکانی عێراقدا هێشتا هەر ماوەتەوە و دژایەتیکردنی کوردیش بەردەوامی هەیە.

*** خۆ ئەگەر بڕیارەکانی دادگا و پەرلەمان و حکومەت لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ نەکرێت، کەواتە چۆن دۆسیێ تەعریب و تەرحیل و داگیرکردنی ماڵ و خاکی کوردی فەیلی چارەسەر دەکرێت؟ ئایا شوێنەوارەکانی ئەم داگیرکردنە بە کوێ گەیشتووە؟**

- هەتا ئەمڕۆش نەتوانراوە ئەو ماڵ و خاکەی کوردی فەیلی کە داگیر کراون، بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە. من هەرچی ماڵی مام و خاڵەکانم هەیە تا ئێستا بە داگیرکراویی ماونەتەوە. ئەوەتا بۆ نموونە موحسین ئەبو گاتیع کە کەسایەتییەکی ناسراو و نزیك بووە لە مەلا مستەفا بارزانی، کاتێك بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن، ماڵ و حاڵیان داگیرکرا و تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێتەوە. زۆربەی موڵکەکانیان لە حەفتاکاندا تاپۆی نەبوو. ئەوەی بەڵگەنامەیەکیشی هەبوو، پێش تەرحیلکردنیان دەستی بەسەردا گیرا. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە موڵك و دووکانەکانی کوردی فەیلی لە بەغدا لەناو جەرگەی شار و ناوچەی بازرگانی بووە و نرخەکەیان گرانبەها بووە، بۆیە هەرگیز هیچ کەسێك بەو شێوەیە دادپەروەرییە نە خانووەکەی دەست کەوتەوە، نە قەرەبووش کرایەوە. زۆر لە موڵك و خانووەکانی کوردی فەیلی دەدرا بە پیاوانی ڕژێمی بەعس و چەندین فرۆشتن و کڕینیان پێوە کراوە. کاتێك هاوڵاتییە کوردە فەیلییەکە بەدواداچوونی بۆ خانووەکەی دەکرد، ڕاستەوخۆ چەندین دەستی پێوە کرابوو لە کۆتاییدا ئەوە دەسەلمێنرا کە سەرەتا دەوڵەت ئەو خانووەی فرۆشتووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەرچی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە هەیە، بە ناوچەی کوردی فەیلی ناسرا بوو کە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کشتوکاڵی دادەنرێت و خاکی بەپیت و ئاوی سازگاری لێ بووە، بۆیە چاوێکی زۆری داگیرکردنی لەسەر بوون. ئەوە بوو لە کۆتاییدا هەر هەمووی تەعریب کرا و چەندین خێڵی عەرەب هێنرایە ئەم ناوچانە و نیشتەجێ

**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد، ڕەگەزنامەیان تەنیا بۆ ١٠٠ هەزار کوردی فەیلی گەڕاندووەتەوە**

**تا ئەمڕۆش لە ڕەگەزنامەی عێراقی بەشی بیانییەکان هەڵنەگیراوە و ئەگەر کوردێکی فەیلی کاروبارێکی لەو بەڕێوەبەرایەتییە هەبێت، ڕاستەوخۆ دەینێرنە بەشی بیانییەکان**

**ڕژێمی بەعس هەڵوەشاوەتەوە، کەچی پێگە و دەسەڵاتەکانیان لەناو دامەزراوەکانی عێراقدا هێشتا هەر ماوەتەوە و دژایەتیکردنی کوردیش بەردەوامی هەیە**

**هەتا ئەمڕۆش نەتوانراوە ئەو ماڵ و خاکەی کوردی فەیلی کە داگیر کراون، بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە**

بوون. بۆیە بە تەئکید داگیرکردن و تەعریبکردنی ناوچەی کوردی فەیلی کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر گۆڕینی تۆپۆگرافیای ناوچەکانیان هەبووە. هەر ئەم زوڵم و داگیرکارییەش بوو وای لێ کردبوون پاڵپشتیی شۆڕشی ئەیلول و زۆر لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بکەن.

* هەرچەندە لە هەشتاکاندا کۆمەڵکوژیی کوردی فەیلی لە بارودۆخێکی هەستیار و لەبەر چاو و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجام درا و ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کران، بۆچی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ هەتا ئێستا ڕوفاتی کوردی فەیلی نەدۆزراونەتەوە؟

- سەدام و بەعس خاوەنی دەسەڵاتێکی خوێناوی و توندوتیژ بوون، ئەوان لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق- ئێراندا بوون، لەو سەردەمەشدا ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوون و پاڵپشتیی سەدام حوسێنیان دەکرد، بۆیە جینۆسایدەکە و دەستگیرکردنی گەنجەکانی کوردی فەیلی بە بێدەنگی ئەنجام درا. سەرەتا ئەم ڕەشبگیرییە بە مەبەستی بێدەنگبوونی خێزانەکانیان بوو، بۆیە تا ماوەیەکیش خێزانەکانیان سۆراغی کوڕەکانیان دەزانی، بەڵام دواتر سۆراغی گەنجەکانی کوردی فەیلی نەما و زانیارییەکانمان پێگەیشت بەوەی قەتڵوعام کراون و تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام دراوە. ئەو زیندانییانەش بەسەر گرتووخانە و زیندانە گەورەکانی موخابەرات و ئەبوغرێب و نوگرە سەلمان دابەش کرابوون. لەبیرمە منداڵ بووین لەگەڵ دایکم دەچووین سەردانی گەنجەکانی کەسوکارمان دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەك ئیتر لەو زیندانانە گوازرانەوە و سۆراغیان نەما، تا لە دوای ڕووخانی بەعس بەڵگەنامەی لە سێدارەدان و مردنیانمان لە فەرمانگەکانی موخابەرات دەست کەوت و بە ڕوونی تۆمەتیان ئاراستە کرابوو، بەوەی لەسێدارە دراون بە هۆی (عدم الولاء للشعب والأرض والمبادیء السیاسیة والاجتماعیة للثورة)، لە کاتێکدا کوردی فەیلی کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و ڕەسەنن و خاک و نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن.

* بەشداریکردنی کوردی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلول چۆن بوو، بەتایبەتی باس لەوە دەکرێت کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا گەڕایەوە، لە شاری بەسراوە تاوەکو بەغدا کوردی فەیلی پێشوازییان لێ کردووە و شەوان بە نۆرە پاسەوانی شوێنی حەوانەوەیان دەکرد. پرسیار لێرەدا ئەوەیە هۆکاری نزیکبوونەوەی کوردی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلول بۆ چی دەگەڕایەوە؟

- لە حەفتاکاندا کۆچپێکردنی بە زۆرەملێی کوردی فەیلی بۆ بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی دەگەڕایەوە، دواتریش بەعسییەکان ئەم پاڵپشتی و هاوکارییەیان لەبیر نەکرد، بەردەوام مەترسیی ئەوەیان لەدڵدا بوو کە کوردی فەیلی کەسانی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرن و پاڵپشتی لە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان دەکەن، بۆیە کوردی فەیلی لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کورد زیاتر ڕووبەڕووی شاڵاوی ئەنفال و تەرحیل و تەعریب بوونەوە. هەر خۆی لەخۆیدا کوردی فەیلی بەعسییەکانیان خۆش نەدەویست و لەناو هەموو بزووتنەوە و جووڵانەوە ئازادیخوازەکان لە دژی بەعس بوون. کوردی فەیلی لە پێشەنگی ئەوانەدا بوون کە بانگەشەی ئازادییان دەکرد بە گیان و پارە هاوکاری و پاڵپشتیی شۆڕشەکانیان دەکرد، بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلول و پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی بوون. بەعسییەکان زۆر لە کەسایەتی نەتەوەیی کوردی فەیلی دەترسان، چونکە ئەوان دژی قەومچییەکان و شۆڤێنییەکان بوون و لەناو جەرگەی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دیجلە خەباتیان دەکرد و پێگەیەکی بەهێزیان هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی کوردی فەیلی هیچ گوناهێکیان نەبوو، تەنیا بە هۆکاری کوردبوون و مەزهەبەکەیان جینۆساید کران و تا ئەمڕۆش ئەو زوڵم و نادادپەروەرییەی دەرهەقیان کرا، لەسەریان لانەبراوە، هەرچی بەڵێن و گوتار و بڕیارەکانی دادگا و پەرلەمان و حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەیە، لە ئەرزی واقیعدا هێندەی قوربانییەکانی کوردی فەیلی کاری پێ نەکراوە و بە مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە.

**زۆر لە موڵك و خانووەکانی کوردی فەیلی دەدرا بە پیاوانی ڕژێمی بەعس و چەندین فرۆشتن و کڕینیان پێوە کراوە**

**ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوون و پاڵپشتیی سەدام حوسێنیان دەکرد، بۆیە جینۆسایدەکە و دەستگیرکردنی گەنجەکانی کوردی فەیلی بە بێدەنگی ئەنجام درا**

**کوردی فەیلی کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و ڕەسەنن و خاک و نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن**

**کوردی فەیلی لە پێشەنگی ئەوانەدا بوون کە بانگەشەی ئازادییان دەکرد بە گیان و پارە هاوکاری و پاڵپشتیی شۆڕشەکانیان دەکرد**



پڕۆفیسۆر سوزان ئارییەل ئارانسۆن بۆ گوڵان:

# ڕەنگە ناسیۆنالیزمی ژێریی دەستکرد ناسەقامگیریی جیهانیی لێ بکەوێتەوە

# دیمانەی تایبەت

سوزان ئاریێل ئارانسۆن، پرۆفیسۆر و توێژەری کاروباره نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، هەروەها توێژەری سەرەکییە لە دامەزراوەی نیشتمانیی زانستەکان و پەیمانگای نیشتمانیی پێوەر و تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکردی شایستە بە یاسا و کۆمەڵگەیە، کە توێژینەوە لە بواری داتا و ژیریی دەستکرددا دەکەن. بەم دواییە وەك یەکێك لە زانایانی بواری تەکنەلۆژیا لەم زانکۆیەدا دیاری کرا، کە تێیدا هانی توێژینەوە فرە پسپۆڕییەکان لە بواری تەکنەلۆژیا دەدات. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی چەند بابەتێکی پەیوەست بە ژیریی دەستکردەوە، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت ناسیۆنالیزمی ژیریی دەستکرد و سەروەریی ژیریی دەستکرد.

*** ئاشکرایە کە ئێستادا ژیریی دەستکرد بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە و ڕەوتی پەرەسەندنەکەشی زۆر خێرایە، ئەمەش مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، باس لە کاریگەرییەکانی لەسەر سەرجەم ڕایەڵە و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، تەنانەت باسی مەترسییەکانیشی دەکرێت و داوا دەکرێت چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێت. بە هەرحاڵ لەم ڕووەوە باس لە سەروەریی ژیریی دەستکردیش دەکرێت، ئێوە چۆن لەم چەمکە دەڕوانن و چۆن پێناسەی دەکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا زۆرێك لە وڵاتان خوازیاری ئەوەن و هەوڵ دەدەن کە سەورەریی خۆیان بەسەر ژیریی دەستکردا بچەسپێنن، واتە لەم ڕووەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان سوودەکانی ژیریی دەستکرد بچننەوە، لە هەمان کاتدا لە دەرئەنجامە خراپ و نەرێنییەکانیشی کەم بکەنەوە. بۆ نموونە لەسەر کار و یەکسانی و.. هتد، هەرچەندە ئەوەی لەم ڕووەوە گرنگە ئەوەیە کە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەو سیاسەتە نەتەوەییانە ئامانج لێیان برەودانە بە ژیریی دەستکرد، بۆی هەیە لە هەمان کاتدا بە سوود بشکێتەوە بۆ هاووڵاتییانی وڵاتانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە میانەی داڕشتن و گەڵاڵەکردنی ئەم سیاسەتانەشدا، ئەوا سیاسەتداڕێژەران و سیاسەتمەداران بەگشتی هەوڵی ئەوە دەدەن ئەوە بخەنەڕوو کە ئامانج

**ئەو ئاڵوگۆڕەی دێتەئاراوە لە بواری ئابووری و سەربازیدا بەهۆی فێربوونی ئامێرەوە سەردەکێشێت بۆ هاتنەئارای ناسەقامگیری، هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

لە بیرۆکەکانیان باشترکردنی بار و گوزەرانی ژیانی دەنگدەرانیانە.

کەواتە ڕاستە هەندێ لە توێژەرانی دەستەواژەی «سەروەریی ژیریی دەستکرد» بەکار دەهێنن، ئەمەش وەك وەسفکردنێك بۆ پشتیوانیکردنی حکومەت بۆ ژیریی دەستکرد. بۆ نموونە توێژەرێکی وەك لوسا بێلی بەم شێوەیە پێناسەی سەروەریی ژیریی دەستکرد دەکات، بەوەی بریتییە لە توانای وڵاتێکی دیاریکراو بۆ تێگەیشتن و برەوپێدان و ڕێکخستنی سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد، کە ئەمەش پەیوەستە بە توانای کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردن و ئاراستەکردنی سیستەمی ژیریی دەستکردەوە. بە پێچەوانەوە توێژەرێکی وەك پابلۆ شافێز جەخت دەکاتەوە لەسەر دەرئەنجام و دەرهاویشتەکە، واتە پێی وایە سەروەریی ژیریی دەستکرد بە برەوپێدان و پەرەپێدانی ستراتیژیی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکردەوە لەلایەن حکومەتە نیشتمانییەکەوە، بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و ئاسایشی وڵاتەکە و توانای ڕکابەریی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە.

*** بەڵام ئێوە خۆتان توێژینەوەتان لەسەر چەمکێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەنجام داوە، کە بریتییە لە ناسیۆنالیزمی ژیریی دەستکرد. ئایا ئەم چەمکە هاوواتایە، یان جیاوازە لە دەستەواژەی سەروەریی ژیریی دەستکرد، ئایا ناوەڕۆکەکەی چییە و چۆن لە سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا من خۆم زیاتر دەستەواژەی ناسیۆنالیزمی ژیریی دەستکردم پێ پەسەند و باشترە، لە ساڵی ٢٠١٨دا کەسێکی پێشەنگکاری بەریتانی بە ناوی «ئیان هۆگارس» دید و تێڕوانینی خۆی بۆ ئایندەی پەیوەست بە سیاسەتی ژیریی دەستکرد خستەڕوو، باسی لەوە کرد کە ئەو ئاڵوگۆڕەی دێتەئاراوە لە بواری ئابووری و سەربازیدا بەهۆی فێربوونی ئامێرەوە سەردەکێشێت بۆ هاتنەئارای ناسەقامگیری، هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە حکومەتەکان ناچار دەکات لەم ڕووەوە هەنگاو هەڵبگرن و تەنانەت سیاسەتی پەیوەست بە ژیریی دەستکردەوە دەبێتە تاکە بواری هەرە گرنگ لە پەیوەندی بە سیاسەتی حکومەتەوە، کە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی خێراترکردنی ڕەوتی خۆپرچەککردن لە نێوان دەوڵەتە سەرەکییەکاندا. ئەوە بوو دوای پێنج ساڵ لە خستنەڕووی ئەم تێڕوانینانە ژمارەیەکی زیاتری وڵاتان ڕێچکەیەکی نوێیان گرتەبەر بۆ برەودان و پێشخستنی ژیریی دەستکرد، کە لەم ڕووەوە ئامادەن بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی دەبنە هۆی دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم ڕکابەرە دەرەکییەکان، یان سوودگەیاندن بە ڕکابەرە ناوخۆییەکاندا، ئەم وڵاتانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، هیندستان، چین، بەریتانیا و ئیمارات دەگرێتەوە.

*** هەر خودی ناسیۆنالیزم ڕکابەری و ململانێ لە نێوان نەتەوەکاندا لەخۆ دەگرێت، کە هەندێ جار سەری کێشاوە بۆ سەرهەڵدان و بەرپابوونی شەڕ و کاولکاری و وێرانکاری لە نێوانیاندا، ئێستاش ئێوە باس لەوە دەکەن کە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد ناسەقامگیریی لە ناوخۆی وڵاتان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش دروست دەکات، ئایا پێتان وا نییە ناسیۆنالیزمی ژیریی دەستکرد ئەگەرەکانی ڕوودانی شەڕ زیاتر بکەن؟**

- جارێ دەبێت ئەوە بڵێم کە من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەی ناسیۆنالیزم سەربکێشێت بۆ شەڕ و ناسەقامگیری، بەڵکو بۆی هەیە لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی تەبایی و و ڕەنگە هەندێ جاریش ببێتە هۆی بەرگرتن لە بەرپابوونی شەڕ، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ برەودان بە ژیریی دەستکرد، کە ئەمەش کارێکە خۆی لە خۆیدا چەند مەترسییەك لەخۆ دەگرێت، وەك:

مەترسیی کەمبوونەوە و لە ئارادانەمانی ئاسایشی مرۆیی، واتە هاوشان بە هەوڵ و کۆششەکانی دەوڵەت بۆ پاڵپشتیکردن لە توانا ناوخۆییەکانی ڕکابەریی پەیوەست بە ژیریی دەستکردەوە، ئەوا ڕەنگە هەندێ دەوڵەت بیر لەوە بکەنەوە کە لەم ڕووەوە خۆیان لە بارگرانی ڕزگار بکەن و ڕەنگە ئەمەش زەمینە خۆش بکات بۆ هەندێ لە کەسە تاوانکار و لادەرەکان

**من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەی ناسیۆنالیزم سەربکێشێت بۆ شەڕ و ناسەقامگیری، بەڵکو بۆی هەیە لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی تەبایی و و ڕەنگە هەندێ جاریش ببێتە هۆی بەرگرتن لە بەرپابوونی ش**

**لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە پێویستە کۆنترۆڵ و جڵەوی توانای ناوخۆیی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد بکەن، ئەوا سیاسەتمەداران لە هەندێ لە وڵاتاندا هەنگاو هەڵدەگرن بۆ مسۆگەرکردنی دەستەبەرکردنی ژیریی دەستکرد**

**ئەمریکا و چین هەوڵ دەدەن هاوکاریی یەکتری بکەن لە چەندین پرسی پەیوەست بە ئاسایشی ژیریی دەستکرد، ئەگەر بە شێوەیەکی کاراش هاوکاری نەکرێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە خراپ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد و ناسەقامگیریی لە جیهاندا لێ بکەوێتەوە**

بۆ بەدەستهێنانی ژیریی دەستکرد، کە ئەمەش لە کۆتاییدا ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازکردن و لەناوبردنی ئاسایشی مرۆیی.

ناسەقامگیریی ئابووری و سیاسی: واتە لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە پێویستە کۆنترۆڵ و جڵەوی توانای ناوخۆیی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد بکەن، ئەوا سیاسەتمەداران لە هەندێ لە وڵاتاندا هەنگاو هەڵدەگرن بۆ مسۆگەرکردنی دەستەبەرکردنی ژیریی دەستکرد، کە خۆی لە خۆیدا بۆی هەیە ئەم هەنگاوانە ببنە هۆی شڵەژاندنی جووڵەی بازرگانی و پێشێلکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی هاوبەشە بازرگانییەکان. بە تێپەڕبوونی کات، بۆی هەیە ئەم هەنگاوانە ببنە هۆی کەمکردنەوەی ململانێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هێزانە داتایان لایە، دەسەڵاتیان بەسەر بازاڕدا هەبێت، کە ئەمەش ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ کەمبوونەوەی ململانێ لە بواری پەرەپێدانی ژیریی دەستکرددا، کە ئەمەش لە کۆتاییدا کەمبوونەوەی بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکردی لێ دەکەوێتەوە. لەوەش زیاتر، بۆ پێشەنگیی بواری ژیریی دەستکرد، ئەمریکا و چین هەوڵ دەدەن هاوکاریی یەکتری بکەن لە چەندین پرسی پەیوەست بە ئاسایشی ژیریی دەستکرد، ئەگەر بە شێوەیەکی کاراش هاوکاری نەکرێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە خراپ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد و ناسەقامگیریی لە جیهاندا لێ بکەوێتەوە.

کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاکە کەسەکان و نەتەوە و جیهان، بەرهەمهێنەران و پەرەپێدەران و بەکارهێنەرانی ژیریی دەستکرد پێویستیان بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە، بۆ ڕاکێشانی ئەم سەرمایە و وەبەرهێنانەش، ئەوا بۆی هەیە هەندێ لە کۆمپانیا و حکومەتەکان بیر لە پشتگوێخستن و پێشێلکردنی پرەنسیپ و ستانداردەکانی ژیریی دەستکرد بکەنەوە، لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژیریی دەستکرددا. لەوەش زیاتر، ڕەنگە سیاسەتداڕێژەران دەست بەسەر داتاکاندا بگرن و کەمتر ئامادە بن بۆ هاوبەشپێکردنی داتاکان، یان دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیاکان سنووردار بکەن. بە تێپەڕبوونی کات کە دەکرێت ئەم هەنگاوانەش وا بکەن زەحمەتتر بێت، بۆ ئەوەی لە بواری بەکارهێنانی ژیریی دەستکرددا




هاوکاری بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی مەعریفە و قبوڵکردنی ڕاستییە هاوبەشەکان، یان کار بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەرچاوەکانی وەک گۆڕانی ژینگە کە لە ئێستادا ناسەقامگیری دەخولقێنێت.

مەترسیی لەدەستدانی دەرفەت: یەکەم، بەهۆی چڕکردنەوەی سەرنجەکان و جەختکردنەوە لەسەر ژیریی دەستکرد، ئەوا بۆی هەیە سیاسەت داڕێژەران لە بایەخ و گەورەیی کێشە ئاڵۆزەکان کەم بکەنەوە، کە کەمکردنەوەی کاریگەری و دەرئەنجامەکانیان کارێکی ئاسان نییە.

دووەم، جەختکردنەوەی زیاد لە پێویست لەسەر ژیریی دەستکرد ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بەرەودان بە تەکنەلۆژیاکانی دیکە فەرامۆش بکرێت.

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆری جۆن موکوم مباکو بۆ گوڵان:

# سەرورەریی یاسا گرنگیی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ هێنانەئارای پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕاکێشانی وەبەرهێنان و برەودان بە گەشتیاری

جۆن موکوم مباکو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا کە لە زانکۆی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستی هێناوە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەیە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان و یاسای ژینگەیی لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئوتا، لە ئێستادا پرۆفیسۆری ئابوورییە لە زانۆی وێبەر ستەیت، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای برووکینگز لە واشنتۆن دی سی. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دروستکردنی حوکمڕانیی باش و سەروەریی یاسا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** ڕوونە کە چەندین دەوڵەت لە جیهاندا بە دەست گەندەڵییەوە گرفتارن و دەناڵێنن، سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە ئایا دەتوانرێت چی بکرێت بۆ کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی؟**

- پێش هەموو شتێك، پێویستە لە وڵاتەکەدا پرۆسەیەکی حوکمڕانی لە ئارادا بێت کە بەلای کەمەوە چەند پرەنسیپێك بگرێتەبەر، لە نێویاندا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بە چەشنێك کە هاوسەنگی هەبێت لە نێوانیاندا و یەکتر لە سنووری خۆیاندا ڕابگرن، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دادوەری هەبێت، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتێکی یاسادانانداکە لە دوو ئەنجومەن پێك هاتبێت، کە هەر یەکەیان دەسەڵاتی تەواوی هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی یاساکانی ئەنجومەنەکەی دیکە، هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری سەربەخۆ و کارا، لەوەش زیاتر، پێویستە کۆمەڵگەیەکی تۆکمەی مەدەنی هەبێت کە لە ڕووی سیاسییەوە چالاك بێت، لەگەڵ بوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییدا، کە بتوانێت چاودێر بێت بەسەر مومارەسەکردنی دەسەڵاتی حکومەتەوە. بە داخەوە زۆرجار حکومەتەکان ئیرادەیەکی سیاسییان نییە بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان، لەبەر ئەوەی ئەندامانی حکومەت ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن لە بوونی شێوە جیاوازەکانی گەندەڵی، بۆ نموونە ئەگەر ئەزموونی هەندێ لە وڵاتە ئەفریقییەکان لەبەرچاو بگرین، ئەوا وڵاتانی وەك کامیرۆن و سوودانی باشوور گەندەڵییان کردووە بە ئامرازێك بۆ دەوڵەمەندکردنی پشتیوانەکانیان لە پێناو درێژەدان بە دەسەڵاتەکانیان.

*** ئەگەر لە پەیوەندیی نێوان گەندەڵی و حوکمڕانیی باش بدوێین، ئەوا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێشمەرجە بۆ دامەزراندن و درێژەدان بە حوکمڕانیی باش؟**

- ئەوە ڕوونە کە گەندەڵی و حوکمڕانیی باش دووانەی دژ بە یەکن، واتە گەندەڵی لەو وڵاتانەدا زیاتر بەربڵاوە کە سیستمێکی حوکمڕانیی خراپیان هەیە، کەواتە یەکێك لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی دەستەبەرکردنی پرۆسەیەکی پتەوی حوکمڕانییە، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر بناغەی پابەندبوون بە سەروەریی یاساوە بێت، واتە پرۆسەیەکی حوکمڕانی بێت کە بەلای کەمەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی تێدا بەدی هاتبێت، لە سایەی حوکمڕانییەکی لەم چەشنەدا دەتوانرێت گەندەڵی کەم بکرێتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە چەند وڵاتێکی ئەفریقا کرد لە پەیوەندی بە بوونی گەندەڵییەوە، لێرەدا دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا بۆچی ڕۆژگارێکی دوور و درێژە ئەم وڵاتانە گرفتارن بەدەست چەندین کێشەی گەورە و قووڵەوە، وەك هەژاری و نایەکسانی و حوکمڕانیی ناکاراوە، بۆچی تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیانی لێ ڕزگار بکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا سیستمی حوکمڕانییان وەك میراتی لە داگیرکارەکانی پێشووەوە بۆ ماوەتەوە، بەداخەوە ئەم سیستمانەش بە چەشنێك دانەڕێژراون کە هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی کارا حوکمڕانیی خۆیان بکەن، هەروەها بڕیار بوو دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییش حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە بەشداریی بە هاووڵاتییان بکەن لە پرۆسەی چاکسازیدا بۆ هێنانە ئارای دامەزراوەی کارا، بەتایبەتی ئەو دامەزراوانەی توانای کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی جووڵەی

**زۆرجار حکومەتەکان ئیرادەیەکی سیاسییان نییە بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان، لەبەر ئەوەی ئەندامانی حکومەت ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن لە بوونی شێوە جیاوازەکانی گەندەڵی**

**وڵاتانی وەک کامیرۆن و سوودانی باشوور گەندەڵییان کردووە بە ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندکردنی پشتیوانەکانیان لە پێناو درێژەدان بە دەسەڵاتەکانیان**

بازرگانی و بەرهەمهێنانی سامانیان هەیە (ئەو سامانەی دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەژاری و باشترکردنی بار و گوزەرانی هاووڵاتییان) هەرچۆنێك بێت، ئەمە ڕووی نەدا و ئەنجام نەدرا، لە دەرئەنجامدا زۆرێك لە حکومەتەکانی وڵاتانی دوای سەربەخۆیی لە ئەفریقا دەستیان بە چاکسازییەکی دامەزراوەیی هەلپەرستانە کرد، بۆ دروستکردنی پرۆسەیەکی حوکمڕانی کە سەرۆکێکی ئیمپراتۆری هێنایە ئاراوە و توانای حکومەتی بەهێز کرد لە پێناو باڵادەستبوون و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەکانی دیکەدا. بەهۆی هەموو ئەوانەوە ئەوا بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و کودەتای سەربازی باڵادەست بوون بەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا لە ساڵانی شەستەکان و حەفتەکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بەڵام لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەتەکانی هەمان سەدەدا و لە دوای داڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەت و کەوتنی ئیشتراکییەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، بە هەمان شێوەی ڕووخانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی لە ئەفریقای باشوور، ئەمەش دۆخێکی دروست کرد کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا دەست بکەن بە بەشدارپێکردنی خەڵك لە پرۆسەکانی چاکسازیی دامەزراوەییدا، ئەویش لەپێناو هێنانە ئارای پرۆسەیەکی حوکمڕانیدا کە لەسەر بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگییان بێت.

*** واتە ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم وڵاتانە دەستیان دایە پرۆسەی چاکسازی و لەم ڕووەشەوە بەشدارییان بە خەڵك و بە هاووڵاتییان کرد، بەڵام ئەگەر لە دەرئەنجامەکانەوە بڕوانین ئەوا پێدەچێت ئەم چاکسازییانە دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتبێتەوە و بگرە کێشەکان ئاڵۆزتر و قووڵتر بووبێتنەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- جارێ با ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم چاکسازییانە، یان ئامانج لەم چاکسازییانە ئەوە بوو کە وڵاتانی ئەفریقا بخەنە سەر ڕێڕەوی دیموکراسی لە ڕێی هێنانە ئارای سیستمێکی هەڵبژاردنی ململانێئامێز و فرە حزبییەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم چاکسازییانە لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا وەك پێویست ئەنجام نەدرا و، تەنانەت بە ماوەیەکی کەم هەندێ لەم وڵاتانەدا لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پاشەکشەیان کرد. ئەوە بوو وڵاتانی وەك مالی، بۆرکینا فاسۆ، گینیا، چاد، و نەیجەر هەندێ بەرەوپێشچوونی دیموکراسییان بە خۆوە بینی، بەڵام دواتر بە هۆی کودەتای سەربازییەوە کۆتاییان پێ هێنرا، هەروەها کودەتا سەربازییەکەی میسریش لە ساڵی ٢٠١٣ ڕەوتی دیموکراسیی بە لاڕێدا برد، دۆخێکی هاوشێوە لە سوودانیش ڕووی دا، کە بەم دواییە خزاوەتە نێو شەڕی ناوخۆییەوە. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا زۆربەی هاووڵاتییان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین و ئابوورییەکی ناسەقامگیریان هەیە، سوودانی باشوور کە لە ساڵی ٢٠١١دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا، هیچ کاتێك نەیتوانیوە ئاستێکی بەرچاوی ئاشتی بەدی بهێنێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوو لە ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەییدا بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەیەکی کارای حوکمڕانی. هەروەها دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئینگلیز زمانەکانی وڵاتی کامیرۆن هەوڵیان دا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە ناڕەزایەتی دەرببڕن، بەڵام ڕووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەوە لەلایەن ئەو حکومەتەی کە فەڕەنسی زمانەکان باڵادەست بوون بەسەریدا، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی کە لە ساڵی ٢٠١٧وە لە ئارادایە، ئەوەتا زۆربەی خەڵکی لەم وڵاتانەدا لەوپەڕی هەژاری و نەبوونیدا دەژین.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە پرسی سەروەریی یاسا کرد، کە بە بەردی بناغەی هێنانەئارای گەشەی ئابووری دادەنرێت، ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، یان دەکرێت بڵێین لەم ڕووەوە دەستەبەرکردنی سەروەریی یاسا دەرمانی هەموو دەردەکانە؟**

- من پێم وایە بە بێ دەستەبەرکردنی ئاشتی، ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە وەبەرهێنەرەکان (ناوخۆیی و دەرەکییەکان) سەرمایە و سامان بخەنەگەڕ بۆ هێنانە ئارای گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووری، لەم ڕووەوە سەروەریی یاسا گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی هێنانە ئارای پێکەوەژیانی ئاشتییانە، کە دۆخێکی لەم شێوەیە پێویستە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و برەودان بە گەشتیاری و دڵنیابوون لە ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە ڕێی جموجووڵی بزنێس و بازرگانییەوە. کە ئێمە دەزانین بێ جووڵەی بازرگانییش نە سەروەت و سامان دروست دەبێت و نە گەشەی ئابووری دێتە ئاراوە، کە ئەمانەش پێویستن نەك هەر تەنیا بۆ دروستکردنی هەلی کار، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی داهاتی گشتی کە پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتی و بنەڕەتییەکان، وەك کارەبا و پەروەردە و ئاوەڕۆ و ئاوی خاوێن و.. هتد.

**یەکێک لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی دەستەبەرکردنی پرۆسەیەکی پتەوی حوکمڕانییە، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر بناغەی پابەندبوون بە سەروەریی یاساوە بێت**

**سوودانی باشوور کە لە ساڵی ٢٠١١دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا، هیچ کاتێک نەیتوانیوە ئاستێکی بەرچاوی ئاشتی بەدی بهێنێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوو لە ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەییدا**

**بە بێ دەستەبەرکردنی ئاشتی، ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە وەبەرهێنەرەکان (ناوخۆیی و دەرەکییەکان) سەرمایە و سامان بخەنەگەڕ بۆ هێنانە ئارای گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووری**



دیمانەی تایبەت

د. ڕۆبی باریت بۆ گوڵان:

# ڕووسیا تووشی شکستێکی سەختی ستراتیژی بووە

رۆبی بارێت، توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پرسی ئەوەی ئایا دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە چی دەبن، بەتایبەت لەسەر ڕووسیا و ئایا ئایندەی ڕووسیا و ئەو ئەگەرانەی چاوەڕوانی دەکەن چین، لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**هیچ کەسێک، تەنانەت سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەو ڕاستییەی لا ڕوون نەبوو کە سوپای ڕووسیا چ قاوغێکی بۆش و بەتاڵە**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پەرەسەندنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە نەك هەر ڕووسیا و سەرۆکی ئەو وڵاتە نەیانتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان بەدی بهێنن، بەڵکو پێدەچێت لە ئێستادا شەڕەکە بە بارێکدا شکابێتەوە کە بۆیان پێشبینینەکراو بوو. ئەوەتا سوپای ئۆکرانیا دەستی بەسەر بەشێکی خاکی ڕووسیادا گرتووە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەبارەی شەڕەکەوە لە ئێستادا چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە تاکە ڕێگایەك بۆ تێڕوانین و لێکدانەوەی داگیرکارییەکەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا بێ هیچ پێچ و پەنایەك مایەی کارەساتە بۆ خودی ڕووسیا. دواتر دەبێت ئەوە نادیدە نەگرین کە پێش داگیرکارییەکە ڕووسیا وێنایەکی هەبوو کە لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخەکەی ئەو کاتەدا یەکی نەدەگرتەوە، لەم ڕووەوەش تووشی بەهەڵەداچوونێکی گەورە بوو. هەروەها نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەم شەڕ و داگیرکارییە مایەی کاولکاریی و کارەسات بووە بۆ ئۆکرانیا و ئۆکرانییەکان، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە هیچ کاتێك ئۆکرانییەکان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە کە ئەوان هێزێکی باڵان یان سوپەر پاوەرن.

*** ئەگەر هەندێ پرسیارەکە وردتر بکەینەوە، ئایا ئێوە چۆن لە ئەدای سوپای ڕووسیا دەڕوانن، بەتایبەتی کە هەندێ پێشبینی ئەوەیان دەکرد، سوپای ڕووسیا بە چەشنێکی خێرا و لە ماوەیەکی کورتدا شەڕەکە یەکلا بکاتەوە و هەلومەرجێکی نوێ بهێنێتەئاراوە، بە چەشنێك ڕووسیا بتوانێت بە کەمترین تێچوون ئامانجی گەورە و بەرچاو بەدەست بهێنێت؟**

- گومانی تێدا نییە کە هیچ کەسێك، تەنانەت سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەو ڕاستییەی لا ڕوون نەبوو کە سوپای ڕووسیا چ قاوغێکی بۆش و بەتاڵە. لەم قۆناغەی شەڕەکەشدا تاکە ڕێگای بەردەم ڕووسیا ئەوەیە کە بە هەزاران جەستەی سەربازەکان بخاتە بەردەم ئۆکرانییەکان کە ئاشکرایە سوپای ئۆکرانیا لە هەموو شەڕ و پێکدادانەکاندا ئەدایەکی باشتریان هەبووە، ڕووسیاش جگە لە زیانی سەربازی، زیانی ڕاستەقینەی بەرکەوتووە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلەتیکییەوە.

**سوپای ئۆکرانیا لە هەموو شەڕ و پێکدادانەکاندا ئەدایەکی باشتریان هەبووە، ڕووسیاش جگە لە زیانی سەربازی، زیانی ڕاستەقینەی بەرکەوتووە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلەتیکییەوە**

*** زۆرجار وا وێنای ئەم شەڕە دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە کە ئەمە شەڕ و ململانێیە لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا، تەنانەت ڕووسیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ناچار بووە ئەم ڕێگاچارەیە بگرێتەبەر، چونکە مەترسیی بەرفراوانبوونی ناتۆ لە ئارادایە، بەڵام ئاشکرایە کە ڕاستە ڕووسیا زیانی بە ئۆکرانیا گەیاندووە، بەڵام پێناچێت ناتۆی لاواز کردبێت، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەم بڕیارەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا بووە هۆی ئەوەی هەردوو وڵاتی فنلەندا و سوید ببنە ئەندامی ناتۆ، واتە لە ئێستادا ناتۆ لە دەروازەکانی سانت پێتێرسبێرگ و بوونی بنکەی دەریایی گرنگ لە ئارکانجاڵ و مورمانسکە، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی جیهان پتر بەهێز و باڵادەست بێت.

*** زۆر باشە، ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە ڕووسیا زیانی ڕاستەقینەی لە ڕووی ئابوورییەوە بەرکەوتووە، کە ئاشکرایە ئەم شەڕە ڕەهەندی ئابووریشی هەیە، ئایا دەکرێت زیاتر لەسەر ئەمە بدوێن؟**

- روونە کە داگیرکارییەکەی رووسیا بووەتە هۆی ئەوەی ئەورووپای رۆژئاوا کەمتر و کەمتر پشت بە هاوردەکردنی نەوت و غازی رووسیا ببەستێت. کەواتە ئەگەر لە روانگە و رەهەندێکی ئابوورییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا لە ئێستادا رووسیا بە رادەیەکی گەورە هەوڵەکانی چڕ کردووەتەوە لەسەر پیشەسازیی بەرگری، بەڵام بوارەکانی دیکەی ئابووری لەو وڵاتەدا بەرەو داڕووخان دەچن. هەرەشەی راستەقینە کە رووی لە رووسیا کردووە - کە خودی پوتینیش دەرکی پێدەکات- باری دیموگرافیە لەو وڵاتەدا. ئەوەتا رووسیا ٣٥٠،٠٠٠ بۆ ٤٥٠،٠٠٠ کەسی لەدەست داوە کە لە تەمەنی کارکردن و وەچەخستنەوەدا بوون. سەرباری ئەوەش نزیکەی یەك ملیۆن کرێکاری کارامە وڵاتەکەیان جێهێشتووە و هەڵاتوون لە ترسی ئەوەی نەکرێنە سەرباز. هەروەها رێژەی زیادبوونی دانیشتووان لە رووسیادا کەم بووەتەوە، ئەمە هاوشان بەو زیانە مرۆییانەی بە هۆی شەڕ و کۆچ و نادڵنیایی سیاسییەوە هاتوونەتە ئاراوە.

*** کەواتە ئەگەر رووسیا لە رووی سەربازییەوە لە دۆخێکی باشدا نەبێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕەکەوە، ئەگەر رەوشە ئابوورییەکەش بەو شێوەیە بێت کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، ئایا تاکەی رووسیا دەتوانێت درێژە بەم دۆخە بدات؟**

- هەر لە پەیوەندی بە بواری ئابوورییەوە ئەوا ئاشکرایە کە رووسیا لە رووی ئابوورییەوە لە رۆژئاوا دابڕاوە، واتە لە هەمان دۆخی یەکێتیی سۆڤییەتدایە، بەو مانایەی کە تەنیا لە ئاڕادابوونی داهاتی نەوت بووەتە هۆی ئەوەی حکومەتی وڵاتەکەی بتوانێت ئەرکەکانی ئەدا بکات. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەشتان ئەوا پێم وایە رووسیا دەتوانێت بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٦٠ دۆلارەوە دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی دابەزینی نرخی نەوتیش، هەروەك لە رابردوودا رووی دا، ئەوا ئەم دابڕانە ئابوورییە کێشەی جددی بۆ رووسیا دروست دەکات.

*** کەواتە ئێستا رووسیا کە خەونی ئەوەی هەبوو پێگەی هێزێکی گەورە و جیهانی بێت و بەم شێوەیە لێی بڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە ئێستادا لە دۆخێکدایە کە تووشی پاشەکشەی گەورە بووەتەوە، کەواتە ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم وڵاتە دەڕوانن؟**

- من پێشتر ئاماژە بە دابڕانی رووسیا لە رووی ئابوورییەوە لەگەڵ رۆژئاوا کرد، بەڵام سەرباری ئەوەش دەستڕانەگەیشتنی رووسیا بە تەکنەلۆژیای رۆژئاوا و بواری بازرگانی، ئەوا دۆخەکە هەر چییەك بێت، ئەوا دەرئەنجامەکەی پاشەکشە و دواکەوتنی زیاتر رووسیایە بە بەراورد بە رۆژئاوا. کەواتە رووسیا، کە خەونی ئەوەی هەبوو ببێتە هێزێکی باڵادەست و ئەم تێڕوانینەشی بۆ خۆی هەبوو، تووشی شکستێکی سەختی ستراتیژی بووەتەوە. ئێوە بڕوانن رووسیا لە دۆخێکدایە کە بووەتە دەوڵەتێکی پاشکۆ بۆ چین و چاوی لە دەستی ئێران و کۆریای باکوورە بۆ بەدەستهێنانی چەك بۆ بەرگری لەخۆکردن. کەواتە بە هەموو پێوەر و پێوانەیەك ئەوەی هاتووەتە ئاراوە بەسەر رووسیادا کارەساتێکە کە هۆکارەکەی سەرکردەیەك بووە کە تێڕوانینێکی شێواوی هەیە لە بارەی هەلومەرجە واقیعییەکەوە، لەسەر بنەمای سەرابێکی مێژوویی بیر دەکاتەوە و کەسانی دەوروبەریشی تەنیا بەڵێی بۆ دەکەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە رووسیا لە دۆخێکدایە کە ناچار چەك هاوردە بکات لە وڵاتانی وەك ئێران و کۆریای باکوور، کە لەم رووەوە زۆر باس لە دەستەبەرکردنی چەکی ئێرانی، بەتایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ رووسیا دەکرێت. ئایا دەکرێت پەیوەندییەکانی رووسیا و ئێران لە چ خانە و چوارچێوەیەکدا دابنێین؟**

- ئەگەر لە رووی مێژووییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا هەمیشە رووسیا باڵادەست بووە بەسەر ئێراندا. بەڵام ئێستا رووسیا پێویستی بە چەك و پشتیوانیی ئێرانە. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دەگوزەرێت لە بەرژەوەندیی هەردوو لادایە. چونکە هەردوو لایان رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دەزانن و هەر لەبەر ئەمەشە کە هاوکاری یەکتر دەکەن. هەرچەندە ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە بەرژەوەندیی دژ بە یەك هەیە لە نێوانیاندا. هەرچۆنێك بێت، دەکرێت ئەو ناسەقامگیرییە لە ئەنجامی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵەی هەلومەرجەکەوە بێتەئاراوە لە پەیوەندی بە پەرەسەندنەکانی ئۆکرانیا و هەروەها ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، کە دۆخێك دروست بکات، لایەنە تێوەگلاوەکان تێیدا زەرەرمەند بن.

**ئەم بڕیارەی سەرۆک ڤلادیمیر پوتین بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا بووە هۆی ئەوەی هەردوو وڵاتی فنلەندا و سوید ببنە ئەندامی ناتۆ**

**رووسیا ٣٥٠،٠٠٠ بۆ ٤٥٠،٠٠٠ کەسی لەدەست داوە کە لە تەمەنی کارکردن و وەچەخستنەوەدا بوون. سەرباری ئەوەش نزیکەی یەک ملیۆن کرێکاری کارامە وڵاتەکەیان جێهێشتووە**

**رووسیا لە دۆخێکدایە کە بووەتە دەوڵەتێکی پاشکۆ بۆ چین و چاوی لە دەستی ئێران و کۆریای باکوورە بۆ بەدەستهێنانی چەک بۆ بەرگری لەخۆکردن**



**باوەڕ عوسمان ئیسماعیل**
ئەندامی پێشووی پەکەکە:

# لەو کاتەی سەرۆک بارزانی هەوڵی دەدا کێشەی کوردی باکوور و حکومەتی تورکیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکات، سەرکردەکانی پەکەکە شەڕی خوێناویی خەندەقیان نایەوە

# پەکەکە توانای شەڕی لەگەڵ سوپای تورکیا نەماوە و تەنیا کاری تێکدەرانە دژی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات

## گرووپەکانی ئاگرتێبەردان و تیرۆر و ڕفاندن لەلایەن پەکەکەوە دژی خەڵکی مەدەنی ڕاهێنانیان پێ کراوە

## پەکەکە باوەڕی بە گفتوگۆ و ئاشتی نییە و کوردستانی نین و تەنیا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکی دەکەن

پەکەکە هێزێکی نەتەوەیی کوردستانیی نییە و هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بۆ نانەوەی کێشەو گرفت و کاری قێزەوەنی کوشتن و ڕفاندن و دانانەوەی بۆمب و ئاگربەردانە بازاڕەکانی کوردستان، ئەوان پەلکێشی سوپای تورکیا دەکەن بۆ ناو خاکی کوردستان و زیانی گەورەیان بە ئاوەدانی گەیاندووە، لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ باوڕ عوسمان ئیسماعیل ئامەدی ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.

**پەکەکە هێزێکی چەکداری ئامادەکراوە بۆ هەر داوایەک لە هەر لایەن و وڵاتێکەوە ئەگەر داگیرکەرانی کوردستانیش بن، گرنگ ئەوەیە پارەیان بدەنێ**

*** پەکەکە بۆچی پەیڕەو و پڕۆگرامەکانی دژی هەرێمی کوردستانە، لە کاتێکدا ئەوان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ساڵانێکە جێگەیان کراوەتەوە، هەروەها ئەوان شوێنی خەباتیان ناوچە شاخاوی و دۆڵەکانی ئامەد و شوێن و دەڤەرە سەختەکانی دیکەی باکووری کوردستانە، ئایا پەکەکە لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانە؟**

- پەکەکە لە سەرەتای ساڵانی دامەزراندنیەوە بە ناوی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە قسەی دەکرد، هەر بەم هۆیەوە خەڵکانێکی زۆری نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر ڕوویان لە ڕێکخستن و هێزی چەکداریی پەکەکە کرد، بەڵام زۆری نەبرد و بەتایبەتی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر کرا، بە تەواوی بۆ هەموو کوردانی خەڵکی باکووری کوردستان ئاشکرا بوو، پەکەکە ڕێکخستن و هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردی نییە، سەرکردەکانی بە ڕوون و ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە ئەوان بۆ تورکیایەکی دیموکراتی و سۆشیالیستی هەوڵ دەدەن، بەڵام لە واقیعدا تەنیا بۆ بەرژەوەندیی مانەوەی خۆیان کار دەکەن. پەکەکە هێزێکی چەکداری ئامادەکراوە بۆ هەر داوایەك لە هەر لایەن و وڵاتێکەوە ئەگەر داگیرکەرانی کوردستانیش بن، گرنگ ئەوەیە پارەیان بدەنێ. لەلایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر ئەوان ڕاستگۆن لە خەباتی چەکداریدا ئەی بۆچی ڕوو لە باکووری کوردستان ناکەن، لەکاتێکدا ناوچە شاخاوی و دۆڵەکانی دیاربەکر و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باکوور چەندین شوێنی سەختی

> **بە هۆی شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا تا ئێستا زیاتر لە ٧٥٠ گوندی باشووری کوردستان چۆڵ کراون و خەڵک و دانیشتووانەکەی دەستبەرداری کاروباریان بوون**

> **پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە زیاتر لە لایەنی موخابەراتییەوە پەیوەندیی لەگەڵ عێراق و ئێران و سووریا هەبووە**

> **حکومەتی عێراقی ڕاستەوخۆش نەبێت، لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و بەتایبەتی میلیشیاکانەوە هاوکاریی پەکەکە دەکات، تا قەوارەی هەرێمی کوردستان تووشی ناسەقامگیری و لاوازی ببێت**

> **پێویستە گەلی باشووری کوردستان و هەموو لایەنەکان هەوڵ بدەن یەکریز و یەکدەنگ بن و لەو پەرتەوازی و کێشانەی هەیانە خۆیان ڕزگار بکەن و بە چارەسەری یەکجارەکی بگەن**

شاخاوی و دژواری لێیە، لەبری ئەوە پەلاماری سنووری باشووری کوردستانیان دا و چیای قەندیل و چەند ناوچە و گوندی سنوورییان لە ناو هەرێمی کوردستاند داگیر کردووە، ئەمەش بۆ تێکدانی بارودۆخی ئارامی هەرێمی کوردستانە، بەم هۆیەشەوە بوونەتە سەرقافڵەی لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان، بە هۆی شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا تا ئێستا زیاتر لە ٧٥٠ گوندی باشووری کوردستان چۆڵ کراون و خەڵک و دانیشتووانەکەی دەستبەرداری کاروباریان بوون. واتە چەکدارانی پەکەکە جگە لەوەی کوردستانی نین، دوژمنی سەرسەختی هەرێمی کوردستانیشن و بوونەتە سەرئێشە و ئاشووب بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

*** ئایا پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەر وەکو ئێستا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاری کوردستان هەبووە؟**

- پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە زیاتر لە لایەنی موخابەراتییەوە پەیوەندیی لەگەڵ عێراق و ئێران و سووریا هەبووە، لە دوای ڕووخانی سەدامیش پەیوەندییان لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە و لە زۆر لایەن و کاردا پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ هێزەکانی سنوور و هەندێ لایەنی پاسداران، بەڵگەش بۆ ئەو کارانەیان ئەوە چەندین ساڵە وەکو داگیرکردن بە دەستلەپشتدانی گرووپە نایاساییەکانی کە لە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کار دەکەن، بە نافەرمی لە شنگال ماونەتەوە و وەکو دەبینین ناهێڵن شنگال و ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە تاوەکو خەڵکەکەی بگەڕێنەوە.

*** مەبەستی پەکەکە لە هاتن و داگیرکردنی هەندێك شوێن و ناوچە لە باشووری کوردستان چییە و ئایا ئەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە، یان مەبەستی دیکەی لە پشتە؟**

- وەکو ئاماژەمان پێدا، مانەوەیان لە شنگال بۆ بەرژەوەندیی ئێرانە و مانەوە و بەردەوامییان لە قەندیل و ناوچەکانی دیکە دەرکەوتووە بۆ نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان، تاوەکو هەرێمی کوردستان (کە چاویان پێی هەڵنایەت) لاواز بێت، لەمەشدا حکومەتی عێراق ڕاستەوخۆش نەبێت، لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و بەتایبەتی میلیشیاکانەوە هاوکاریی پەکەکە دەکات، تا قەوارەی هەرێمی کوردستان تووشی ناسەقامگیری و لاوازی ببێت. لە لایەکی دیکەوە پەکەکە لە دامەزراندنیەوە باوەڕی بە هیچ حزبێکی دیکەی کوردستانی نییە، بەتایبەتی لایەنێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە درێژایی دامەزراندنی بۆ کورد و کوردستان و سەربەخۆیی شۆڕشی کردووە. هاوکات پەکەکە دەیەوێت لەو بەرهەم و قەوارە ئازاد و سەربەخۆییەی کوردستاندا بەشدار بێت، کە ناتوانێت بشداریش بێت، ئەوە بەردەوام کێشەی بۆ دەنێتەوە، هەر بۆیە پێویستە گەلی باشووری کوردستان و هەموو لایەنەکان هەوڵ بدەن یەکریز و یەکدەنگ بن و لەو پەرتەوازی و کێشانەی هەیانە خۆیان ڕزگار بکەن و بە چارەسەری یەکجارەکی بگەن. دەبێت حکومەتی کوردستان زۆر چاوکراوەتر بێت لەوەی کە چەکدارانی پەکەکە لە هەوڵ و دۆزینەوەی کەلێن و دەرفەت دەگەڕێن کە جۆرەها کاری گێرەشێوێنی لە ناو قووڵایی شارەکانی باشوور، وەکو کوشتن و کردەوەی تیرۆریستی و ئاگربەردانی بازاڕ و دووکان ئەنجام بدەن.

*** ئایا پەکەکە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوە و گەلی کوردستانی باکوور باوەڕی بە ئاشتی و گفتوگۆ هەیە؟**

- بە تەئکید لەوەتەی پەکەکە دامەزراوە و ئێمە دەیناسین هیچ کات و ساتێك باوەڕی بە ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆ نەبووە، چونکە لە کاتی ئاشتی و گفتوگۆدا بەرژەوەندییەکانی سەرکردەکانیان لێی دەدرێت، کە لە شەڕ و کێشە و گرفتدا دەستیان دەکەوێت، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە هەوڵ و کۆششی سەرۆك و مەرجەعی کورد و کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی لەو کاتەی کە هەوڵی دا لە پرۆژەیەکی ئاشتیدا کێشەی کوردی باکوور و حکومەتی تورکیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکات، سەرکردەکانی پەکەکە هەستان شەڕی خوێناویی خەندەقیان لە باکووری کوردستان نایەوە، بوونە هۆی کاولکاری و دارمانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکە و پرۆسەی گفتوگۆ و ئاشتییەکەشیان لەناو برد.

*** ئایا هۆکار چییە کە زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی پەکەکە لە هەندێ دەڤەری باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و پارێزگای سلێمانی و گەرمیان مۆڵگە دروست دەکەن و تەنانەت کاری کوشتن و ڕفاندنیش ئەنجام دەدەن؟**

- چەکدارانی پەکەکە زۆر جۆرە و شێوەی گرووپیان هەیە کە مەشق و ڕاهێنانیان پێ کراوە، گرووپی تیرۆریستی و ئاگرکەوتنە و کوشتنی ئەندامانی خۆیان و هەڵخەڵەتاندنی کچ و کوڕانی خوار تەمەن هەژدە ساڵ و چەکدارکردنیان و...تاد، ئەو گرووپە چەکدارانەی دەسووڕێنەوە هەیانە سەرانە وەردەگرن و هەیانە هۆکارن بۆ ئەوەی هێزی دوژمن و داگیرکەری وەکو تورکیا لە ڕێگەی درۆنەکانیانەوە زیاتر بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی قووڵایی سنوور و شارەکان، ئەمەش وای کردووە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو بەهۆی بوردومانی درۆنی تورکیاوە چەندین کەسی سڤیلی سنووری ڕاپەڕین و ماوەت و سلێمانی و کۆیە بکوژرێن و بریندار ببن، هاوکات ئەو گرووپانەی پەکەکە زیاتر مەبەستیانە هێزی تورکیا پەلکێش بکەن بۆ ناو هەرێمی کوردستان تا لەو ڕێگەیەشەوە ناسەقامگیری دروست ببێت .

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە توانای شەڕی سوپای تورکیایان هەیە کە ماوەی زیاتر لە مانگێکە لێرە و لەوێ لە ناو باشووری کوردستان شەڕ و تۆپباران و هاتنی فڕۆکە جەنگیەکانیان زیاتر کردووە بەسەر گوند و خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستانەوە؟**

- چەکدارانی پەکەکە چ لە ڕووی ژمارە و چ لە ڕووی چەك و تەکنەلۆژیای سەربازییەوە ئەو توانا و هێز و ئیمکانیاتەیان نییە، چونکە وەکو هەموو دنیا دەزانێت چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان زۆربەی جەماوەرەکەی خۆیانیان لەدەست داوە و ڕۆژانە و بەردەوام ئەندامان و چەکدارانی نەتەوەیی پەکەکە لە ڕیزەکانیان هەڵدێن، لە ڕووی چەکیشەوە زۆربەی چەکەکانیان کۆنە، ئەگەر چەکی تازەشیان دەست کەوتبێت لە ئێران و عێراق، ئەوەش زۆر نییە، بەڵام وەکو ئاشکرایە کە سوپای تورکیا جگە لەوەی بەشدارە لە ناتۆ، خۆیشی خاوەن ژمارەیەکی زۆری سەرباز و چەکی پێشکەوتووی هاوچەرخە، بۆیە پەکەکە ناتوانێت لە بەرانبەری ڕاوەستێت و بمێنێت، بەڵکو لەو ئۆپەراسیۆنەش بە تەواوی دیار و ئاشکرایە کە ئەو شوێنانەی پەکەکەی لێ بوو، بە نموونە (چیای مەتین و گارە) چۆڵیان کرد و تەسلیم بە سەربازانی تورکیایان کردووە، هەر بە هۆکاری چەکدارانی پەکەکەیە کە سوپای تورکیا هەتا نزیك ئامێدی هاتووە و لەو کردەوەشدا چەکدارانی پەکەکە مەبەستیانە زۆرترین ڕووبەری خاکی هەرێمی کوردستان داگیر بکرێت و ناسەقامگیری و بارودۆخێکی ناخۆشی هەبێت .



*** چەکدارانی پەکەکە لە شنگاڵ بوونەتە هۆکاری ئەوەی ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ نەبێت، ئایا لەمەدا کێ لەپشتیانە؟**

- مانەوەی چەکدارانی پەکەکە تا ئێستا لە شنگال هۆکارێکی سەرەکییە کە ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ ناکرێت و شار و دەڤەرەکەش ئاوەدان ناکرێتەوە، خەڵکەکەش زیاتر لەبەر نەبوونی متمانەیان بەو هێزانەی کە لە ناوچەکەیە، بەتایبەتی چەکدارانی پەکەکە ناگەڕێنەوە و لە ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیشیان دەترسن، کە بیانرفێنن و شوێن بزریان بکەن.

**لەوەتەی پەکەکە دامەزراوە و ئێمە دەیناسین هیچ کات و ساتێک باوەڕی بە ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆ نەبووە، چونکە لە کاتی ئاشتی و گفتوگۆدا بەرژەوەندییەکانی سەرکردەکانیان لێی دەدرێت، کە لە شەڕ و کێشە و گرفتدا دەستیان دەکەوێت**

**مانەوەی چەکدارانی پەکەکە تا ئێستا لە شنگال هۆکارێکی سەرەکییە کە ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ ناکرێت و شار و دەڤەرەکەش ئاوەدان ناکرێتەوە**



## شێنێ جەبار:

# بە هۆی نەبوونی سەرچاوە بۆ ناساندنی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی، بڕیارم دا، ئەو ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرم

شێنێ جەبار، ناسراو بە «شێنێ کوردی»، خانمە گەنجێکی بە سەلیقە و دەست و پەنجە ڕەنگینی دانیشتووی شاری سلێمانییە و خوێندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە. پڕ وزەیە و لە ئێستادا کار دەکات بۆ ناساندنی جل و خشڵی ڕەسەنی کوردی لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، لە گفتوگۆیەکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ئەزموونی کارەکەی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شێنێ کوردی، لە ساڵی ٢٠٢١ دەستی کردووە بە ناساندنی جلی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و چەندین ڤیدیۆی کار و بەرهەمەکانی لەو بوارەدا تۆمار کردووە. لەبارەی هۆکاری ئەو بڕیارەشی دەڵێت: «بە هۆی نەبوونی سەرچاوە بۆ ناساندنی جلوبەرگی ڕەسەنی ناوچە و سەردەمە جیاوازەکانی کوردستان، بڕیارم دا، ئەو ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرم. بۆیە وەکو تاکێك بەپێی توانای خۆم ئەو ئەرکەم خستە سەرشانی خۆم و ئەوەی دەیزانم و دەتوانم بیگەیەنم بە گەنج و لاوی ئێستامان بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە کەلتووری ڕەسەنی کوردەواری دریغی ناکەم». گوتیشی: «کارەکەی من بە گشتی تایبەتە بە ناساندنی جل و خشڵی ڕەسەنی کوردی لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە و بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، بەڵام بە تایبەتی کار لەسەر جل و خشڵی ئافرەتان دەکەم».

شێنێ کوردی، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە بەرهەمەکانی و پێشوازیی خوازیارانی هانیان داوە، زۆر بە جددی و بە ئیرادەیەکی گەورەوە و بە بێ ماندوویی ناسی کاری زیاتر بکات. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە چوار دەوریشم هەمیشە سەرەڕای پاڵپشتیی کۆمەڵێك کەسی نزیکم، کە گرنگییان بە بەرهەمەکانم دەدا، خەڵکی دیکەش بەردەوام دەبوونە خوازیاری کارەکانم و هیچ ڕێگری و دژبەریشم بۆ دروست نەبوو. سوپاس بۆ خوای گەورە لە ڕاستیدا پێی دڵخۆشم و شانازی بە کارەکەمەوە دەکەم، بەڵام بەردەوام هەست دەکەم، ئەرکێکی گەورەم لە ئەستۆیە و ئەوەی تا ئێستا کردوومە زۆر کەمە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا شوێنی تایبەتت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانت هەیە؟ گوتی: «تا ئێستا نەخێر، شوێنێکی نمایش و فرۆشتنم نییە، تەنیا لە ماڵەوە بە ئۆنلاین بەرهەمەکانم دەفرۆشم».

لە بارەی ئامانجیشی بۆ دروومانی جلوبەرگی کوردیی هەمەجۆر گوتی: «جلوبەرگی کوردی کلتوورێکی زۆر فراوان و هەمەجۆرە، بۆیە ئامانجی من ناساندنی زۆرترین شێوەی جیاوازی جلە کوردییەکانی کوردستانی گەورەیە و بە پشتیوانیی خوای گەورە ئامانجەکەم دێتەدی».

سەبارەت بە پڕۆژەی داهاتووشی گوتی: «لە ڕاستیدا بیرکردنەوە زۆر کات دوورە لە جێبەجێکردنی، چونکە دەبینین لەم هەرێمە چەندین ڕێکخراو و دەزگا هەن، کە بە ناوی کەلتوورەوە کار دەکەن، کەچی بەداخەوە کەس ئامادە نییە دەستی گەنجێك بگرێ و پڕۆژەیەکی بچووکی بۆ بخاتە سەر پێ، بۆیە کارێك خۆم وەك تاکەکەس بیکەم، بێگومان ئاواتمە، بەس کارێکی ئاسان نییە. بەتایبەتی کە ئامانجم ئەوەیە دەرفەتی کار بۆ ئافرەتانی دیکەش بڕەخسێنم».

**ئەوەی دەیزانم و دەتوانم بیگەیەنم بە گەنج و لاوی ئێستامان بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە کەلتووری ڕەسەنی کوردەواری دریغی ناکەم**

**هەمیشە سەرەڕای پاڵپشتیی کۆمەڵێک کەسی نزیکم، کە گرنگییان بە بەرهەمەکانم دەدا، خەڵکی دیکەش بەردەوام دەبوونە خوازیاری کارەکانم و هیچ ڕێگری و دژبەریشم بۆ دروست نەبوو**

**شانازی بە کارەکەمەوە دەکەم، بەڵام بەردەوام هەست دەکەم، ئەرکێکی گەورەم لە ئەستۆیە و ئەوەی تا ئێستا کردوومە زۆر کەمە**



# چۆن ڕووبەڕووی ئەو پێشێلکارییانە ببینەوە کە لە ژینگەی کارکردنی ئافرەتاندا ڕوودەدەن؟



هەراسانکردن و توندوتیژی دژی ئافرەت و ئەو پێشێلکارییانەی کە لە ژینگەی کارکردندا ڕوو دەدەن، تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو و کەلتوورێکی دیاریکراو نییە، بەڵام بەپێی وڵات و کەلتوور و ئاستی پەروەردە و وشیاریی تاکەکان و بە پێی یاسای وڵاتان جیاوازییان هەیە. ئاماژەکان پێمان دەڵێن، دەبێت کچان و ژنان وەها پەروەردە بکرێن، کە لە بەرانبەر توندوتیژی بە هەموو فۆرمەکانیەوە و بەتایبەتی توندوتیژی لە شوێنی کار و لە شێوە جیاوازەکانیدا بێدەنگی هەڵنەبژێرین و لە ڕووی ناعەدالەتییەکان دەنگ هەڵبڕن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

حاجی عزەدین ڕاوێژکاری یاساییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕۆژانە ژنان و کچان لە شوێنی کارەکانیان، یان لە شوێنە گشتییەکان بە شێوازی جیاواز تووشی گێچەڵ دەبنەوە، لەوانە: بە وتە، ئاماژە، توانج، دەربڕینی ڕاستەوخۆ، یان بە هەر شێوازێکی دی کە ئابڕوو بڕووشێنێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری دروستبوونی نائارامیی دەروونی و گرفتی بۆیان دروست کردووە، کە لە هەندێك حاڵەت تەنانەت بە هۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پێگەی ئافرەت بەوەی هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی ئەم تاوانەیە، نەك قوربانی، ئەوا بە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکانیان کۆتایی دێت». هاوکات دەڵێت: «گێچەڵی سێکسی تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، یان هەژارەکان و ئەوانەی کەلتووری پیاوسالاری تێیاندا زاڵە بەربڵاو نییە، بەڵکو لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانە بوونی هەیە، بە شێواز و ڕێژەی جیاواز و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی ژن و پیاو لەو کۆمەڵگەیە».

وەك ئەو یاساناسە باسی کرد «گێچەڵی سێکسی، چەندین ناوی هەیە، یان بە چەندین شێواز گوزارشتی لێ دەکرێت، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تاکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، یان لە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان پێناسەی بۆ نەکراوە. لە هەمان کاتدا لە سەرچاوە سیاسییەکانیش بە چەندین شێواز گوزارشت و ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە کاتێکدا ئەم دەستەواژانە یەکسانن بە یەك کردار، ئەویش داماڵینی ویستی ئازادیی ئافرەتانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەی خۆیدا، هەروەها منداڵان لە هەر دوو ڕەگەز تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لاوازن لە ڕووی هێزی جەستەیی و هزری».

ئەو ڕاوێژکاری یاساییە ڕای وایە: «بۆ ئەوەی کچان و ژنان ئاشنا بن بەوەی دامەزراوەی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هەیە، لەوانەش گێچەڵی سێکسی، هەروەها بزانن یاساکانی (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، یاسای سزاکان، یاسای کار) سزایان بۆ ئەنجامدەرانی توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی دیاری کردووە، پێویستە هەڵمەتی وشیاری لەسەر ئەم پرسە بە فراوانی بەرپا بکرێت، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی ئەم حاڵەتە کە لە کۆمەڵگەدا بەرەو دیاردەبوون هەنگاو دەنێت. تاکو ئافرەتان کە قوربانیی یەکەمی ئەم تاوانەن، لە شوێنی کاری خۆیان و شوێنە گشتییەکان و لە کۆمەڵگە بەگشتی، ئارام و ئاسوودە بن و دڵنیا بکرێنەوە لەوەی لایەنە فەرمیە پەیوەندیدارەکان کارڕایی یاسایی پێویست دەگرنەبەر بۆ پاراستنیان و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکە».

ئەوەشی خستەڕوو کە «بە فەرمی ئامارێکی دروست لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم حاڵەتانە بوونی نییە، تەنیا ئەوەی تۆمار دەکرێن لە بنکەکانی پۆلیس و نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان و خێزانە، بەڵام ساڵانە بەپێی ئەو ئامارانە لە نێوان (١٠٠ بۆ ١٥٠) حاڵەتە، ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە تەنیا ئەو چەند حاڵەتە ڕوویان داوە، بەڵکو تەنیا ئەوانەیە کە سکاڵایان تۆمار کردووە، بۆیە دەتوانرێت بە فەرمی بناسرێت، بەڵام ئەوەی ڕۆژانە ڕوو دەدات، بێگومان زۆرتر و زیاترە». هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی سکاڵاشی لەسەر توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی بۆ ئەم چەند خاڵە گەڕاندەوە:

- ترس لە تۆڵەسەندنەوە و ناوزڕاندن.
- ئابڕووچوون و سەرکۆنەی کۆمەڵگە.
- بێ هێزی و لەدەستدانی پشتیوانی، بەتایبەتی لەناو خێزان.
- بێ متمانەیی بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری لە کەرتە جیاوازە پەیوەندیدارەکان.
- نەبوونی نهێنیی پارێزی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەتایبەتی و نەبوونی شوێنی پارێزراو لە دامەزراوە تەندروستییەکان.
- بێ متمانەیی بە دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە و نەبوونی نهێنیی پارێزی.
- ئاگادارنەبوون لە بوونی ئەو خزمەتگوزارییانەی دامەزراوەکان پێشکەشی دەکەن.
- ترس لە کەسی دەستدرێژی کار(گێچەڵکار).

گوتیشی: «لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تاوانە سێکسییەکان بە شێوەی گشتی، دەرچوواندنی یاسای تایبەت بۆ ئەم جۆرە تاوانە بە پێویست دەزانرێت، چونکە لە چەندین یاسای گشتی و تایبەت هاتوون و جۆر و شێواز و سزاکانیان جیاوازن، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا تاوانی سێکسی ئەلکترۆنی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێن و کچان و ژنان دەکەنە ئامانج».

**گێچەڵی سێکسی تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، یان هەژارەکان و ئەوانەی کەلتووری پیاوسالاری تێیاندا زاڵە بەربڵاو نییە، بەڵکو لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانە بوونی هەیە، بە شێواز و ڕێژەی جیاواز**

**لەسەردەمی ئێستادا تاوانی سێکسی ئەلکترۆنی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێن و کچان و ژنان دەکەنە ئامانج**

**لە چوارچێوەی کارکردنیشدا لە کەرتی تایبەت ڕێژەیەکی زۆری ئافرەت هەن کە بۆ بژێوی ژیانیان ناچارن بە مووچەیەکی کەم لەم کەرتەدا کاربکەن**

**ئافرەتان خۆیان بڕیار بدەن لە هەر شوێنێک کار بکەن، بە متمانە بەخۆبوونیان و بە پەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەکانیان و خاوەن کار و هاوپیشەکانیان بکەن**





حاجی عزەدین:

**یاساکانی (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، یاسای سزاکان، یاسای کار) سزایان بۆ ئەنجامدەرانی توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی دیاری کردووە، پێویستە هەڵمەتی وشیاری لەسەر ئەم پرسە بە فراوانی بەرپا بکرێت**



ئاواز شێرزاد:

**جێی خۆشحاڵییە کۆمەڵێک ئافرەتی خاوەن کار و پرۆژە دەبینین، توانیویانە لەسەر پێی خۆیان بوەستن و هەلی کار بۆ ئافرەتانی دیکەش دابین بکەن**

ئاواز شێرزاد چالاکی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر بێت و باسی مێژووی کارکردنی ئافرەت بکەین، ئاشکرایە بە درێژایی مێژووی کورد ئافرەتی کوردی کۆڵنەدەر هاوشانی پیاو لە کار و خەباتدا جێ پەنجەی دیارە، چ لە شۆڕشەکانی ئازادیخواز و چ لە کاروباری کێڵگە و رەز و باخ و زەویی کێڵان و داچاندن و چەندین پیشەی دیکە. ئافرەت بە سرووشت فیداکار و خۆنەویستە، هەر بۆیەش بەشێکی گرنگی بەردەوامیی بنیادنانی خێزان و کۆمەڵگەیە و رەورەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیشی گرتووەتەوە. ئەگەر باس لە توانای ئافرەتی کوردیش بکەین، بێگومان مێژوو شاهێدە و دیسەلمێنێت ئافرەتی کورد بەرگەی کوردبوون و ئافرەتبوونیشی گرتووە و دەگرێت، تەنانەت لە کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنیش توانیویەتی ببێتە بەشێکی گرنگی ناوەندی بڕیار، لێ بە پێی پێویست نییە و هیوادارم زەمینەی بۆ فەراهەمتر بکرێت، لە چوارچێوەی کارکردنیشدا لە کەرتی تایبەت رێژەیەکی زۆری ئافرەت هەن کە بۆ بژێوی ژیانیان ناچارن بە مووچەیەکی کەم لەم کەرتەدا کاربکەن، سەرباری زۆریی کاتژمێرەکانی کار و مووچەیەکی کەم، زۆر جار دەبیستین بەداخەوە ئافرەتان رووبەڕووی گێچەڵ دەبنەوە و لەو پێناوەشدا بەشێکی ئافرەتان ناچارن بۆ پاراستنی کەسایەتییان دەستبەرداری بژێویی ژیان بن».

ئەو چالاکی مەدەنییە بە پێویستی دەزانێت: «ئافرەتان خۆیان بڕیار بدەن لە هەر شوێنێك کار بکەن، بە متمانە بەخۆبوونیان و بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەکانیان و خاوەن کار و هاوپیشەکانیان بکەن، لەپێناو پاراستنی کەسایەتییان و هیچ شتێك ناچاریان نەکات کەرامەتیان لەکەدار ببێت، چونکە زۆر بوونی گێچەڵ بەرانبەر بە ئافرەتان لەم کەرتەدا زیاتر بۆ شێوازی جلوبەرگ و جلی کراوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ مانای ئەوە نییە کە دەبێت ئافرەتان بەم هۆکارە رووبەڕووی گێچەڵ ببنەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت مافیان پارێزراو بێت، بەڵام ئافرەتانیش لەپێناو خۆیاندا دەبێت بۆ ئەوەی ناوبانگ و کەسایەتییان پارێزراو بێت، هەوڵ بدەن لە دابونەریتی کۆمەڵگە لانەدەن».

ئاواز شێرزاد، هۆکارێکی دیکەی گێچەڵ پێکردن بە ئافرەتانی بۆ هەندێك لەو خاوەن کارانە گەڕاندەوە، کە ئافرەتان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و زۆرجار بۆ کاری رێکلام و بزنێس بەکاریان دێنن، یان ئافرەت وەك ئێچیرێك دەبینن، کە ئەمانە بەڕاستی جێی نیگەرانین. لە پاڵ ئەوەشدا جێی خۆشحاڵییە کۆمەڵێك ئافرەتی خاوەن کار و پرۆژە دەبینین، توانیویانە لەسەر پێی خۆیان بوەستن و هەلی کار بۆ ئافرەتانی دیکەش دابین بکەن».

دەهۆك بەرۆژی، چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە: «توندوتیژی لە شوێنی کار، یان لە بازاڕی کار یەکێکە لەو فۆرمانەی توندوتیژی کە زۆر باسی لێ دەکرێت. ئافرەت و قوربانییەکانی ئەم فۆڕم و شێوە لە توندوتیژییە، بە شێوەی جیاواز مافیان پێشێل دەکرێت، زۆر جارانیش قوربانی ناچار دەکرێت، بەرانبەر بەو دەستدرێژییانە بێدەنگی هەڵبژێرێت. زۆر جار لەبەر خاتری ئەو شتەی کە پێی دەڵێن ئابڕوو و حەیا و شەرم، ئافرەت بێدەنگ دەبێت، یان لەبەر ئەوەی کارەکەی لە دەست نەدات، بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، ئەمەش وەك خۆرکە دەروونی دەخوات». جەختی لەوەش کردەوە کە «لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان و بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم، دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە شوێنی کار بەربڵاوە. بەڵام لە بەشێك لە وڵاتان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپایی، خاوەنکارەکان لە ترسی یاسا ناوێرن بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی بنوێنن، لەبەر ئەوەی لە ئەگەری سکاڵاکردنی ئافرەت، ئەوان تووشی لێپرسینەوە، زیندانی و سزادانی ئابووری دەبنەوە. ئەو یاسایەی لەو وڵاتانە جێگیرە، پشتگیریی ئافرەتان دەکات لە بەرانبەر دەستدرێژیی خاوەنکار و هاوکارەکانیدا. هەر چەند ناتوانرێت بوترێت کە لە وڵاتانی رۆژئاوا دیاردەی دەستدرێژی و توندوتیژی لە شوێنی کار بوونی نییە، بەڵام لە چاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی سێیەم زۆر کەمترە. جگە لەوەش عورف و دابونەریت نەبووە بە کۆسپێك کە بەر بەوە بگرێت، ئافرەتان باس لەوە بکەن کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان. وەك دەبینین و دەخوێنینەوە، ژنان بە بێ هیچ ترسێك لە بەردەم میدیا گشتییەکان باس لەوە دەکەن لە لایەن پیاوانەوە، تەنانەت پیاوانێکی ناوداری وەك، بێرلسکۆنی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری ئیتالیا، دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، بیل کلینتۆن، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا و کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی ناوداری فووتبۆڵ و زۆر کەسی دیکە، دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتە سەر و توندوتیژیان بەرانبەر کراوە. جگە لەوەی لۆمە ناکرێن لەوەی کە بۆچی باسی دەکەن، بەڵکوو یاسا پشتگیرییان دەکات، لە میدیاکانەوە

وەك باسی ڕۆژ گرینگی پێ دەدرێت و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە بێدەنگی بەرانبەر دەکرێت و زۆر کەم ئەو چیرۆکانە دێتە بەر باس. لەبەر ئەوەی ئەو ژنە، بە تاوانباری سەرەکی ئەم دەستدرێژییە دەزانرێت. لەگەڵ ئەمەش تا ئێستا باسکردن لەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگە و بنەماڵەکاندا وەك تابۆ چاوی لێ دەکرێت و زۆر جاران ڕەنگە تەنانەت ببێت بە هۆی مەرگ و کوشتنی قوربانی لە لایەن بنەماڵە و پیاوانی بنەماڵە و عەشیرەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە قوربانی لە باری ئابووری و ماددییەوە سەربەخۆ نییە. بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵە پێویستی بە کارە. خاوەنکار، یان بەرپرس، یان هاوکاری پلەباڵاتر، ئەم دۆخەی ئەو لەبەرژەوەندیی نیازەکانی خۆیدا دەگوازێتەوەو لەبەر ئەوەی دەزانێت قوربانی لە ترسی لە دەستدانی کار ئامادە نییە باس لەو دەستدرێژییانە بکات، درێژە بە دەستدرێژی و توندوتیژی نواندن دەدات بەرانبەر بە قوربانی.

لێرەدا یاسا دەتوانێت پشتیوانێکی گەورەی ژنان و کچان بێت لە بەرانبەر دەستدرێژیکەرەکاندا و بیانپارێزێت. وەك هەمان ئەو دەورەی کە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەیەتی، بەڵام یاسا لەم ناوچانە یاسایەکە لە بەرژەوەندیی خاوەنکارەکان و لە هەمان کاتدا یاسایەکە کە عورف و دابونەریت زۆر ڕەنگدانەوەی تێیدا بووە. لەم دۆخەدا یاسا نەك لە بەرژەوەندیی ئافرەت و قوربانییەکان نەبووە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی خاوەنکاراندا بووە.

ئەو چالاکەی بواری مافی ئافرەتان، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بێدەنگیی هەڵبژاردن مەشرووعییەتدانە بە توندوتیژی و توندوتیژی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە. بۆیە دەبێت بۆ پێشگرتن لەم دیاردەیە هەوڵ بدرێت، لە سەرجەم میکانیزمە یاسایی و پەروەردەیی و ئابوورییەکان کەڵك وەربگیرێت». گوتیشی: «لایەنە جێبەجێکارەکانی یاسا دەبێت ببن بەو ناوەندەی کە ئافرەت بە بێ ترس، پەنایان بۆ بەرن، نە ئەوەی کە بترسن جارێکیتر بکەونەوە بەر توانج و تانە و توندوتیژی لە لایەن لایەنە جێبەجێکارەکانی یاساوە. سەربەخۆیی ئابووری و ئەمنیەتیی ئابووری دەتوانێت بەر بەوە بگرێت کە ئافرەت لە لایەن پیاوان و خاوەنکارەکانەوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان. دەبێت لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەو دەرفەتە بخولقێت کە ئافرەتان بتوانن بە شێوەی یەکسان و بە بێ ترس لە شوێنی کار، کار بکەن.

ئومێد ڕەسول بەڕێوەبەری پڕۆژە لە ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا (IOL) دەڵێت: «ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا(IOL) بە هاوبەشی لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) و بە پاڵپشتی دارایی حکومەتی بەریتانیا بەشی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (UK AID) خۆی لەسەر چەند چالاکیی گرنگ دەبینێتەوە. بەپێی ئەو داتایانەی کە بەردەستن، دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆری هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی لەسەر ئافرەتان لە شوێنی کاردا و بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت بە دی دەکرێت، کە هەراسانکردنەکانیش بریتین لە(هەراسانکردنی زارەکی، هەراسانکردن لە ڕێگای سەیرکردن، هەراسانکردنی جەستەیی و...هتد).بۆیە ئێمە سێ لایەنمان هەڵبژاردووە کە کاری لەسەر بکەین:

١- لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان خەریکین ڕەفتارنامەیەك ئامادە بکەین بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەفتارنامەی تایبەتیان نییە.

٢- بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خەریکی ئامادەکردنی ڕەفتارنامەیەکین بۆ کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی ماف و ئەرکەکانی کارمەندەکان و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت ئاماژەی پێ بکرێت، بە تایبەت لە کاتی بوونی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی.

٣- لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا ئەوەمان بەدی کردووە کە لە کاتی ئێستا یاسای کاری بەرکار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ بۆشاییەکی زۆری تێدایە و بە هیچ شێوەیەك هەراسانکردن، یان گێچەڵی سێکسی لەسەر ئافرەتانی بە تاوان دانەناوە، یان ئاماژەی پێ نەکردووە، بۆیە لە دادگاکان زۆربەی جار پەنا بۆ یاسای تاوان دەبردرێت، کە ئەوەش خەڵکانێکی زۆر کەم بۆ ئەم بابەتە ڕوو لە دادگاکان دەکەن. بۆیە ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا و بۆ کەمکردنەوەی ئەم بۆشاییە هەڵساین بە ئەنجامدانی خولێکی دوو ڕۆژە بۆ پشکێنەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە ئەوان وەکو قەڵغانێك دەبینرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوان و پێشێلکارییانەی کە لە ژینگەی کارکردندا ڕوو دەدەن، تاکو بتوانین لە ڕێگای ئەم خولە دوو ڕۆژەوە توانای هۆشیاریی یاسایی پشکێنەران بەرز بکەینەوە، بۆ ئەوەی ژینگەیەکی ئارام فەراهەم بکەین دوور لە هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کاردا لە کەرتی تایبەت».



دهۆك بەرۆژی:

**بێدەنگیی هەڵبژاردن مەشرووعییەتدانە بە توندوتیژی و توندوتیژی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە. بۆیە دەبێت بۆ پێشگرتن لەم دیاردەیە هەوڵ بدرێت، لە سەرجەم میکانیزمە یاسایی و پەروەردەیی و ئابوورییەکان کەڵك وەربگیرێت**



ئومێد ڕەسول:

**بە پێی ئەو داتایانەی کە بەردەستن، دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆری هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی لەسەر ئافرەتان لە شوێنی کاردا و بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت بە دی دەکرێت**



### سەبریە عەبدوڵڵا بۆ گوڵان:

# شانۆ لای من جوانییەکی تایبەتی هەیە

**سەبریە عەبدوڵڵا خانمە ئەکتەری بواری شانۆ و سینەما لە ساڵی ٢٠١٦ چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی شانۆ و لقی دەرهێنانی تەواو کردووە، دواتر دووبارە گەڕاوەتەوە بەر خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی سینەما، ئێستاش لە قۆناغی سێیەمە، سەبری لە چاوپێکەوتنێکدا تایبەت بۆ گۆڤاری گولان ڕا و بۆچوونی خۆی لەسەر هونەر و هونەرمەندان و ئەو مامۆستایانەی لە پەیمانگە و کۆلێژ مامۆستای بوون، هەروەها هەموو ئەو هونەرمەندانەی ئەزموونیان لەو زیاترە بەم جۆرە خستە ڕوو.**





*** چ وشەیەکت هەیە بۆ شانۆ؟**

- من سەرەتای کاری هونەریم بە شانۆ دەست پێکردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم شانۆ حەزێکی تایبەتی منە و هەمیشە شانازی بە کارە هونەرییەکانم دەکەم، بۆیە دەتوانم بڵێم هەموو هونەرێك جوانیی خۆی هەیە، بەڵام جوانیی هونەری شانۆ تایبەتە لای من.

*** ئەگەر هەستت کرد توانای کاری هونەریت نەماوە واز لە کاری هونەری دەهێنیت؟**

- من هەمیشە گەشبینم بەوەی کە لە داهاتوودا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا خۆم ببینمەوە نەوەك وازبهێنم، چونکە خەونم زۆرە لە کاری هونەریدا بۆیە نامەوێت بەهیچ شێوەیەك بیر لە وازهێنان لە هونەر بکەمەوە، ژیان بە هونەرەوە جوانیی خۆی دەبەخشێت .

*** کام کاری هونەری لای تۆ زۆر خۆشەویستە؟**

- من بە عەشقەوە کاری هونەری دەکەم، بۆیە بە عەشقەوە سەیری دەکەم و ناشمەوێت خۆشەویستم تەنیا بۆ یەك هەڵبژاردن بێت، بەڵکو خۆشەویستیی من بۆ تەواوی هونەرەکەمە .

*** شانۆ تاچەند توانیویەتی بەپێی پێویست کۆمەڵگە بگۆڕێت؟**

- هەمیشە ئەو وتەیەی برێختم لە خەیاڵە کە دەڵێت (نانێك و تەختەیەکی شانۆم بدەرێ گەلێکی هۆشیارت دەدەمێ) شانۆ کۆمەڵگە بە ئاگا دەهێنێتەوە و پەیامە شاراوەکانیش دەگەیەنێت.

*** چ خەونێکت هەیە لە هونەری کوردیدا کە بتەوێت پێی بگەیت؟**

- هەرکارێك کە بە خۆشەویستییەوە کردت ئەوە دەبێتە خەونێکی گەورەت، بێگومان منیش وەکو هەموو تاکێك خەونم هەیە، خەون بەوەوە دەبینم لە داهاتوودا خۆم لە لووتکەی هونەری کوردیدا ببینمەوە و هونەری کوردی بەرەو پێش بچێت و هەموو وڵاتانی دراوسێ ئاشنابن بە هونەری کوردی.

*** چ شتێك زۆر بێزارت دەکات؟**

- بێزار دەبم بەوەی کە ژیانی هونەرمەند سنووردار دەکەن وەك مرۆڤێك .

*** ڕات چییە بەرامبەر کچە مۆدێلەکان؟**

- کاری مۆدێل کارێکی ئاساییە و لە هەموو وڵاتاندا هەیە، بەڵام یاساو مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە و کۆمەڵێك تایبەتمەندی و مەرج هەیە کە دەبێت لەو کەسەدا هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە مۆدێل.

*** ئامادەیت لە تیك تۆك لایڤ بکەیتەوە؟**

- بەڵێ ئامادەم، بەڵام بە مەرجێك من لەو لایڤەدا بتوانم خزمەتێك بە کۆمەڵگە بگەیەنم و لە لایڤەکەم سودی هەبێت بۆ کۆمەڵگە.

میگان فۆگس:

# کۆمەڵگە ئافرەتان ناچار دەکات کە لە ڕکابەرێتیدا بن



لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ ماڵپەڕی فیمیل فیرست خانمە ئەکتەر(میگان فۆکس) تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی و ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینێت.

میگان سەرەتا باسی لە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە نێوان ئافرەتان کردووە، لەو بارەوە دەڵێ:

«زۆر زەحمەتە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە نێوان ئافرەتاندا هەبێت، چونکە لە ڕکابەرێتییەکی بەردەوامدان بۆ ئەوەی خۆشەویستیی پیاوان بەدەست بهێنن، خودی کۆمەڵگەش ئافرەتان ناچار دەکات کە لە ڕکابەرێتیدا بن بۆ بەدەستهێنانی دڵی پیاوان، بۆیە زەحمەتە ئافرەت هاوڕێیەکی ئافرەتی هەبێت کە تەواوی گرنگیی خۆی بەو ئافرەتە ببەخشێت».

سەبارەت بەو ڕۆڵانەی کە لە فیلمەکان دەیبینێت

میگان دەڵێت: «من بۆ خۆم ڕۆڵ دیاری ناکەم، بەڵکو دەرهێنەر و هەندێك جار بەرهەمهێنەران ئەکتەر هەڵدەبژێرن بۆ ڕۆڵێکی دیاریکراو، هەر ڕۆڵێك دەرهێنەر بە منی بسپێرێت، من ئامادەییم هەیە بۆ بینینی، تەنانەت ئەگەر ڕۆڵی دراکۆلاشم پێ بسپێردرێت، ئامادەم بیبینم و زۆریش خۆمی بۆ ماندوو دەکەم، بەڵام بەر لە هەر شتێك پێویستە ڕۆڵەکە بە باشی بخوێنمەوە، چونکە منیش مرۆڤم و تووشی گرفتەکانی ژیان دەبمەوە و هەست بە تووڕەیی دەکەم، زۆر جاریش هەوڵ دەدەم بەشێك لەو تووڕەبوونەم کەم بکەمەوە».

میگان دواتر باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی کرد و لەم ڕووەوە زۆر شتی نهێنیی ئاشکرا کرد و گوتی: «من بە ڕەچەڵەك فەرەنسی و ئیرلەندیم و لە خانەوادەیەکی دینداری کریستیاندا پەروەردە کراوم، ڕەنگە بۆ زۆر کەس سەیر بێت، بەڵام من زۆر لە فڕۆکە و تاریکی دەترسم و زۆر جار تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ و بڕوانەبوون بەخۆم دەبمەوە، بۆیە زۆریش لەوە دەترسم ژیانم وەکو مارلین مۆنرۆ کۆتایی پێ بێت، بەڵام بۆ سەرکەوتن لە ژیان پشت بە خۆم دەبەستم، ڕۆژانەش کتێب دەخوێنمەوە و سەیری چیرۆکەکانی ئەنیمەیشن و یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەم».



## بریس دالاس:

# لە سەرەتای کاری هونەریمدا بڕوام بە خۆم نەبوو

خانمە ئەکتەر ودەرهێنەری ناسراوی ئەمریکی بریس دالاس هوارد لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە کە حەز ناکات خۆی بە سیستمێکی تایبەتی خۆراکەوە ببەستێتەوە، ئەو دڵێت دەمەوێ چۆنم هەر بەو شێوەیە بم، چونکە زۆر جار پەیڕەوکردنی سیستمێکی قورسی خۆراك بۆ دەستکەوتنی لەشولارێکی ڕێك، زیانی تەندروستیی دەبێت.

سەبارەت بە کاریگەریی خۆراك بەسەر جەستەیەوە بریس دەڵێت: «زۆر لەو سیستمە خۆراکییانە وات لێدەکەن کە خۆت لە چەندین جۆری خۆراك بێبەش بکەیت بۆ مەبەستێکی تایبەت، ئەگەر ئەمەش ئەنجام بدەیت دوور نییە پەیوەندیت لەگەڵ لەشولار و ئارەزووەکانت بپچڕێت، بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنێکی زوودا بێت، چونکە بینیومانە چەندین ئافرەت کەوتوونەتە نێو هەڵدێری کەمخواردنەوە و تووشی زۆر گرفتی تەندروستی و دەروونی بوونەتەوە، چونکە تەواوی بیرکردنەوەیان تەنیا لەسەر ئەو بابەتەیە بێ ئەوەی بیر لە زیانەکانی بکەنەوە، کە لە کۆتاییدا ناتوانن تا هەتایە بەردەوام بن، بەمەش گرفتە تەندروستییەکان دەست پێدەکەن.»

لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا بریس باسی کارە هونەرییەکانی و کاریگەریی باوکی وەك دەرهێنەر و خاوەن خەڵاتی ئۆسکار دەکات، لەم ڕووەوە دەڵێت: «وەك زۆر لە ئەکتەرەکان لە سەرەتای کاری هونەریمدا هەستم بە جۆرێك لە شڵەژان و بڕوانەبوون بە خۆم دەکرد، چونکە من هەوڵ مداوە بوونی خۆم بسەلمێنم بە تواناکانی خۆم، نەك لەبەر ئەوەی کە کچی دەرهێنر (ڕوون هەواردی) خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارم، هەرچەندە باوکم پاڵپشتییەکی زۆری دەکردم و هانی دەدام بۆ پێشکەشکردنی باشتر و پشتبەستن بە تواناکانی خۆم.»

تافا بەکر

یاریزانی فوتساڵی یانەی هەڵەبجەی شەهید:

# بە هیوای ئەوەم هەڵبژاردەی کوردستان دروست ببێت و منیش یەکێک بم لە یاریزانەکانی



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت کە ئێستا ساڵانە خول و پاڵەوانێتیی جۆراوجۆر دەکرێتەوە؟**

-ئاستی یاریی فوتساڵ ئێستا بە شێوەیەکی باشترە، بە تایبەتی بۆ ئافرەتان.

***نەبوونی خول و پاڵەوانێتی تا چەند ڕێگرە لە دروست بوونی یاریزانی باش و پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

- نەبوونی یاریگەیەکی دیاریکراوی فوتساڵ و نەبوونی ڕاهێنەرێکی خاوەن ئەزموون، نەبوونی یاریزانی چاك ئەوانە لەگەڵ نەبوونی خولی بەردەوام دەبێتە ئاستەنگ بۆ یاریزانان.

***چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی فوتساڵ لە کوردستان بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- گرنگیدان بە یاریی فوتساڵ و کردنەوەی خولەکان و پەرەپێدان بە یاریزانان و ئەنجامدانی ڕاهێنان و مەشق، ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە باشتر بێت.

***گرفتەکانی ئەم یارییە زیاتر خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟**

-نەبوونی یاریگە و نەبوونی هاوکاریی لایەنی ماددی و مەعنەوی بۆ یاریزانان، نەبوونی ڕاهێنەر، ئەمانە هەمووی گرفت بۆ ئەم یارییە دروست دەکات.

**ناوچەی هەورامانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە یەکێکە لەو ناوچانەی کوردستان کە یاریزانەکانی گرینگییەکی زۆر بە سەرجەم وەرزش و یارییە جۆراوجۆرەکان دەدەن، لەم ناوچەیە چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەن لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، وەرزشکارانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن لە ڕێگەی یارییە جۆراوجۆرەکانەوە و ئامانجیان پێش خستنی وەرزشە، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان (تافا بەکر محەمەد)ـە کە وەکو یاریزان یاری بۆ یانەکانی هەڵەبجە و سیروانی هەڵەبجە کردووە، تافا لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی ناحیەی بیارەیە لە هەورامان، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە.**



*** یانەکان داوای یاریکردنیان لێت نەکردووە؟**

- بەڵی، هەریەك لە یانەکانی هەڵەبجە و سیروانی هەڵەبجە داوایان لێکردوەم یارییان بۆ بکەم.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بە نیازم ببم بە مامۆستایەکی باشی وەرزشی بۆ ئەوەی بتوانم خزمەت بکەم.

*** یاریکردن لە یاریگەی گەورە بۆ کچان کارێکی زەحمەت نییە؟**

- بەدڵنیاییەوە تاڕادەیەك زەحمەتی تێدا دەبینین.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرس لە ناو وەرزشدا؟**

-هیوادارم لە هەموو بوارێکی وەرزشدا جیاوازی لە نێوان یاریزانان و یانەکان نەبێت، هەمووی بە یەك چاو سەیر بکرێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-وەکو کچە یاریزانێك خەونم ئەوەیە ببم بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و ئاستێکی باش پێشکەش بکەم و ببم یە یەکێك لە ئەستێرەکانی کوردستان.

*** خەونی ئەوەت نییە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانەکان بیت؟**

-بە هیوای ئەوەم ئەوە ڕۆژە دابێت و هەڵبژاردەی کوردستان دروست ببێت و منیش یەکێك لە یاریزانەکانی بم.

*** چ جیاوازییەك دەبین لە نێوان خولی کوردستان و عێراق؟**

- من چونکە قوتابی بووم بواری ئەوەم نەبووە بەشداربم لە خولی عێراقی، بەڵام لە خولی کوردستان بەشدار بووم، بە بۆچوونی من خولی عێراقی پێشکەوتووترە .

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-کریستانۆ ڕۆنالدۆ.

*** یاریکردن بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی لای تۆ چی دەگەیەێت؟**

-هەستێکی زۆر خۆشە بە هیوای ئەوەم بتوانم درێسی هەڵبژاردەی عێراقی بپۆشم.

*** سەرکەوتن چی دەگەیەنیێ لای تۆ؟**

-بە دیهێنانی هەموو ئەو ئامانجانەیە کە خۆم دەمەوێت لە ژیاندا.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-بەهیوای ئەوەم لە کوردستان پەرە بە یاریی فوتساڵی کچان بدرێت و بەرەوپێش بچێت و ئاستی کچان زیاتر بەرز بێتەوە، لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕێگە بە کچان بدرێت بتوانن بەشداری لە یاریی فوتساڵدا بکەن و ڕێگری نەکەن لە کچەکانیان لە وەرزشکردن، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەمووە خزمەتەی بۆ وەرزشی کوردستان ئەنجامی دەدات.



# یاریزانێکی هۆڵەندی پەیوەندی بە یانەی مان یۆنایتد کرد

ماتیاس دی لیخت بەرگریکاری بایرن میونیخ پەیوەندی بە یانەی مانچستەر یۆنایتد کرد.

بەرگریکاری هۆڵەندی بەبڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ پێنج ملیۆن یۆرۆی دیکەی پەیوەست بە بردنەوەی نازناوەکان پەیوەندی بە تیپەکەی ئێریک تێن هاخ دەکات.

دی لیخت دوای تێپەڕاندنی پشکنینەکانی پزیشکی گرێبەستێکی بۆ ماوەی پێنج وەرز لەگەڵ بوونی بژاردەی زیادکردنی بۆ ساڵی شەشەم لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد مۆرکرد.

یاریزانی پێشووی یۆڤانتوس و ئەیاکس دەبێتە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەکانی هێڵی بەرگری مان یۆنایتد.



# یاریزانێکی بەرشلۆنە چووە خولی ئینگلیزی

یانەی بۆرنمۆسی ئینگلیزی بەفەرمی جولیان ئاراوخۆ بەرگریکاری پێشووی بەرشلۆنەی گواستەوە ڕیزەکانی.

ئاراوخۆ لە ساڵی ٢٠٢٣ بە ٤ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە بەرشلۆنە کرد، وەرزی ڕابردوو بە شێوەی خواستن لە ڕیزەکانی لاس پاڵماس یاری کرد.

ماڵپەری فەرمیی یانەی بۆرنمۆس گواستنەوەی جولیان ئاراوخۆی بۆ ڕیزەکانی ڕاگەیاند.

ئاراوخۆ بە بری ١٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە ڕیزەکانی بۆرنمۆس کرد.



# یاریزانێک مان یۆنایتدی بەجێهێشت

ئارۆن وان بیساکا ڕیزەکانی مانچستەر یۆنایتدی جێهێشت و پەیوەندی بە وێستهام یونایتد کرد.

وان بیساکا یەک وەرزی لە گرێبەستەکەی لەگەڵ مان یۆنایتد مابوو بۆیە ئێریک تێن هاخ، ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد ناوی بیساکای لەسەر لیستی فرۆشتن دانابوو.

بیساکا هەفتەی ڕابردوو پشکنینی پزیشکی بۆ پەیوەندیکردن بە وێستهام کرد.

تۆڕی هەواڵی سکای سپۆرتس ئاشکرای کرد بیساکا بەرگریکاری پێشووتری کریستال پالاس و مان یۆنایتد بۆ یانەی وێستهام دەگاتە ١٥ ملیۆن پاوەند.

وان بیساکا لە ماوەی پێنج وەرزی ڕابردوودا، ١٩٠ یاری لەگەڵ مان یۆنایتد کردووە، یاریزانەکە نازناوەکانی جامی کاراباو، جامی FAی لەگەڵ مانچستەر بەدەستهێناوە.



# یاریزانێکی عێراقی دەچێتە خولی ئینگلیزی

یانەی ئەرسینال بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی یاریزانی سوێدی و بەڕەچەڵەک عێراقی بۆ یانەکەی ڕاگەیاند.

یانەی ئەرسینال لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی گواستنەوەی ڕوسول ڕۆزا خەفاجی یاریزانی بە ڕەچەڵەک عێراقی بۆ یانەکەی ڕاگەیاند: دڵخۆشین بە گواستنەوەی هێرشبەری نێودەوڵەتی سوێدی ڕۆزا خەفاجی بۆ یانەکەمان.

یاریزانەکە لە ڤیدیۆیەکی تایبەتدا دەرکەوت واژۆی لەسەر گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ئەرسینال کرد و درێسی ژمارە ١٦ی وەرگرت.

ڕۆزا لە دایکبووی ساڵی٢٠٠٣ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد و دایک و باوکی خەڵکی عێراقن و یاریزانەکە لە هێڵی پێشەوە یاری دەکات و پێشتر لە یانەی ئایک یارییکردووە، دوای ئەوە چووەتە یانەی هاکن.

ڕۆزا خەفاجی لە تیپە جیاوازەکانی سوێد یارییکردووە، ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی یەکەمی سوێدە، لە ٩ یارییدا بەدرێسی هەڵبژاردەکەوە گۆڵێکی تۆمارکردووە.

پێشتر یانەکانی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید ڕکابەرییان لەسەر گواستنەوەی یاریزانەکە دەکرد، بەڵام ئەرسینال لە بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانەدا سەرکەوتوو بوو و گرێبەستەکەی لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلاکردەوە.



## کۆسرەت بایز

# چەندین گرێبەستی پێشکەش کراوە

یانەکانی عێراقی دەستیان بە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی یاریزانانی کوردی یانەکانی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بەم یاریزانانە شەڕی یانەکانی دیکەی عێراقی بکەن لە خولی ئەستێرەکانی عێراق.
کۆسرەت بایز یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر ئەمساڵ لەگەڵ یانەی گەڕمە توانی وەرزێکی پڕ کێبڕکێ بە ڕێ بکات و، یانەی گەڕمەش بگەیەنێتە خولی پیشەگەرانی عێراقی، لە ئێستادا چەندین یانە داوای ئەو ئەستێرە کوردەی کردووە، بەڵام دواجار کۆسرەت یانەی دیالەی هەڵبژارد، لەم بارەشەوە کۆسرەت بایز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی گەرمە گەیشتە خولی پیشەگەرانی عێراقی، هەوڵم دا لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوام بم، بەڵام نەگەیشتینە ڕێککەوتن لەگەڵیان، سوپاسیان دەکەم کە ئەو ماوە لەگەڵیان بووم، جگە لەوەش چەندین ئوڤەری یاریکردنم بۆ هات لەلایەن یانەکانی ڕومادی و چەند یانەیەکی دیکەوە کە لە خولی نایابی عێراقی بوون، بەڵام من پێم باش بوو بگەڕێمەوە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، بۆیە لە هەریەك لە یانەکانی نەفتی میسان و دیالە گرێبەستم پێشکەش کرا، لە ڕێگەی یانەی دیالەوە دەمەوێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، یانەی دیالە تازە سەرکەوتووە دەمانەوێت یانەکە بە شێوازێکی باش لە خولەکە بمێنێتەوە، کە یەکێکە لە یانە جەماوەرییەکان ئەوەی لە توانام بێت لە خزمەتکردنی ئەو یانەیە درێغی ناکەم».

# پرژە و پریڤە دەبنە دەربەندیخانی

تیپی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشی دەربەندیخان ئەم وەرزە دەیەوێت لە خولی باڵەی یانەکانی عێراقیدا جیاواز بێت، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بە کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزەوە بەشداریی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکەی کردووە، جگە لەوەش کارگێڕیی یانەی وەرزشی دەربەندیخان چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی دیکەی شارەکانی کوردستان واژوو کردووە، هەریەك لە یاریزانان (پرژە ڕزگار) و (پریڤە ڕزگار) بوونە یاریزانی یانەکە، کە پێشتر لە ڕیزی یانەی سەنحاریب و هەڵبژاردەی عێراقی یارییان کردووە و، دەیانەوێ لەگەڵ ئەم یانەش ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە پرژە ڕزگار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ هەموو یانەکان ئارەزووی ئەوەیان کردبوو کە ئێمە گر ێبە ستیا ن لەگەڵ واژۆ بکەین، بەڵام دواجار لەگەڵ پریڤەی خوشکم بڕیارمان دا بچینە ڕیزی یانەی وەرزشی دەربەندیخان و لە ڕێگەی ئەو یانەیەوە ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین بۆ یانەکە، گرێبەستەکەمان لەگەڵ ئەو یانەیە بۆ یەك وەرزە، دەمانەوێ لە هەردوو خولی باڵەی کوردستان و عێراقدا شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین».



# یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان هەوڵی دابینکردنی پارەی ناوبژیوانان دەدات



هەر چەندە ماوەی دوو وەرزە ناوبژیوانانی شارەکانی کوردستان سەرجەم چالاکییەکانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوە دەبن، سەرەڕای ئەوەی زۆر جاریش تووشی گرفت و کێشە دەبنەوە لەگەڵ هاندەران و کارگێڕیی یانەکان، بەڵام ناوبژیوانان بەردەوامن لە خزمەتکردنی خولەکان و سەرکەوتوون بەڕێوەبردنی خولە یەك لەدوایی یەکەکانی کوردستان، لە ئێستادا یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لە هەوڵی ئەوەیە لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە شایستە داراییەکانی ناوبژیوانان دابین بکاتەوە، کە ماوەی دوو ساڵە وەریان نەگرتووە، لەم بارەشەوە جەلال سەعید ئەندامی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بە گۆڤاری گوڵانی گوت: «وەکو یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە هەوڵی ئەوەداین کەوا شایستە داراییەکانی ناوبژیوانان بۆ هەردوو وەرزی ٢٠٢٣/ ٢٠٢٤ دابین بکەین لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، جگە لەوەش چەندین مانگە مووچەی کارمەندانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان و ئەندامانی یەکێتییەکە نەدراوە»، گوتیشی: «بەرچاو ڕوونییەك هەیە کەوا پارەکانیان بۆ دابین بکرێ و، ئەگەر شایستە داراییەکانیش دابین کرا ڕەنگە کۆتایی ئەم مانگە وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان بەڕێوە بچێت، ئەوەش تا ئێستا تەنیا قسەیە».

# پێنج قۆناغەکەی نەخۆشیی گورچیلە

نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە CKD بەپێی ئاستی فرمانی گورچیلە واتە تێکڕای فلتەرکردنی خوێن لە یەك خولەکدا لە یەکەکانی گورچیلەدا GFR بۆ پێنج قۆناغ پۆلێن دەکرێت، نیشانەکان و ڕێگەکانی چارەسەرکردن بە پێی قۆناغەکە جیاوازن. لە حاڵەتی ئاساییدا تێکڕای فلتەرکردنی خوێن لە یەکەکانی گورچیلەدا بریتییە لە ٩٠-١٢٠ میللیلیتر لە یەك خولەکدا بۆ هەر ١,٧٣ مەتر دووجای ڕووبەری لەش. دەستنیشانکردنی قۆناغی نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە گرنگیی زۆری هەیە بۆ چارەسەکردن یان کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە لەکاتی گونجاودا. قۆناغی یەکەم: ئاستی فلتەرکردنی خوێن لە گورچیلەدا دەگاتە ٩٠ یان بەرزتر، واتە بوونی گرفتی سووك لە گورچیلەدا، لێرەدا گورچیلەکان بە باشی کاردەکەن، تووشبوو بێ نیشانەیە، تەنیا پرۆتین لە میزدا بەدی دەکرێت. قۆناغی دووەم: ئاستی فلتەرکردنی خوێن لە نێوان ٦٠-٨٩ دایە، گورچیلەکان هێشتا تەندروستن و بە باشی کاردەکەن، تووشبوو هیچ نیشانەیەکی نابێت، لەوانەیە پرۆتین لەگەڵ میزدا بەدی بکرێت. قۆناغی سێیەم: ئاستی فلتەرکردنی خوێن لە نێوان ٣٠-٥٩ دایە، گرفتی بەرچاو لە گورچیەکاندا هەیە و پێویستی بە چارەسەری ڕاستەوخۆ هەیە، نیشانەکان: کەمخوێنی لەبەر کەم دەردانی هۆرمۆنی ئیریترۆپۆیتین Erythropoi-etin لە گورچیلەکاندا، کە هاندەرە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن. قۆناغی چوارەم: ئاستی فلتەرکردنی خوێن لە نێوان ١٥-٢٩ دایە، نیشانەکان: هەستکردن بە ماندووبوون، ئاوسانی باسك یان قاچەکان، ئازاری بەشی خوارەوەی پشت، ئازاری ماسولکە، هێڵنج یان ڕشانەوە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، کەمخوێنی، زەردوویی (لەوانەیە)، زیادبوونی ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها کەمیی ڤیتامین و کانزاکان. قۆناغی پێنجەم: ئاستی فلتەرکردنی خوێن کەمترە لە ١٥، نیشانەکان: گرفت لە هەناسەدا، گۆڕانی ڕەنگی پێست، سەرئێشە، وەستانی یان کەمبوونەوەی توندی میز، نەشتەرگەریی گواستنەوەی گورچیلە تاکە چارەسەرە.



# سەرسووڕان پاش لەخەوهەڵسان

سەرسووڕان یان هەستکردن بە بێهێزی و ناجێگیریی لەش ڕاستەوخۆ پاش لەخەوهەڵسان، گەلێك هۆکاری لەپاڵە، کە باوترینیان گرفتە لە گوێی ناوەوەدا. باوترین هۆکارەکانی سەرسووڕان لەکاتی لەخەوهەڵساندا بریتین لە:

- زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك وەکو دەرمانەکانی چارەسەرکردنی خەمۆکی، پەرکەم، هەستەوەری، پەستانی بەرزی خوێن، گرفتەکانی پرۆستات لەگەڵ دەرمانە ئارامبەخشەکان.
- کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehy-dration بەتایبەتی پاش خواردنەوەی ئەلکهول یان شلەمەنییە کافائینییەکان لە درەنگانی شەودا، کە هاوکات بێت لەگەڵ کەم خواردنەوەی ئاودا.
- پەککەوتنی دڵ لەبەر دابەزینی پەستانی خوێن.
- وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجین لە لەشدا.
- دابەزینی ئاستی شەکری خوێن نزمتر لە ئاستی ئاسایی واتە کەمتر لە ٧٠ ملگم/دێسلیتر کە دەبێتە ئەگەری گۆڕانی هۆرمۆنی و کیمیایی لە لەشدا.
- گرفت لە گوێی ناوەوەدا، بەتایبەتی هەوکردن کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە سووڕانی دەوروبەر Vertigo.





# پێویستە ڕۆژانە چەند چەوری بخۆیت؟

ڕێنمایی خۆراکی بۆ بڕی ڕۆژانەی چەوری بە هەموو ژەمەکانەوە بریتییە لە ٢٠-٣٥٪ی کالۆری وەرگیراوی ڕۆژانە، بۆنموونە ئەگەر بڕی وزەی لە خۆراك وەرگیراوی ڕۆژانە ٢٠٠٠ کالۆری بێت، ئەوا پێویستە کە بڕی چەوریی ڕۆژانە ٤٥-٧٨ گرام بێت. لەمە گرنگتر هەڵبژاردنی جۆری چەورییە، بە مانایەکی دی پێویستە کە چەورییە تەندروستەکان واتە چەورییە ناتێرەکان Unsaturated زیاتر بخرێنە خۆراکی ڕۆژانە بەمەبستی ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن، هەروەها واباشترە کە ڕێژەی چەورییە تێرەکان Saturated کە بە چەورییە خراپەکان ناسراون لە خۆراکی ڕۆژانەدا لە ١٠٪ زیاتر نەبێت، واتە ٢٢ گرام. بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێنیان بەرزە، پێویستە کە ڕێژەی چەورییە تێرەکان لە خۆراکدا بۆ تەنیا ٦٪ واتە نزیکەی ١٢ گرام کەم بکرێتەوە. سەرچاوە خۆراکییەکانی چەورییە تێرەکان: گۆشتی سوور، بەرهەمە پڕ چەورییەکانی شیرەمەنی، کەرە، زەیتی گوێزی هیندی، ئایس کریم، کێك و بسکویت و هەویرکارییەکانی دیکە. سەرچاوە خۆراکییەکانی چەورییە ناتێرەکان: زەیتوون و زەیتی زەیتوون، ئاڤۆکادۆ و زەیتی ئاڤۆکادۆ، زەیت و کەرەی پاقلەی سودانی، زەیتە ڕووەکییەکانی وەکو زەیتی کانۆلا و گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە، ماسی بەتایبەتی سالمۆن و ماکرێل Mackerel، تۆو و کاکڵەکانی وەکو گوێز، باوی، کازو، تۆوی کونجی، پاقلەی سودانی. لە لایەکی دی پێویستە هەوڵ بدرێت کە خۆراکی ڕۆژانە هیچ ڕێژەیەك لە چەورییە هایدرۆجینکراوەکان لەخۆ نەگرێت، کە بە چەورییە نێوەندەکان Trans fats ناسراون و لە پیشەسازیی خۆراکدا دروست دەکرێن، کە بە خراپترین جۆری چەورییەکان هەژمار دەکرێن، چونکە هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خراپ و دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵی باش لە خوێندا، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات.



# ئایا زیاد خواردنی شەکر دەبێتە هۆی نەخۆشیی شەکرە؟

پسپۆڕان جەختیان کردووەتەوە کە شەکر نابێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری یەکەم (پشت بەستوو بە ئینسولین) کە تا ئێستا هۆکارە تەواوەکەی نەزانراوە و پەیوەندیی نییە بە خۆراک و ستایلی ژیانەوە، بەڵام پەیوەندییەکی ئاڵۆز هەیە لە نێوان زیاد خواردنی شەکر و تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەمدا، واتە کە جۆری خۆراک و ستایلی ژیان ڕۆڵیان لە تووشبووندا هەیە. زیاد خواردنی شەکرە زیادکراوەکان Added sugars بە توندی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات، کەچی شەکرە سرووشتییەکانی ناو سەوزە و میوەکان ئەم ئەگەرە زیاد ناکەن. زیاد خواردنی شەکرە زیادەکان ناڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات، واتە لە ڕێگەی زیابوونی کێشی لەشەوە کە ئەگەری تووشبوون بە شەکرە بەرزدەکاتەوە. هەروەها زیاد خواردنی شەکر و شیرینی ئەگەری زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر زیاد دەکات کە هۆکارە بۆ زیاد بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ئینسولین لە گلاندی پەنکریاسدا، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرگریی بەرانبەر بە ئینسولین Insulin resistance کە ئەگەری حاڵەتی پێش شەکرە Prediabetes و تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم بەرزدەکاتەوە. بە ڕای پسپۆڕان پێویستە کە بڕی ڕۆژانەی شەکرە زیادەکان بۆ کەسانی پێگەیشتوو هەرگیز لە ٣٠ گرام زیاتر نەبێت کە دەکاتە نزیکەی ٧ کەوچکی کوپ.

نۆرەی پەستی Anxiety attack بریتییە لە هەستکردنی توند بە نیگەرانی کە نەگاتە ئاستی تۆقین یان ترس، کەچی نۆرەی تۆقین Panic attack بریتییە لە کۆمەڵێك نیشانەی جەستەیی کە لە ئەنجامی ترسێکی کتوپڕدا ڕوو دەدەن، کە لەوانەیە بۆ ماوەی چەند خولەکێك تا چەند کاتژمێرێك بەردەوام بن. نۆرەی پەستی لە ئەنجامی هەر کار و بەسەرهاتێك کە ببێتە هۆی سترێس لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدات، هەندێك جاریش تووشبوون بە سترێس و نیگەرانی لە شتێکی نەخوازراو کە هێشتا ڕووی نەداوە. هۆکارە هاندەرەکان بۆ نۆرەی تۆقین و نۆرەی پەستی: نەخۆشیی گلاندی دەرەقی، نارێکیی لێدانەکانی دڵ، بوونی مەیلی خێزانی بۆ پەستی و نەخۆشیی



# مۆمبوونی جگەر چییە؟

مۆمبوونی جگەر Liver cirrhosis یەکێکە لە نەخۆشییە قورسەکانی جگەر، بریتییە لە بەرپشاڵبوونی خانەکانی جگەر کە دەبێتە جێگرەوەی خانە تەندروستەکان، سەرەنجام دەبێتە هۆی تێکدانی هاتووچۆی خوێن بۆ جگەر و لەدەستدانی فرمانەکانی. مۆمبوونی جگەر لە سەرەتادا بێ نیشانەیە، بە تێپەڕبوونی کات و سەختتربوونی حاڵەتەکە، نیشانەکان دەست پێدەکەن بە شێوەی: زەردوویی (زەردبوونی پێست و سپێنەی چاو)، تاریکبوونی ڕەنگی میز، خورشتی پێست، ئاوسانی سك و قاچەکان لە ئەنجامی کۆبوونەوەی شلە، هێڵنج و ڕشانەوە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، کەمبوونەوەی کێشی لەش، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، هەستکردن بە ناڕەحەتی یان ئازارێکی سووك لە بەشی ڕاست و سەرەوەی سکدا، ئازار و بێهێزبوونی ماسوولکەکان، هەروەها لەبیرکردنی شتەکان. هۆکارەکانی مۆمبوونی جگەر: زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە ئەلکهولییەکان، کێشی زیادی لەش کە دەبێتە ئەگەری زیادبوونی چەوریی جگەر، نەخۆشیی شەکرە، ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری C بەتایبەتی کە درێژخایەن بێت، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری B، گرفتەکانی ڕێڕەوەکانی زراو کە جگەر بە کیسی زراو دەبەستنەوە، بەتایبەتی تەسکبوونەوە یان گیرانی جۆگەکانی زراو کە وا دەکات شلەی زەرداو بۆ جگەر بگەڕێتەوە و هەوکردن پەیدا بکات، زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك بۆنموونە پاراسیتۆڵ یان هەندێك دەرمانی گیایی، زیادبوونی ڕێژەی کانزای ئاسن لە لەشدا Hemochromatosis، هەروەها پەککەوتنی دڵ.

# نۆرەی پەستی یان نۆرەی تۆقین؟



دەروونیی دیکە، زیاد ڕووبەڕووبوونەوەی ستریس و ڕووداوی نێگەتیڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا جا دەستکرد بن یان سرووشتی، هەروەها ڕووداوی نەرێنیی گەورە لە تەمەنی منداڵیدا. نیشانەکانی نۆرەی تۆقین: ئازار یان هەستکردن بە ناڕەحەتیی لە سینگدا، هەستکردن بە سەرما (لەرز Chills) یان گەرمبوونی لەش، تەزین یان سڕبوونی دەست وپێیەکان، سەرسووڕان، زیاد ئارەقەکردن، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، خێرابوونی هەناسە، هەستکردن بە بێهێزی و هیلاکیی جەستەیی، هێڵنج، هەستکردن بە (ناواقیعیی شتەکان) یان هەستی هاوشێوەی خەون، هەروەها لەرزینی لەش. نیشانەکانی نۆرەی پەستی: گرفت لە تەکیزکردندا، سەرئێشە و ئازار لە بەشی جیاوازی لەشدا، بەتایبەتی گەدە و ماسوولکەکان، تێکچوونی کوالێتیی خەو بەتایبەتی گرفت لە چوونە خەو یان بەردەوامبوون لە خەودا، ناڕەحەتیی گەدە، هەناسەڕاوکێ، هەستکردن بە ماندووبوون، گرفت لە کۆنترۆڵکردنی هەستکردن بە نیگەرانی، ئارەقەکردن، دڵەکوتێ. هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی نۆرەی پەستی و نۆرەی تۆقین: چارەسەری دەروونی Psychothera-py، دەرمانی دژەپەستی و دژەخەمۆکی.




# ڕۆبۆتی چاودێریی گیاندارانی ماڵەوە

ئێستا بەخێوکردنی سەگ و پشیلە تا ڕادەیەك بۆتە باو، بەتایبەتی پشیلە چونکە لەلایەنی ئاینییەوە ڕێپێدراوە و وەك سەگ نییە و جگە لەوەش بۆ بەخێوکردنی زەحمەتی کەمترە.

ڕۆبۆتی چاودێری جۆری hholove o sitter لە ڕاستیدا کامێرایەکی چاودێری گەڕۆکە لەگەڵ شوێنی خۆراکی پشیلە لە کاتی دیاریکراودا خواردن دەداتە پشیلە، هەروەها بەهۆی لەیزەرێکی تایبەت یاری لەگەڵ پشیلە دەکات.

کامێرایەکی بەهێزی هەیە بە وردی جوڵەکانی پشیلە تۆمار دەکات و هەروەها ئەگەر بۆ یەکێك لە ژوورە تایبەتەکان ڕۆیشت، دوای دەکەوێت. بەخێوکەری پشیلە دەتوانی لە ڕێگای دوورەوە چاودێری پشیلەکەی بکات و بەدەنگ فەرمانی پێبکات. شوێنی هەڵگرتنی دوو لیتر و نیو خۆراکی هەیە و دەتوانی کاتەکانی ژەمی خواردنەکەی دیاری بکەی و لەکاتی گونجاودا خواردن دەدات بە پشیلە. لەگەڵ ئینتەرنێتی ماڵەوە پەیوەند دەدرێت و بەردەوام لە ژێر چاودێری بەکارهێنەرکەیدا دەبێت.




# کیبۆردێک

کیبۆرد، دەروازەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە. کیبۆردەکان هەر ستایل و دیزاینێکیان هەبێ و تایبەتمەندییەکانیان جیاواز بێ، تەنیا یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەویش بەهۆی دوگمەکانیان دەتوانن فەرمانەکانی بەکارهێنەر بۆ کۆمپیوتەر بگوازنەوە.

کیبۆردی جۆری Flux کیبۆردێکی ناوازەیە، لە شاشەیەك یا بە واتایەکی دیکە لە پارچە شوشەیەك پێکهاتووە. دوگمەکانی لەمسین و بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی شێوازی هێمای سەر دوگمەکان بگۆڕێت. دەتوانێت

# پایسکل و زیرەکیی دەستکرد




زیرەکیی دەستکرد هەموو شتێك لە ژیان دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆپێکردن بە هەموو ئامێرەکانییەوە. پایسکل یا (دوچەرخە) تەندروستترین ئامێری گواستنەوە و هاتوچۆیە. لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی پایسکل، پایسکلێکی بەرهەمهێناوە پاڵپشتی لە زیرەکیی دەستکرد دەکا.

پایسکلی urtopia e-bike یەکەم پاسیکلە لە جیهاندا پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکا. پایسکلەکە وزەی خۆی لە باتری وەردەگرێ و هەم دەکرێت بە پێدان کاری پێبکرێت. لە نێوان سوکانەکەیدا شاشەیەك هەیە پەیوەندی بە زیرەکیی دەستکردەوە هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت پرسیارەکانی خۆی لێبکات، وەك: کاتێك پایکسلەکەم پەنجەر بوو چ بکەم؟ یا تا ئێستا چەندە ڕۆیشتووم و چەندم ماوە بۆ شوێنی مەبەست، هەروەها ڕێژەی سووتانی وزە و دەیان پرسیاری دیکە. دەکرێت بەکارهێنەر داوای گۆرانی و مۆسیقای دڵخوازی خۆی لێبکات. کێشی پایکسلەکە ٣٥ پاوندە. خێراییەکەی ٢٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. دوو باتری لەگەڵدایە دەتوانرێت هەتا چوار کاتژێر پێی بڕۆی.

# بچووک بەڵام بەهێز




هەتا دێت ئامرازەکان بەتایبەت ئامرازە ئەلکترۆنییەکان بەرەو میناتۆری واتە وردیلەیی دەچن. بۆ نموونە کۆمپیوتەر کە پێشووتر هەم قەبارە و هەم کێشیان گەورە بوو، ئێستا وایلێهاتووە کۆمپیوتەر بەقەد مۆبایلێك بەرهەم دێت و هەمان کارایی کۆمپیوتەرەکانی پێشووشی هەیە.

کۆمپیوتەری بچووکی khadas mind کۆمپیوتەرێکی ماژۆڵارە، واتە پارچەکانی لە پاڵ یەکدەخرێنەوە. یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری ئەنتەڵە و core i7ە. خێراییەکەی ٥ گیگا هێرتزە. کێشی تەنیا ٤٥٠ گرامە. کارتی گرافیکی بەهێزە و پشتیوانی لە 4K دەکات. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و میمۆرییەکەی لە جۆری SSDیە و ٥١٢ گیگابایتە. گشت کەلێن و پۆرت و شوێنەکانی تایبەت بە کێبڵ و پەیوەندییەکانی تێدایە. وای-فای ٦ و بلوتوسی ٥ی لەسەرە.




## ـــــــی شووشەیی

دوگمەکان بکاتە پیت یا هێما یا ئیمۆجی یا کۆمەڵێك فەرمان.

شاشەی کیبۆردەکە سەرووی فوول ئیچ دییە، بەکارهێنەر دەتوانێت لەسەر کیبۆردەکە فیلمیش نیشان بدات یا وێنەیەکی دڵخوازی خۆی جێگیر بکات. میمۆری کیبۆردەکە ٨ گیگابایتە و بۆ گۆڕینی فەرمانەکان پێویست بە کۆمپیوتەر ناکات و هەر لە خودی کیبۆردەکە دەگۆڕدرێن.



# مۆبایلێکی ناوازەی سامسۆنگ




لەم ماوەیەدا سامسۆنگ مۆبایلێکی ناوازەی بەرهەم هێنا، مۆبایلێك لە شێوەی بازنەیەکی گەورە دەچێت، دیزاینێکی ناوازەی هەیە و زۆرتر وەك ئامێری پێوانی زەختی خوێن دەچێت. مۆبایلی جۆری Cling Band دەنووشتێتەوەو دەبێتە بازنەیەکی دانەخراو. شاشەکەی لە جۆری شاشەیەکی نەرم دەچێت و دەکرێت هەم وەك کاتژمێر و هەم وەك مۆبایل سوودی لێوەربگیردرێت. لە پشتەوەی مۆبایلەکە جگە کامێرا و هەستەوەری لێدانی دڵی داندراوە. کاتێك وەك مۆبایل سوودی لێوەردەگیردرێت هەستەوەری لێدانی دڵ کار ناکات. بەهۆی گەورەیی مۆبایلەکە ڕەنگە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرێت.

تایبەتمەندییەکی گرنگی مۆبایلی ناوبراو ئەوەیە خزمەتگوزاری Flex Magic Pixel لەسەر داندراوە، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنەر کاتێك لە لای کەسێك دادەنیشێت تەنیا خۆی شاشەکەی ببینێ و کەسانی دیکەی نەیبینن..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**مۆبایلەکەم بەبێ ئەوەی دەستی لێبدەم لە خۆیەوە دەچێتە سەر پرۆگرامەکان، یان شت دەنووسێت، من هاککراوم یا کێشەیەکی دیکەیە؟**

خوێنەری بەڕێز بە ئەگەرێکی زۆرەوە پەیوەندی بە هاککردنەوە نییە، بەڵکو دەبێت مۆبایلەکەت تەڕ بوو، یا لە تەنێکی ئاسنی کەوتبێتە ناویەوە و بەشی لەمسی مۆبایلەکە شۆرت بکات. لەسەرەتادا باترییەکەی دەربێنە، ئەگەر باترییەکەی دەرنایەت بۆ ماوەیەکی زۆر لێیگەڕێ با وشك بێتەوە. ئەگەر هاککرابێت ئەوە دەبێت بزانیت ئایا پەیامی تایبەت لە مۆبایلەکەتەوە بۆ کەسێکی دیکە ڕۆیشتووە، یا سەرنج بدە ئایا ئەو شوێنانە دەکرێنەوە بە زانیارییەوە دەکرێنەوە یا لە گۆترە دەکرێنەوە.

# مینی تاکی واکی بۆ پەیوەندییە نزیکەکان




بێتەلەکانی تاکی واکی walkie talkie ئەو بێتەلە بچووکانەن لە مەودایەکی کەم و سنووردار‌دا دەتوانن پەیوەندیی لەنێوان دوو کەس یا چەند کەس دامەزرێنن.. بەڵام ئەو بێتەڵانە بۆ گەشت و گەڕان هەڵگرتنیان تا ڕادەیەك دژوارە. ئێستا هەر لەو جۆرە بێتەڵە بچووکەکە بەناوی VOX بەرهەم هاتووە. مەودای پەیوەندییەکەی نزیکەی کیلۆمەترێکە. سیستەمی پەیوەندییەکەی لە ڕێگای بلوتوس ٥,٢یەوە. بۆ گەشت و گەڕان بەتایبەتی بۆ چیا و دارستان کە پەیوەندیی مۆبایل نامێنێت و تۆڕی مۆبایل دەکەوێتە دەرەوەی بازنە، لەو کاتەدا سوودی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشی زۆر کەمە تەنیا ٥٧ گرام. دەتوانرێت هەتا ٧ کەس پێکەوە پەیوەندییان هەبێت. دوگمەی حاڵەتی نائاسایی تێدایە و ئەگەر بەکارهێنەرەکەی کەوتە خوار یا تووشی مەترسییەك بوو، دوگمەی نائاسایی دادەگرێت و ئاگاداری هەموو لایەنەکان دەکاتەوە.



## فێنککەرەوەیەک کە دەخرێتە ملەوە



لە ژێر سێبەری تەکنەلۆژیای نوێ، گەرما و سەرمای تاقەتپرۆکینیش بە چۆك دادێن! ئامێری تەکنەلۆژی زۆر بە نرخ بەرهەم هاتوون، بۆ دروستکردنی کەشێکی فێنك. وەك ئەو ئامێرەی کە لەوێنەدا دەیبینن. لێتان تێکنەچێ ئەوە هیدفۆن نییە، بەڵکو سپلیتێکە لە مل دەکرێت.

ئامێری AICE 3 لە گەرمای تاقەتپروکێندا بەکارهێنەرکەی فێنك دەکاتەوە. فێنککەرەوە هاوشێوەی پانکە نییە بەهۆی سوورانەوە فێنکایی بێنت، بەڵکو وەك سپلێت وایە و غازی تێدایە. لە یەك چرکەدا خاوەنەکەی فێنك دەکاتەوە. بەهۆی باترییەکەی ٧٠٠٠ میلی ئەمپێری ڕۆژێکی تەواو شەحنی دانابەزێت. شاشەیەکی لەمسی ٢ ئینجی هەیە.



## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ بێژەری

حەزدەکەی ئەو بابەتانەی لە سۆشیال میدیا بە ڤیدیۆ بڵاویان دەکەیەوە، بە دەنگی تۆ و شێوەی دەربڕینی تۆ، بەڵام بە روخساری بێژەرێکی ناسراو بڵاوبکرێنەوە. بە واتایەکی دیکە حەز دەکەی یەکێکی ناسراو لەبری تۆ بابەتەکان بخوێنێتەوە؟ لە جیهانی زیرەکیی دەستکرددا ئەمە زۆر ئاسانە.

لەسەرەتادا پێویستە سەر لە ماڵپەڕی liveportrait.app بدەی. لەو ماڵپەڕەدا پاش ئەوەی هەژماری تایبەت بە خۆت کردەوە، بەشێك هەیە کە وێنەی کەسایەتییەکە هەڵدەبژێری و دواتر لە بەشی دووەمدا ڤیدیۆی مەبەستی خۆت دادەنێی و بە داگرتنی دوگمەی animate فیلمێك دروست دەبێت بەو کەسایەتییەی دیاریت کردووە.

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامە تێکدەرەکان

لە کۆمپیوتەردا هەر ڤایرۆس نییە کە کێشە بۆ کۆمپیوتەر و سیستەم پێکدێنێت، بەڵکو پرۆگرامی تێکدەر هەن کە ئەنتی ڤایرۆسەکان نایانناسن و وەك پرۆگرامێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن! بەڵام لەراستیدا ئەو پرۆگرامانە لە ڤایرۆس زیاتر زیان بە کۆمپیوتەر دەگەیەنن. بۆ سڕینەوەی ئەو پرۆگرامانە پێویستە پرۆگرامی تایبەت دابندرێ. یەکێك لەو پرۆگرامە تایبەتانە پرۆگرامی Microsoft Malicious Software Removal Tool کە لەلایەن خودی مایکرۆسۆفتەوە پێشنیار کراوە.

پرۆگرامەکە گشت پرۆگرامێکی تێکدەر دەسڕێتەوە و پاش ئەوە راپۆرتێك لەسەر چۆنییەتی پرۆگرامە تێکدەرەکان نیشان دەدات.



مایکرۆسۆفت پێشنیار دەکات ئەگەر کۆمپیوتەرەکەتان هیچ کێشەیەکشی نەبێت هەر ئەو پرۆگرامە دابەزێنن، شوێنی ئانتی ڤایرۆس ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوکەری ئانتی ڤایرۆسە. پرۆگرامەکە ئەو پرۆگرامانەش دەسڕێتەوە کە بە دژواری دەسڕدرێنەوە.

# ڕێگەکانی بەکارهێنانی بۆن لە وەرزی هاویندا

**بەکارهێنانی ڤازلین:** ڤازلین پێکهاتەی کاریگەری تێدایە کە ئاسانکاری بۆ بۆنەکەت دەکات لەسەر پێستت، بڕێکی کەم لە ڤازلین بدە لەو شوێنانەی کە دەتەوێت بۆنی لێ بدەیت، دوای ئەوە ڕێگەی پێدە بە باشی بچێتە ناو پێستتەوە، دواتر بۆنەکەی لێ بدە بەم جۆرە بۆماوەی زیاتر دەمێنێتەوە.

**بۆن لە شوێنە جیاوازەکانی جەستەت بدە:** زانراوە کە هەندێك شوێنی جەستە بۆ ماوەیەکی زیاتر بۆن دەهێڵێتەوە و بە ئاسانی هەڵیدەمژێت، وەك لا مل، پشت گوێچکە، سنگ، یان ژێر ئەژنۆکانت. ئەم شوێنانە یارمەتیدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی بۆن بەسەر جەستەدا، هەروەها وا دەکات بۆنەکەت بۆ چەندین کاتژمێر بەردەوام بێت.

**فڵچە وشانەی قژت بۆندار بکە:** کەمێك بۆن لەسەر فڵچە یان شانەی قژت بپرژێنە، هەروەها دەتوانیت جلەکانت بۆندار بکەیت، تەنیا ئاوریشم، کشمیر، یان سپی نەبێت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی پەڵە. هاوکات بۆن لە سەرپۆشەکەت بدە، بە دڵنیاییەوە چێژ لە بۆنێکی درێژخایەنی عەتر وەردەگریت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**





## هەندێک پێکهاتەی کاریگەر بۆ لابردنی پەڵەی مەرەکەب لەسەر جلوبەرگ

- شیر: قاپێك پڕ بکە لە شیری تەڕ و پارچە جلە پەڵە گرتووەکەی بۆ ماوەی شەوێك تێدا بەجێ بهێڵە، ڕۆژی دواتر پارچە جلەکە بە بەکارهێنانی پاککەرەوەی گونجاو بشۆ.
- سرکە و نیشاستەی گەنمەشامی: پەڵەی سەر جلەکە بە سرکە تەڕ بکە، پاشان نیشاستەی لەسەر بپرژێنە، بە پەنجەکانت تێکەڵی بکە بۆ ئەوەی هەویرێك دروست بکات، هەویرەکە بەجێ بهێڵە تا وشك دەبێتەوە، پاشان دەریبهێنە و پارچە جلەکە بەباشی پاکبکەرەوە.
- ئاوی لیمۆ و سرکە: بڕی یەکسان ئاوی لیمۆ و سرکە تێکەڵ بکە، تێکەڵەکە کاریگەرە لە شاردنەوەی شوێنەواری ڕەنگ لەسەر ئەو پارچە جلەی کە پەڵەی بەرکەوتووە.
- هەویری ددان: بڕێکی کەم هەویر بخەرە سەر ئەو شوێنەی کە پەڵەی مەرەکەبی لەسەرە، هەویرەکە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك بەجێ بهێڵە، بۆ ئەوەی پارچە جلەکە بە باشی خاوێن ببێتەوە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبیتەوە لەوەی پەڵەکە نەماوە.





# بەکارهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی جێڵی ئالۆڤێرا بۆ جوانکاریی پێست و قژ

**بەرگریکردن لە گرژبوونی قژ:** ئەگەر قژت لوول بووە و دەتەوێت شێداری بکەیت، پێویستە ماسکی جێڵی ئالۆڤێرا لەگەڵ ئەڤۆگادۆ بەکار بهێنیت بۆ شێدارکردنی، چونکە ئالۆڤێرا نەرمی و بریقەداریی قژ زیاد دەکات. تەنیا پێویستە ئەڤۆگادۆ و ئالۆڤێرا بە باشی بەیەکەوە تێکەڵ بکرێت، تێکەڵەکە بدرێت لە قژی تەڕ، پاشان دوای ٣٠ خولەك قژەکە بە باشی بشۆردرێت.

**لابردنی قڵیشی دەست و پێ:** جێڵی ئالۆڤێرا بەهۆی دەوڵەمەندی بە شێدارکەرەوەی سرووشتی چارەسەری قڵیشاویی پێستی دەست و قاچ دەکات و نەرمییەکی سەرسوڕهێنەر بە پێست دەدات.

**لابەری سرووشتیی ماکیاژ:** ئەگەر پێستی دەوروبەری چاو تووشی هەوکردن و سووربوونەوە ببێت، دەتوانیت ماکیاژی چاو لاببەیت بە تێکەڵکردنی زەیتی گوێزی هیندی و جێڵی ئالۆڤێرا. پاشان بە پارچەیەك لۆکە زەیتەکە بدە لە برژانگەکانت و دەوری چاوەکانت بۆ لابردنی شوێنەواری ماکیاژ.





# مێژووی ئوتۆمبێلی کارەبایی

ئوتۆمبێلە کارەباییەکان، ئەوانەی بە پاتری کار دەکەن، تەزووی پاترییەکە دەکرێتە کارەبای AC و پاشان مۆتۆرە زەبەلاحەکان ئوتۆمبێلەکان بە جووڵە دەخەن، کە لە ئێستادا لە پەرەسەندندایە، بەڵام یەکەم بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی کارەبایی لە ساڵی ١٨٨٤ بوو و لە ساڵی ١٩٠٠ سێیەکی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەرهەم هێنراون کارەبایی بوون، بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی کارەبایی لە ساڵی ١٩٢٠ وەستا دوای ناساندنی بزوێنەری فۆرد کە بزوێنەری بەنزین بوو لە لایان هێنری فۆردەوە دروست کرا، کە (فێبێنەید بروچێت) یەکەم ئۆتۆمبێلی کارەبایی دووڕەگی بەرهەم هێنا لە ساڵی ١٨٩٨ هەروەها کۆمپانیای مرسیدسی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٠٦ ئۆتۆمبیلێکی کارەبایی بەرهەم هێنا، هەروەها کە یە کەم بارهەڵگری کارەبایی لە ساڵی ١٩١٧ لە ئینگلتەرا بەرهەم هێنرا.



# نمایش و پێشبڕکێی وێنەکیشان لە کوردستان





بۆ یەکەمین جار لە هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ وێنەکێشی شاری هەولێر، بە ڕاستەوخۆ کێبڕکێی کێشانی وێنەیەکی ژینگەی کوردستان ئەنجام درا، پێشبڕکێیەکە لە سەنتەری فاملی مۆڵ لە هەولێر بەڕێوە چوو، کە زیاتر خانمان بوون، خاتوون و کوڕە گەنجەکان بەمەبەستی وێنەکێشانی جوانترین دیمەنی سرووشتی لە کەشێکی ئارامدا و بە گۆرانییە خۆش و فۆلکلۆرییەکانی هونەرمەند فەرهەنگ غەفوور، چەندین تابلۆی ناوازەیان کێشا، ئەم پێشبڕکێیە بۆ هاندانی هونەرمەند و وێنەکێشانە، وێڕای ئەوەی کەسانی وێنەکێش بەشدارییان کردبوو، هەروەها خەڵکی ئاسایی بۆی هەبوو وێنە بکێشێت، خەڵاتەکانیش بۆ (١٠) کەس بوون، خەڵاتی یەکەم (١) ملیۆن دینار، خەڵاتی دووەم (٥٠٠) هەزار و دواتر خەڵاتەکان کەمتر دەبنەوە، تابلۆکانیش کە تەواو دەبن، ١٠ تابلۆیان لە نێو فاملی مۆڵ نمایش دەکرێن، لە نێو بەشداربوواندا منداڵانیشی تیایدا بوو کە (٧) ساڵان بوون، پیشانگاکە بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بەردەوام بوو.



# سەختترین و دژوارترین شوێن لەسەر زەویدا

ئەنتارکتیکا باشووری گۆی زەوی سەختترین شوێنی زەوییە، هەرکەسێك هەوڵی چوونە ناوەوەی بدات، دەبێت ڕووبەڕووی بای بەهێز و زریان و پلەی گەرمی بەستوو و پلەی گەرمی سارد ببێتەوە کە بۆ مرۆڤ کوشندە دەبێت. نە ژیان و نە ئاژەڵ و نە دار. تەنیا سەهۆڵ و تاریکی تا ئەو شوێنەی چاو دەیبینێت، ئەو







# ترسناکترین کتێب



کتێبی (عەزیف) یان (نەکرنۆمیکۆن) بە ترسانکترین کتێب دادەنرێت بەهۆی ئەوەی بەرگی دەرەوەی لە پێستی مردووەکان دروست کراوە و ٩٠٠ لاپەڕەی تەلیسمی نامۆی تێدایە، کە نووسەرەکانیان ئیدیعای زمانی جنۆکەیان کردووە، جگە لە بوونی وێنەی ترسناك کە دەگوترێت کە لە جن جادوو دەکرێن، هەروەها شێوازی ئامادەکردنی مردووەکان بە جادووگەری سیحراوی لەخۆدەگرێت. سەیر لەوەدایە کە کتێبی ئەلعەزیف بەستراوەتەوە بە کتێبی شەمس المەعاریفەوە لەلایەن نووسەر (ئەحمەد البونی ) کە کتێبەکەی بە ئەستێرەناسی و سیحر ناسرابوو، بۆیە بەستوویانەتەوە بە کتێبی شەمس المەعاریفەوە، چونکە چەند جادوویەکی لەخۆگرتووە هاوشێوەی ئەوە، بۆیە زۆرێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەمس المەعاریف ئەلعەزیفە، بەڵام ئەمە ڕەت کرایەوە. نهێنییەکانی کتێبی ئەلعەزیف هێشتا هەموو کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە چونکە کار لە مێشك و دەروون بیر و ڕای مرۆڤ دەکات، بەڵام هەندێك کەس دەیخوێننەوەو کاری پێ دەکەن.

گەڕانە دەڵێن کە هەوڵیان دا دیوارەکە ببڕن، ئەو دیوارەی کە جەماعەتی زەوی تەختە ! پێیان وایە زەوی بە دیوارێك دەورە دراوە خۆی لە ڕاستیدا دیواری سەهۆڵین و بەرزە! کە مرۆڤ لە وەرزی هاوینە چوونەتە سەری، بەڵام بەهۆی گەورەیی و ساردی شوێنەکەوە ناتوانن زیاتر برۆن چونکە هیچ پەیوەندیەك نامێنێ، ئەنتارکتیکا گەورەترین کۆگای سەهۆڵینە لەسەر زەوی. ئەم کیشوەرە ١٤,٢ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە

ئەگەر سەهۆڵەکەی بتوێتەوە، ئاستی دەریاکانی جیهان نزیکەی ٦-٩ مەتر بەرز دەبێتەوە چەندە وڵاتی وەك هۆڵەندا ژێر ئاو دەکەون و چەندین دورگە بوونی نامێنێ، ساردترین و سەخترین و بەرزترین کیشوەرە لەسەر زەوی. تەنانەت سیستەمی نێودەوڵەتی گەشتی ئاسمانی و دەریایی قەدەغە دەکات، چونکە یەکێکە لەو شوێنانەی زەوی کە مەحاڵە بچێتە ژوورەوە و لێی دەربچێت بە ئاسانی.





## چێشتخانەی ناو دەمی نەهەنگ

ماسیی ڕێمۆرا، یەکێکە لەو ماسییە ژیرانەی کە دەتوانن بە ئاسانی خواردن لە دەمی نەهەنگەکانەوە بەدەست بهێنن، دوای ئەوەی دەزانن نەهەنگەکان خواردن دەخۆن، ئەوانیش دەچنە ناو دەمیان و لەوێ دەمێننەوە، ئەمە وێنەی نێو دەمی نەهەنگێکە کە کۆمەڵێك ماسیی ڕێمۆرای لە دەمی خۆیدا هەڵگرتووە، دوای ئەوەی نەهەنگەکان ژەمێکیان دەست دەکەوێت، ئەو خواردنەی کە دەمێنێتەوە و لە دەمیاندا گیر دەخوات، لێرەدا ماسی ڕیمۆرا دێت و ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو دەمی نەهەنگەکەوە و لە هەر پاشماوەیەکی خۆراکی گیربوو پاکی دەکاتەوە، ئەوەی سەیرە نەهەنگەکان زۆر ئارام دەمێننەوە و هەموو جارێك ڕێگەیان پێدەدەن بە سەلامەتی بچنە ژوورەوە و دەربچن!

## یاسا



**ڕەق و ورووژاندن**

وشەی ئیستفزازکردن بە واتای ورووژاندن و ڕقهەڵساندنی کەسی بەرامبەر دێت، بەگوێرەی یاسای سزاکانی عێراقی و یاسا جەزائییەکانی دیکە، ئیسفزازکردنی کەسی بەرامبەر بە تاوان ئەژمار نەکراوە، بەڵام کاتێك یەکێك کەسی بەرامبەری ئیستفزاز دەکات و بەهۆی ئەم ئیستفزازەوە کەسی بەرامبەر کردارێك بەرامبەری ئەنجام دەدات، کە تاوان بهێنێتە ئاراوە، ئەوا لە کاتی حوکمدان بە سەپاندنی سزا لە دژی لەلایەن دادگا ئەم ئیسفزازکردنە بۆ کەسی تاوانکار دەبێتە بیانوی سوککەر (عذر مخفف)، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو ئیستفزازکردنەکە گەیشتە قاڵبی ترسناکی و لە هەمان کاتیشدا ناڕەوا بێت بەرامبەر کەسی تاوانکار، هەروەك لە مادە (١٢٨) بڕگەی یەکەمی یاسای سزاکاندا هاتووە بیانوەکان یان لێخۆشبوون یان سوککەرن لە سزا، بیانوو نییە تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دیارییان دەکات. جیا لەم حاڵەتانە ئەنجامدانی تاوان بە بیانووی سوککەر دادەنرێت لەبەر پاڵنەرەکانی شکۆمەندی یان لەبەر ورووژاندنی مەترسیدار لەلایەن تاوانلێکراو بە ناڕەوا.



## کاریکاتێر

یەکێکە لە دیاردەکانی ئێستایە، کە زۆربەی تاکەکان هەوڵ دەدەن ماڵ و شوێن و کەسایەتیی یەکتر پیس و خراپ بکەن، کەچی نازانن لە پشتیانەوە کەسانی دیکەش هەمان ئامانجیان هەیە.



## دیمەنە سەیرەکان

**بەردی کورچیلە**

ئەمە بەردی گورچیلەیە لە ژێر مایکرۆسکۆپدا، کە ئەو بەردانە ئازارێکی وا بە نەخۆش دەدات وێنەی نییە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتێك ڕووبەڕووی هەندێك بەربەست دەبیتەوە لە کارەکەتدا هەوڵ بدە لەگەڵ کێشەکاندا زۆر دادپەروەرانە ڕەفتار بکەیت، مانەوە و گرنگیدان بە خۆشەویستەکەت دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەی بکەیت، بایەخدان بە تەندروستیت گرنگە لە لایەنی دەروونییەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ئێستادا کەشێکی باش دروست بووە لەگەڵ هاوپیشەکانتدا و هەوڵ بدە زیاتر یەکگرتووبە و پەیوەندییەکی باشتر دروست بکە، مامەڵە و ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی باش لەگەڵ کەسانی چواردەورت بە نەرمونیانی لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت لەسەر ژیانت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەیت لە کارەکەتدا، ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی بەربەستەکان تێپەڕێنیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، بەهۆی لێکتێگەیشتن و متمانەی نێوانتان پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باش دەبێت، پەستانی زۆر لەسەر دەروونت بەهۆی کارەکەتەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیت دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەهۆی تاقیکردنەوەکانی خۆتەوە ئاستی زانیاریت بەرز بووەتەوە و ئێستا باشتر لە جاران دەتوانیت کارەکانت تێپەڕێنیت، متمانەی زۆر بە خۆشەویستەکەت دەبێتە هۆکارێك بۆ باشبوونی پەیوەندیی سۆزداریتان و هەنگاوی نوێ، هەرگیز ڕێگەمەدە خەمێك وزە و تواناکانت لەدەست بدات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی ماددی و مەعنەویەوە لە ماوەیەکی نزیکدا گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو دەدات لە کارەکەتدا، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە کەسێکی نوێ بناسیت و لەگەڵیدا پەیوەندی دروست بکەیت، بەڵام خۆت لە تووڕەیی ڕزگار بکە لەپێناو پاراستنی کەسایەتیت و گوێ بۆ میوزیکی هێمن بگرە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستت بە ڕاستکردنەوەی هەندێك کار هەیە لە لایەنی پیشەییەوە، بۆ ئەوەی گومانی ناو دڵت بڕەوێتەوە، ئەگەر کەسێك لە ژیانت نەبێت پەیوەندیی سۆزداریی نوێ دێتە ژیانتەوە و سەرکەتو دەبیت، ژیان قورسە و پەستانی لەسەر دەروونت دروست کردووە، بەڵام تۆ لەوە بەهێزتری.

بۆ زانیاریت

# یادگەی مێشکی مرۆڤ



دوو جۆرەکەی یادگە(درێژخایەن و کورتخایەن):-

١- یادەوەری کورتخایەن : short term memory:-

کە پێی دەوترێت بیرەوەری کارکردن، لە بەشی یان تۆێکڵی پێشەوە ڕوو دەدات، نزیکەی یەک خولەک زانیاری هەڵدەگرێت و توانای سنووردارە، بۆ نموونە توانات پێدەدات ژمارە تەلەفۆنێك کە کەسێك تازە پێی گوتوویت لەبیرت بمێنێت. هەروەها لە کاتی خوێندنەوەدا دەستوەردان دەکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕستەیەی تازە خوێندووتەتەوە لەبیرت بێت، بۆ ئەوەی ڕستەی داهاتوو مانای هەبێت و لێت تێك نەچێت.

٢- یادەوەریی درێژخایەن : Long term memory:-

بیرەوەریی درێژخایەن لە هیپۆکامپەسدا پرۆسێس دەکرێت، کاتێك دەتەوێت شتێك بۆ ماوەیەکی زیاتر لە یادگەتدا بهێڵیتەوە چالاك دەبێت، ئەم بیرگەیە توانای ناوەڕۆك و ماوەی هێشتنەوەی بێسنووری هەیە، یادەوەریی کەسی و هەروەها زانیاری و چەندین شتی تری تێدایە.

## فیلم

# دابەشکردنی خۆشەویستی - Love, Divided




دابەشکردنی خۆشەویستی - Love، Divided فیلمێکی کۆمێدی و ڕۆمانسییە، باس لە کچە پیانۆژەنێك دەکات کە خۆی بۆ نمایشێك ئامادە دەکات، لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستەکەی کە داهێنەری گەیمەکانە، تەنیا ئەویش دەتوانێت ئەرکی کچە خۆشەویستەکەی بە نهێنی و بێدەنگی جێبەجێ بکات، دوای ئەوەی ڕێك دەکەون کە دیوارێکی ئەستووری کاغز لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، بەبێ نزیك بوونەوە لە یەکتر کارەکانیان تەواو دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٨) خولەکە، لە مانگی چواری ئەمساڵ فیلمەکە بەرهەم هێنراوە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی پاتریشیا فۆنت، نووسینی ئەرناو باتلەر، لە نواندنی: ئیتانا، فێرناندۆ گوالەر، میگویل ئەنجل، پاکۆ تاوس.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

یارمەتیی هاوپیشەکانت بدە بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کارەکەتان بووەتەوە چارەسەری بکەن، باشترە پلانێك دابنێیت بۆ داهاتوو، ڕابردوو لەبیر بکە لە لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە، واز لە گفتوگۆی توند بهێنە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سەرکەوتنی پیشەیی هەنگاوی یەکەمە لەپێناو سەرکەوتن و داهاتووی ژیانی خۆت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باشتر دەبێت، مامەڵەت بە شێوەیەکی نەرم و کراوە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت، تەندروستیت گونجاوە و پێویستە گرنگی بە خواردنی تەندروست و یەکسان بدەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەرك و بەرپرسیارییەتیی نوێ دەکەوێتە سەرشانت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، هەوڵ بدە لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕاستییەکان ببینە و باوەڕ بە هەر شتێك مەکە کە دەیبیستیت، ڕاهێنانی وەرزشی باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەستانی کارەکەت کەم بێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دروستکردن پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هاوپیشەکانت کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت و دەرگای نوێت بۆ دەکرێتەوە، لە ئێستادا پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باشە و هەست بە ئاسوودەی و ئارامی دەکەیت، سیستمی خۆراکیت دەبێت یەکسان بێت لەپێناو پاراستنی تەندروستیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چارەسەری زۆرێك لە کێشەکان دەکەیت کە ماوەیەکی زۆرە ڕووبەڕووی پیشەکەت بووەتەوە، ئاگاداربە ڕەنگە کەسانێك هەوڵی تێکدانی پەیوەندیی سۆزداریت بدەن و بڕوا بە هەموو شتێك مەکە و خۆت بەدوور بگرە لە هەر شتێك کە تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، تەندروستیت فەرامۆش مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

توانا و هێزی تۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە کارەکەت و سەرکەتوو دەبیت، باشتر بیر بکەیتەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ چارەسەری کێشەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، کەمێك پشوو بدە بۆ ئەوەی تەندروستیت تێك نەچێت.



## پەند و وتە

پیتەر فێردیناد دراکەر، نووسەری ئەمساوی و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٠٩ لە شاری ڤیەننا لە نەمسا لەدایك بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بڕیاردروستکاری سەرکەوتوو دەڵێت: «لە هەر شوێنێك ئالۆگۆڕێکی بازرگانیی سەرکەوتووت بینی، کە بە شێوەیەکی سیستامیك کاری دەکرد، بزانە کە دروستکار و بڕیاردەرێکی باش لەو شوێنە حوکم دەکات».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ ئافرەت و پیشیلەیەك هەن، هەوڵ دە بە زیرەکیی خۆت لە ماوەی یەك خولەکدا بزانیت کام یەك لەو ئافرەتانە خاوەنی پشیلەکەیە.




www.gulan-media.com

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly August 19, 2024 Issue,No.1426

